

# گوڵان

ساڵی بیست و هەشتەم (١٢٩٨)- (٢٠)ی کانوونی یەکەم ٢٠٢١

# رابەرێک

## لە نیوەشەویشدا گوێی لە هاواری گەلەکەیەتی




# www.gulan-media.com

www.gulan-media.com www.gulan-media.com www.gulan-media.com www.gulan-media.com www.gulan-media.com www.gulan-media.com

# چاپکراوی نوێ

چاپی یەکەمی کتێبی «بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان» نووسینی: «پرۆفیسۆر دکتۆر ئازاد نەقشبەندی» لە دووتوێی (٣٤١) لاپەڕەدا بڵاوکرایەوە. نووسەر لەم بەرهەمەیدا کە ٢١ـەمین کتێبی چاپکراویەتی، بە شێوەیەکی زانستییانە لە سێ باسدا تیشکی خستووەتە سەر پێناسەکردنی سەرچاوە ئاوییەکان و پۆلێنکردنیان، پێناسەکردنی بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان و ڕوونکردنەوەی چەمکی و هەروەها ئاوزێڵی ڕووبارەکان و بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە «هەرێمی کوردستان پێویستیی هەنوکەیی بە دارشتن و جێبەجێکردنی پلانی بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان هەیە، ئاماژە بەوەش دەکات، کە پێشبینی دەکرێت: «چۆن کورد لە گەمەی نەوتدا سووتا، لە گەمەی ئاودا بخنکێت.»

وێڕای پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە پرۆفیسۆر دکتۆر ئازاد نەقشبەندی بۆ بە چاپگەیاندنی ئەو بەرهەمە بەپێزەی لە قەوارەی کتێبێکدا، هیواداریین کاروانی دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی هەردەم بەردەوام و پڕبەرهەم بێت.






خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
رێبین ڕەمزی

بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

بەرگ:
لوقمان رەشیدی

وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com

**پ.د. شێرزاد نەجاڕ**



## لە پێناوی دیموکراتی، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و سەروەریی یاسادا ئێمە پێویستمان بە ڕیفۆرمیکی یاسایی مرۆیی هەیە

**مەسعود حەیدەر**



## کورد لە عێراقدا قەزییەی خاک و مافی دەستووریی هەیە و دەبێت دانوستان و گفتوگۆکانیش بەو ئاراستەیە بڕوات

**دکتۆر عەبدولحەکیم خەسرەو:**



## لە ئێستادا سەرقاڵی دووبارە پێداچوونەوەی هەیکەلی دامودەزگاکانی حکومەتین

**مەحما خەلیل:**



## پەکەکە رێگرە لە ئاساییبوونەوە و ئاوەدانکردنەوەی شنگال

دادوەر عەبدولکەریم ئەبوبەکر هەمەوەند:

## گەشبینم بە جددییەتی سەرۆکی هەرێم بۆ پشتگیریکردنی لە دەسەڵاتی دادوەری



## لاوان بۆساڵی تازەی ٢٠٢٢ دەخوازن گرنگی زیاتریان پێبدرێت و سوود لە تواناکانیان وەربگیرێت



هێرۆ جەمال:

## لە کوردستان تەنیا گرنگی بە تۆپی پێ ددرێت بۆیە باڵە پشتگوێ خراوە



## تێستی کۆڤید١٩ لە ماڵەوە




## راوتەرێکی تایبەت و ناوازە



ناتالیا:

## هونەرمەندە نەمرەکان کاریگەرییان لەسەر ئێمە هەبووە








# ڕابەرێک
# لە نیوەشەویشدا گوێی
# لە هاواری گەلەکەیەتی

ڕۆحی مستەفا بارزانی هەمیشە چاودێرە بە سەر مسعود بارزانی-یەوە، هەر بۆیە هاوشێوەی ئەو بە هەستیارییەوە دەنوێت و، لە خشپەی هەر مەترسییەك ڕادەچڵەکێت، کە ڕووبەڕووی میللەتەکەی دەبێتەوە، ترسی کۆی دامەزراوەکانی دەوڵەت لە هەرێمدا، لەم ڕاچڵەکینەی ڕابەر یەقینە، بۆیە چەند هەوڵ دەدەن، پێش ئەو بەخەبەر بن، لە توانایان بەدەرە، کاتێك زەنگی تەلەفۆنەکەی بارزانی ڕایاندەچڵەکێنێت، ئیدی دەزانن ئەوە ئینزاری دەرەجە (ج)ـە و ڕابەر پێش ئەوان بەخەبەرە، ئەوانیش ئیدی دەبێت بکەونە جووڵە و بچنە ئەو شوێنەی کە ڕابەر مەبەستێتی، کە ئەویش خزمەتکاریی خەڵکە لە ناو ئەو مەترسی و کارەساتانەی ڕووبەڕووی میللەت دەبێتەوە.

کارەسات سرووشتی بێت، یان تیرۆریستی و دەستدرێژکاری بۆ سەر میللەت، ڕووداوێکی ناخۆشە، بەڵام لە ناو ئەم کارەسات و مەینەتییەدا کاتێك هەستی خۆڕسکی دایکی شەهیدێکمان گوێ لێ دەبێت و، لە سەر تەرمی سێ کوڕە شەهیدەکەی دەڵێت: «نەك هەر شەهیدەکانم، بەڵکو کوڕەکانی دیکەشم بە قوربانی سەرۆك بارزانی بن»، ئەوا ئەو دایکە شەهیدە دەزانێت ڕابەر بەخەبەرە و، لە ناو ئەو کارەسات و نەهامەتییەدا ئیرادەی ڕابەر پەنجەرەی ئومێد و ڕووناکیی بۆ دەکاتەوە.

لە نیوەشەوی هەینی ڕابردووشدا کە لە ئاکامی بارانبارینێکی زۆر، لافاو چەند گەڕەکێکی هەولێری گرتەوە، خەڵکی هەولێر دەستیان بە تەقە کرد، بۆ ئەوەی ڕابەر بەخەبەر بێتەوە، ئەم متمانە گەورەیەی خەڵك و میللەت بە ئاگادارکردنەوەی ڕابەر لە جێی خۆیدا بوو، بۆیە هەر کە ڕابەر زانی خەڵك لە ناو کارەساتی لافاودایە و، پێویستیان بە هاریکاریی بەپەلەی دامودەزگانی پارێزگا هەیە، خۆی تەلەفۆنی بۆ پارێزگار کرد و ڕاستەوخۆ فەرمانی پێ کرد، هەرچییان لە دەست دێت، دەستبەجێ بکرێت، ئەم تەلەفۆنەی ڕابەر ئۆتۆماتیکی بووە ڕاگەیاندنی باری نائاسایی لەلایەن کۆی دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە و، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش ڕاستەوخۆ تەلەفۆنی بۆ پارێزگاری هەولێر کرد و، هەموو پشتیوانییەکی بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو بارودۆخە دەربڕی، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش وەك دەسەڵاتی جێبەجێکار و مەیدانی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەر کارەسات و ڕووداوێکدا، ڕاستەوخۆ بڕیاری کۆبوونەوەیەکی نائاسایی لە تەلاری پارێزگای هەولێر دا و، هەر لەو کۆبوونەوەیەدا چەندین بڕیاری گرنگی دەرکرد و، خۆیشی بە شەخسی چووە ناو خەڵکەکە و بەڵێنی پێدان، کە جیا لەوەی لیژنەیەك دادەنرێت بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان، لە هەمان کاتدا هەموو ئەو کەس و لایەنانەش ڕێوشوێنی یاساییان لەگەڵدا دەگیرێتە بەر، کە بوونەتە هۆکاری تێکدانی ئاراستەی تەنگەی ئاوەڕۆی باران، بەمەش قەبارەی زیانەکانی ئەم لافاوەیان زیاتر کرد.

## • سەرۆکی حکومەت

## قات و قەرەویتەی گۆڕی بۆ جزمە و بارانگیر (مطری)

کاتێك خەڵکی کوردستان سەرۆکی حکومەتەکەی بە جزمەوە لە ناو قوڕ و لیتەی پاشماوەی لافاودا دەبینێت و ڕاستەوخۆ گوێیان لە خۆی دەبێت کە پێیان دەڵێت: «من خزمەتکاری ئێوەم و نەك هەر خۆم وەزیرەکانیش خزمەتکاری ئێوەن»، دەبێت چ هەستێکی گەورەیان لا دروست ببێت؟ یان کاتێك دوای هێرشی تیرۆریستانی داعش و شەهیدبوونی چەندین پێشمەرگە و برینداربوونی چەندینی دیکە، سەرۆکی حکومەتەکەیان بە جلی خاکیی پیشمەرگانەوە لە ناو خۆیاندا دەبینن و باوەش بە برای شەهیددا دەکات و، دەستی دایکی شەهید ماچ دەکات، دەبێت چ هەست و ئیرادەیەکی گەورەیان لا دروست ببێت؟؟

ڕۆژی هەینیی ڕابردووش کاتێك بینییان سەرۆکی حکومەت کۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجومەنی وەزیرانی بردە تەلاری پارێزگای هەولێر و، پاشانیش سەردانی مەیدانیی ئەو شوێنانەی کرد کە لافاوەکە زیانی پێ گەیاندبوون، دیمەنی سەرنجڕاکێش ئەوە بوو کە سەرۆکی حکومەت و پارێزگار و وەزیرەکانیش، هەموویان لە بری قات و قەرەویتە، قەمسەڵە و کابۆیان لەبەردا بوو، ئەمەش وەك پیشاندانێك بوو کە خزمەتکاریی تەنیا بە قات و قەرەویتەوە ناکرێت.

گۆڕینی قات و قەرەویتە بۆ جزمە و مەتەڕی لە کاتی کارەساتی لافاو و بارانباریندا، تەنیا

**خەڵکی کوردستان خەریکە بە تەواوەتی دەگەنە ئەو قەناعەتەی کە ئەوەی لە حکومەتی خۆیانەوە گوێیان لێ دەبێت و، ئەوەی کە هەست دەکەن حکومەتی خۆیان گوێیان بۆ دەگرێت، ڕێگە ڕاستەکەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، نەک ئەو موزایەدەچییە سیاسییانەی بازرگانی بە ئازار و نەهامەتییەکانی خەڵک و هاووڵاتییانەوە دەکەن**

**سەرۆکی حکومەت و پارێزگار و وەزیرەکانیش، هەموویان لە بری قات و قەرەویتە، قەمسەڵە و کابۆیان لەبەردا بوو، ئەمەش وەک پیشاندانێک بوو کە خزمەتکاریی تەنیا بە قات و قەرەویتەوە ناکرێت**

**کاتێک خەڵکی کوردستان سەرۆکی حکومەتەکەی بە جزمەوە لە ناو قوڕ و لیتەی پاشماوەی لافاودا دەبینێت و ڕاستەوخۆ گوێیان لە خۆی دەبێت کە پێیان دەڵێت: «من خزمەتکاری ئێوەم و نەک هەر خۆم وەزیرەکانیش خزمەتکاری ئێوەن»، دەبێت چ هەستێکی گەورەیان لا دروست ببێت؟**



بۆ نمایش و وێنەگرتنی بەردەمی کامێراکان نییە، بەڵکو ئەمە میتۆدی تەرجەمەکردنی بە کردەیی «خزمەتکاری خەڵکە» کە مسرور بارزانی کردوویەتی بە ستراتیژیی سیاسەتی هەڵسووڕانی دامەزراوەکان لە کابینەی نۆیەمدا و، گواستنەوەی کاری مەکتەبییە بۆ کاری مەیدانی لە کاتی کارەسات و پێوستیی خەڵك بە گەیاندنی ڕاستەوخۆی خزمەتگوزارییەکانی حکومەت، بۆ تێپەڕاندنی قەیران و کارەساتەکان.

مسرور بارزانی کاتێك ڕاشکاوانە بە خەڵکی کوردستان دەڵێت: «من خزمەتکاری ئێوەم» ئەمە مانای ئەوەیە هەوڵەکانی ئەو لە شێوازی ئاراستەکردنی سیاسەتی کابینەی نۆیەمدا فەرمانڕەوا و فەرمانپێکراو (حاکم و محکوم) تێدەپەڕێنێت و، هەوڵ دەدات کە تۆڕێکی ڕاستەوخۆی هاوبەش لە نێوان حکومەت و خەڵکدا دروست بکات و، جووڵەی خەڵك، حکومەت بجووڵێنێت و، بە هەمان شێوە جووڵەی حکومەتیش خەڵك بجووڵێنێت، ئەم جووڵە کارتێکراوەی خەڵك بۆ حکومەت و جوڵەی کارتێکراوی حکومەت بۆ خەڵك، لە لایەك هاووڵاتی حکومەت بە حکومەتی خۆی دەزانێت، لە هەمانکاتیشدا خۆیان بە پشتیوانی حکومەتی خۆیان دەزانن، بەڵام پەیوەندییە دیالیکتیکییەکەی نێوان خەڵك و حکومەت ئەو کاتە دروست دەبێت، کە ئەگەر پێویست بێت، خەڵك گوێ لە بڕیار و یاساکانی حکومەت بگرێت و بە دڵفراوانییەوە یاسا و بڕیارەکانی جێبەجێ بکات، ئەوا دەبێت لە کاتێکدا حکومەت پێویستە گوێ لە خەڵك بگرێت و خواست و داواکاریی خەڵك جێبەجێ بکات، بە کردەیی ئەو هەڵوێست و ڕەفتارانە لە حکومەتی خۆیان ببینن.

لەوانەیە لە ژینگەی ناسەقامگیری سیاسیی ئێستای کوردستاندا کە هەندێك لە حزبە سیاسییەکان زۆر بێویژدانانە کارەساتەکان وەك موزایەدەی سیاسی بۆ بەرژەوەندیی حزبیی خۆیان بەکار بهێنن، بەڵام هەنگاوە سەرنجڕاکێشەکانی سەرۆکی حکومەت بە چوونە مەیدان و ڕاستەوخۆ مامەڵەکردنی لەگەڵ کێشەکان، تا ڕادەیەکی زۆر بەهای ئەو موزایەدە سیاسییانەی پووچەڵ کردووەتەوە و، خەڵکی کوردستان خەریکە بە تەواوەتی دەگەنە ئەو قەناعەتەی کە ئەوەی لە حکومەتی خۆیانەوە گوێیان لێ دەبێت و، ئەوەی کە هەست دەکەن حکومەتی خۆیان گوێیان بۆ دەگرێت، ڕێگە ڕاستەکەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، نەك ئەو موزایەدەچییە سیاسییانەی بارزگانی بە ئازار و نەهامەتییەکانی خەڵك و هاووڵاتییانەوە دەکەن.

کارەساتی لافاوەکەی هەولێر لەگەڵ ئەوەی کارەساتێکی سرووشتییە و هیچ کەس و لایەنێك دەسەڵاتی سرووشتی نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەناڵێکی دیکەی پەیوەندیی لە نێوان حکومەت و هاووڵاتیاندا کردەوە، بۆ ئەوەی ئەو کەس و لایەنانەش ڕێوشوێنی یاساییان لەگەڵدا بگیرێتەبەر، کە بوونە هۆکاری زیادبوونی زیانەکانی ئەم لافاوە، ئەم لێکتێگەیشتن و هەماهەنگییەی نێوان حکومەت و خەڵکیش، جیا لەوەی قەبارەی زیانەکان کەم دەکەنەوە و، هەوڵیش هەیە بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان، لە هەمان کاتدا ئامادەباشیی خەڵکیش زیاتر دەکات، بۆ ئەوەی پشتیوانی لە حکومەتی خۆیان بکەن.

**هەر کە ڕابەر زانی خەڵک لە ناو کارەساتی لافاودایە و، پێویستیان بە هاریکاریی بەپەلەی دامودەزگانی پارێزگا هەیە، خۆی تەلەفۆنی بۆ پاریزگار کرد و ڕاستەوخۆ فەرمانی پێ کرد، هەرچییان لە دەست دێت، دەستبەجێ بکرێت، ئەم تەلەفۆنەی ڕابەر ئۆتۆماتیکی بووە ڕاگەیاندنی باری نائاسایی لەلایەن کۆی دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە و، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش ڕاستەوخۆ تەلەفۆنی بۆ پارێزگاری هەولێر کرد و، هەموو پشتیوانییەکی بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو بارودۆخە دەربڕی**

# لە پێناوی دیموکراتی، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و سەروەریی یاسادا ئێمە پێویستمان بە ڕیفۆرمێکی یاسایی مرۆیی هەیە



« یاسـا» بە شێوەیەکی گشتی لۆژیکی مرۆڤایەتییە

مونتیسکۆ (١٦٨٩-١٧٥٥) لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا: ڕۆحی یاساکان ١٧٤٨


## پێشەکی

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە وتارەکەیدا کە ڕۆژی ٨ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ لە ڕێورەسمی سوێندخواردنی سەرۆکی دادگای تەمیز و سەرۆکی ئەنجومەنی داداوەری پێشکەشی کرد، جەختی لە سەر خاڵگەلێك کردەوە دەربارەی کاروانی هەرێم بەرەو سەقامگیری و حوکمی قانوون و ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتەکان و کۆمەڵێك پرسی گرنگ و هەستیاری فیکری (یاسایی) پراکتیکی وروژاند، کە ئەمانە گرنگترینیانن:

١- پێکەوە گرێدانەوەی دیموکراتی و پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و چۆنیەتی جێبەجێکردنی لە هەرێمی کوردستاندا.

٢- بە دامەزراوەییکردنی ئەزموونی حوکمڕانیی هەرێم.

٣- جەختکردنەوە لەسەر سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و ئەو لق و پۆپانەی بۆ سەربەخۆیی دادوەری لێی دەبێتەوە.



## پ.د. شێرزاد نەجاڕ

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

٤- ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی دادوەری لەلایەن دەسەڵاتەکانی دیکەی هەرێمی کوردستانەوە.

٥- سەروەریی یاسا لە هەرێمدا وەك پێویستییەك بۆ چەسپاندنی دیموکراتی و پێشکەوتنی ئابووری.

٦- ڕۆشنبیری بناخەیە بۆ سەروەریی یاسا.

٧- ددانپێدانان بە پرەنسیپی یەکسانی لە بەردەم یاسادا.

٨- ڕەچاوکردنی پرەنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤ لە دادگاکاندا.

٩- هاریکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەری فیدراڵی و دادگای باڵای فیدراڵی.

### ● دەوڵەتی یاسا (Rechtsstaat)

بە هەڵوەستەکردن لەسەر ئەو پرەنسیپانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کردن، دەتوانین بڵێین: ئەو پرەنسیپانە ڕەنگدانەوەی پرەنسیپە گەوهەرییەکانە بۆ (دەوڵەتی یاسا — Rechssta-at)، کەواتە پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئەو دەوڵەتە کامەیە؟ سرووشتی چۆنە؟ ئایا لایەنە ئیجابییەکانی چین کەوا سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەختیان لەسەر دەکاتەوە؟

لە ساڵی ١٩٦٢ دادگای باڵای دەستووری ئەڵمانیای فیدراڵی ئەوەی ڕوون کردووەتەوە کە دەوڵەتی یاسا پشت بەم پرەنسیپە گەوهەرییانە دەبەستێت کە گرنگترینیان بریتین لە:

١- ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و گرنگترینیان مافی ژیان.

٢- پێشکەوتنی ئازادانەی کۆمەڵگە و هاووڵاتیان.

٣- سەروەریی گەل.

٤- جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان.

٥- بەرپرسیاریەتیی حکومەت.

٦- سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری.

٧- فرەیی حزبی.

٨- دابینکردنی هەلی یەکسان لەسەر بنەمایەکی بونیادی و پیادەکردنی مافی ئۆپۆزسیۆن بۆ هەر حزبێکی سیاسی بە پێی دەستوور.

سەرباری ئەمانەش، (دەوڵەتی یاسا)

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە وتارەکەیدا بانگەشە بۆ ئەوە دەکات: «هەوڵەکان چڕ بکرێنەوە بۆ چاکسازی لە دەسەڵاتی دادوەریدا. ئەوە دەبێتە هەنگاوی یەکەم و پێویست بۆ چاکسازی لە بوارەکانی دیکەشدا»**

سیفەتێکی پێکەوەلکێنراویشی هەیە کە ئەویش سیفەتی دیموکراتییە، ئەمەش وەك دوو شتی پێکەوە گرێدراوی تەواوکاری یەکتری و لە بەر ڕۆشنایی پرەنسیپە باڵاکانی کەرامەتی مرۆیی تەفسیر دەکرێن.

بناخەی ئەم دەوڵەتە دەگەڕێتەوە بۆ چەمکێکی دێرین کە دەڵێت: «حوکمی یاسا باشترە لە حوکمی کەسەکان کە پێویستە لە سەریان پاسەوان و خزمەتکاری یاسا بن»، ئەم چەمکەش سەرچاوەیەکە بۆ دەرکەوتنی ئەو فیکرانەی کە پەیوەندیدارن بە کۆمەڵگەی ئازاد و حکومەتی مەدەنی و پشتبەستوو بە ڕازیبوونی هاووڵاتیانەوە. لای ماکس ڤیبەر «دەوڵەتی یاسا واتە ئاستیکی بەرز لە ئەقڵانییەتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پلەیەکی باڵای گەرەنتی یاسایی»، لە تێگەیشتنی هابرماس-یش «دەرهێنانی بواری کۆمەڵایەتیی تایبەت و تاکی لە چوارچێوەی بەرپرسیاریەتی و دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی یاسایی دەبێتە هۆکاری دامەزراندنی پەیوەندییەکی نادادپەروەرانە و نائەقڵانی لە ناو ئەو دەوڵەتەدا».

**دەوڵەتی یاسا) سیفەتێکی پێکەوەلکێنراویشی هەیە کە ئەویش سیفەتی دیموکراتییە، ئەمەش وەک دوو شتی پێکەوە گرێدراوی تەواوکاری یەکتری و لە بەر ڕۆشنایی پرەنسیپە باڵاکانی کەرامەتی مرۆیی تەفسیر دەکرێن**

لە چوارچێوەی ئەم تێگەیشتنە بۆ دەوڵەتی یاسا و سەروەریی یاسا لە ناویدا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەڵێت: «ئامانجی ئێمە ئەوەیە سیستەمێکی دیموکراسی بنیات بنێین، کە لەگەڵ هاووڵاتیاندا بە نەرمونیانی مامەڵە بکات، بەڵام سیستەمێکی دیموکراسی تەنیا کاتێك دەتوانێ ببێتە ئاراوە کە یاسا سەروەر بکات. سەروەریی یاساش تەنیا کاتێك دەستەبەر دەبێت، کە سێ دەسەڵاتەکەی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری لە یەکتر بە تەواوەتی جیا بکرێنەوە. واتە بەبێ ناساندن و سەربەخۆیی و بەهێزبوونی دەسەڵاتی دادوەری، مەحاڵە سیستەمێکی دیموکراسی لە هیچ وڵاتێك دروست ببێت».

**لای ماکس ڤیبەر «دەوڵەتی یاسا واتە ئاستێکی بەرز لە ئەقڵانییەتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پلەیەکی باڵای گەرەنتی یاسایی»**

لەمەش زیاتر دەڵێت: «چاوەڕوانیی ئێوە لە هاووڵاتیان ئەوەیە کە پابەندی یاسا بن، جا ئەگەر پێیان خۆش بێت، یان پێیان ناخۆش بێت! هەمیشە ئەوەتان بەبیر بێت، هاووڵاتی تەنیا کاتێك دەتوانێ ڕێز لە یاسا بگرێت، کە ببینێت یاسا لە سەرووی سیاسەتەوەیە و توانای ئەوەی هەیە سنوور بۆ دەسەڵات دابنێت. تەنیا ئەو کات یاسا ئەو متمانەیە لای هاووڵاتی دروست دەکات کە دەتوانێ بیپارێزێت. بۆیە، چاوەڕوانیی هاووڵاتیان لە ئێوە ئەوەیە کە یاسا بۆ هەمووان و بۆ هەموولایەك وەك یەك جێبەجێ بکەن.»

### ● پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەر پرسی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان کە بناخەیەك بۆ دامەزراندنی سیستمی دیموکراتی پێکدەهێنێت گوتی: «ئامانجمان ئەوەیە ئەم دەسەڵاتانە لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەك جیا بکرێنەوە و پەیوەندییان بە جۆرێك ڕێك بخرێت کە هیچ کامیان هەژموون نەکاتە سەر ئەوەی دیکەیان و دەست نەخاتە کاروباری ناوخۆی یەکتر. ئەمە بۆ ئێمە گرنگترین هەنگاوی بەدامەزراوەییکردنی ئەزموونی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان و بنیاتنانی دیموکراسی و کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و پێشکەوتووە.» ئەم جیاکردنەوەیەش بناغەیە بۆ سیستەمی دیموکراتی و بونیادی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو، ئەم جیاکردنەوەیە وەك دەروازەیەك دادەنرێت بۆ بونیادنانی دامەزراوەکانی حوکمڕانی.

لە ڕاستیدا، هەر لە مێژووە پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتە گشتییەکانی دەوڵەت بووەتە جێگەی بایەخی فقهی سیاسی و دەستووری ئەمەش لەبەر ئەوە بووە کە ئەو پەیوەندییانە کاریگەری هەبووە لەسەر ئایندەی کۆمەڵگە و بونیادنانی دەوڵەت، هەر بۆیەش تیۆری جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان هاتووەتە ئاراوە و بانگەشە بۆ سەربەخۆیی، هەر کارو هەر دەسەڵاتێك لە دەسەڵاتەکانی دەوڵەت دەکات، لە پێناوی ئەوەی کە هەر دەسەڵاتێك بەپێی تایبەتمەندیی دەستووری خۆی ئەو ژینگەیەی بۆ بێتە ئاراوە کە کارەکانی پیادە بکات.

**لە مێژووە پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتە گشتییەکانی دەوڵەت بووەتە جێگەی بایەخی فقهی سیاسی و دەستووری ئەمەش لەبەر ئەوە بووە کە ئەو پەیوەندییانە کاریگەری هەبووە لەسەر ئایندەی کۆمەڵگە و بونیادنانی دەوڵەت**

زانایانی سیاسەت و یاسای گشتی، چوارچێوەیەکی ڕاشکاوانەیان بۆ پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان داناوە، کە تیایدا جیاکردنەوەیەکی هاوتەریبی لە نێوانیان دروست کردووە و لەگەڵ ڕێژەیەکی ماقووڵ لە هاوکاری لە نێوانیاندا. لە هەمان کاتدا بوونی جۆرێك لە چاودێری کە کار دەکات

بۆ ڕاگرتنی دەستدرێژی دەسەڵاتێك بەرامبەر ئەوی دیکە.

پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەوە تێپەڕیوە کە بە تەنیا پرەنسیپێکی یاسایی بێت، بەڵکو لە ئێستادا وەك بنەمایەك لە بنەماکانی هونەری سیاسەتی حوکمڕانی لە قەڵەم دەدرێت، ئەمەش بۆ ئەوەیە کاروبارەکانی دەوڵەت بە شێوەیەکی باش بەڕێوەبچن و مافە تاکەکەسییەکان بپارێزێت و ڕێگری لە سەرکوتکاریی فەرمانڕەواکان بکات.

**● بونیادنانی دامەزراوەکان**

بونیادنانی دامەزراوەکانی حوکمڕانی پرسێکی زێدە گرنگە و زۆر بە قووڵی بیرمەندی ئەمریکی فرانسیس فۆکۆیاما لە کتێبی (بونیادنانی دەوڵەت) جەختی لەسەر کردووەتەوە و، تەئکید دەکاتەوە کە دەوڵەت لە پێناوی بەدیهێنانی دوو ئەرکی گرنگ دامەزراوە کە ئەوانیش بریتین لە:

١- دابینکردنی پاراستنی هاووڵاتیان و پاراستنی بەشێکیان لە بەشەکانی دیکە.

٢- دابیکردنی بەرگریلێکردنیان لە دژی دوژمنە دەرەکییەکان.

زانای سیسیۆلۆژیی ئەڵمانی ماکس ڤیبەر (Max weber) لە دیراسەتێکی گرنگدا بە ناونیشانی (سیاسەت وەك پیشە Poli-tik als Beruf) جەخت دەکاتەوە کە ئەرکی دەوڵەت پاراستنی هاووڵاتیانەو ڕێگرتنە لە تۆڵەسەندنەوەی کەسی، تەنیا دەوڵەت بە ڕێگەی مۆنۆپۆڵکردنی مافی شەرعیەت مافی ئەوەی هەیە کێشەکان چارەسەر بکات و بەرگری لە هاووڵاتیانی بکات، بەمجۆرە دەوڵەت لە بە ڕێگەی توندوتیژی و مۆنۆپۆلکردنی هێزی شەرعیەت و دەسەڵات هاووڵاتیانی دەپارێزێت، ئەم حاڵەتەش حاڵەتێکی باشەو ئامانجی ئەوەیە ئاشتی لە کۆمەڵگە بێنێتە ئاراوە، ئەمەش کارێکی لۆژیکییە و پرسێکی گەوهەرییە، لەبەر ئەوەی توانایەك دەبەخشێت بۆ پاراستنی هاووڵاتیان و کۆمەڵگە و دامەزراوەکان، سەرەنجامیش دەسەڵاتێکی مۆڕاڵی لێ دەردەچێت، بە جۆرێك حاکم و پێکهاتەی دەسەڵات لایەنگری هاووڵاتیان دەبن و دەسەڵاتی هێزی شەرعیەتیش بۆ بەرگریلێکردنیان بەکار دەهێنێت.

ئەوجا بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە گرنگە لە ژیانی دەوڵەت و کۆمەڵگەکاندا، فۆکۆیاما لە کتێبی (بونیادنانی دەوڵەت ٢٠٠٤) نموونەیەکی تایبەت سەبارەت بە چۆنیەتی دەستکردن بە پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت دەخاتەڕوو، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هەنگاوهەڵگرتن بۆ پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت لە ناوەوە و بە ڕێگەی ڕیفۆرمی کارگێڕی و دامەزراوەیی.

سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش لە وتارەکەیدا بانگەشە بۆ ئەوە دەکات: «هەوڵەکان چڕ بکرێنەوە بۆ چاکسازی لە دەسەڵاتی دادوەریدا. ئەوە دەبێتە هەنگاوی یەکەم و پێویست بۆ چاکسازی لە بوارەکانی دیکەشدا».

بوونی شەرعییەت بۆ دامەزراوەکان بایەخێکی گرنگی هەیە بۆ پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت، لەبەر ڕۆشنایی ئەمە فۆکۆیاما وای دەبینێت کە دیموکراتیەت تەنیا سەرچاوەی دروستکەری شەرعییەتە لە جیهاندا، هەر بۆیەشە سیستمە تۆتالیتار و سەرکوتکارەکان بە دەست کێشەی شەرعییەتەوە دەناڵێنن، هەتا سەرکردەی ئەو جۆرە سیستمانە هەوڵیش بدەن بە ڕێگەی پەرەپێدانی ئابووری شەرعییەت بە دەست بهێنن، ئەوا زۆر بە زوویی بە هۆکاری لەبەریەکهەڵوەشانی ئابووری و شکستی پەرەپێدانەوە ئەو شەرعییەتەش بوونی نامێنێت. ئەمە لە کاتێکدا دەوڵەتانی دیموکراتی توانای مانەوەو تێپەڕاندنی تەنگژەکانیان زیاترە، ئەمەش لە بەر ئەوەیە شەرعییەتەکەیان لەناو خودی دیموکراتییەوە سەرچاوەی گرتووە، لەبەر ئەوەی لە ئێستا دیموکراتی تەنیا سەرچاوەی جددییە بۆ شەرعییەت لە جیهاندا، هەر بۆیە شەرعییەتی هەر سیستمێکی سیاسی پەیوەندیدارە بە دەستکەوتەکانی و هەستی هاووڵاتیان بەرامبەر ئەو سیستمە.

پێویستە پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت ئەو هەستە دروست بکات کە پێویستمان بە بونیادنانی دامەزراوەی بەهێز هەیە، لە ناوخۆوە دەست بە ڕیفۆرم بکات. فۆکۆیاما پێیوایە شکستهێنان لە بەدیهێنانی ڕیفۆرمی دامەزراوەیی و بونیادنانی دەوڵەت دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێوشوێنانەی گیراونەتەبەر و خراپ

**پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەوە تێپەڕیوە کە بە تەنیا پرەنسیپێکی یاسایی بێت، بەڵکو لە ئێستادا وەك بنەمایەك لە بنەماکانی هونەری سیاسەتی حوکمڕانی لە قەڵەم دەدرێت**

**دەوڵەتانی دیموکراتی توانای مانەوە و تێپەڕاندنی تەنگژەکانیان زیاترە، ئەمەش لە بەر ئەوەیە شەرعییەتەکەیان لەناو خودی دیموکراتییەوە سەرچاوەی گرتووە**

**پێویستە پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت ئەو هەستە دروست بکات کە پێویستمان بە بونیادنانی دامەزراوەی بەهێز هەیە، لە ناوخۆوە دەست بە ریفۆرم بکات**

**ئاستی کاریگەریی توانای دامەزراوە دەوڵەتییەکان، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازی هەیە و، پشتی بە شەفافییەتی کارگێڕیی حکومەت و ئاستی نزمیی گەندەڵی و جێبەجێکردنی یاسا و لێپرسینەوە بەستووە**

**لە چوارچێوەی یاسادا، دەق و ماددە بوونیان هەیە، کە مرۆڤ دەکەن بە مرۆڤێکی یاسایی، وەک (ئالان باسیۆ) ئوستادی زانکۆی فەرەنسی ئاماژەی پێ کردووە، بەمەش کەسێتی یاسایی بۆ مرۆڤ دەردەکەویت و ئاکاری ڕێکدەخات**

**کانتی گەورە فەیلەسووف بە مرۆڤ دەڵێت: «بوێر بە لە بەرکارهێنانی تێگەیشتنی تایبەتیی خۆت»، ئەمەش مانای ئەوەیە مرۆڤ توانای بیرکردنەوەی ئازادانەی هەیە**

حاڵیبوون لە ڕەهەندەکانی پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت، ئەمە سەرباری ئەوەی کە دەبێت ڕەچاوی ڕۆشنبیریی ئەو دەوڵەتە بکرێت کە ئامانج بونیادنانیەتی.

لای فۆکۆیاما پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت دوو ڕەهەندی سەرەکی هەیە:

١- هێزی دەوڵەت لە کاراکردنی حوکمی یاسا و مافی مۆنۆپۆلکردنی شەرعییەت بۆ بەکارهێنانی هێز و جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی، هێزیش لێرەدا واتە ئاستی کاریگەریی توانای دامەزراوە دەوڵەتییەکان، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازی هەیە و، پشتی بە شەفافییەتی کارگێڕیی حکومەت و ئاستی نزمیی گەندەڵی و جێبەجێکردنی یاسا و لێپرسینەوە بەستووە.

٢- ئاست و قەبارەی و چوارچێوەی توانا و چالاکییەکانی دەوڵەت، ئەمەش خۆی لە فراوانکردنی چالاکی و ئەرکەکانی حکومەتدا بەرجەستە دەکاتەوە، ئەم چوارچێوە پشت بە سرووشتی ئەو کارانە دەبەستێ کە دەوڵەت هەموو هەوڵی خۆی دەخاتەگەڕ بۆ بەدەستهێنانی، یەکەمیان بەدەستهێنانی لانیکەمی پرۆسەکانە وەك: (یاسا و سیستەم، بەڕێوەبردنی ئابووریی هەمووەکی، تەندروستیی گشتی ).

لەسەر بنەمای ئەوانەی ئاماژەمان پێ کردن، فۆکۆیاما موناقەشەی ئەوە دەکات کە تاچەند دەتوانرێت ئاست و قەوارە و چالاکیی دەوڵەت کەم بکرێتەوە، لە بەرامبەر زیاتر بەهێزکردنی لە پێناوی فراوانکردنی ڕووبەڕووی دیموکراتی، ئەم کێشەیەش لە زۆربەی وڵاتانی تازەپێگەیشتوودا بوونی هەیە، لە بەر ئەوەی ناتوانن هاوتەریبی و هاوسەنگی لە نێوان ئەو دوو ڕەهەندە بکەن، ئەمەش واتە جەخت لە سەر کەمکردنەوەی ئاستی دەوڵەت دەکەن، بەبێ ئەوەی هاوکات هێزی دەوڵەتەکە زیاتر بکەن.

فۆکۆیاما لە سەر بنەمای دوو پێوەری سەرەکی (هێز و چوارچێوە) دەوڵەتانی جیهان بۆ چوار بەش پۆلین دەکات:

١- دەوڵەتانی پێشکەوتوو کە تیایدا ئاست و قەبارەی چالاکییەکانی دەوڵەت سنووردارە، بەڵام هێز و توانای زۆر بەرزە.

٢- دەوڵەت کە تیایدا ئاست و قەبارە و چالاکییەکانی دەوڵەت فراوانە، هێزی دامەزراوەکانی بەهێزە.

٣- دەوڵەت، ئاست و قەبارەی چالاکیی دەوڵەت سنووردارە، بەڵام هێزی دامەزراوەکانی لاوازە.

٤- دەوڵەت، ئاست و قەبارەی چالاکییەکانی دەوڵەت فراوانە، هێزی دامەزراوەکانیشی لاوازە.

## ● سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری

سەرۆکی هەرێمی کوردستان پرسێکی گرنگی سەبارەت بە پرسی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری وروژاند و وای دەبینێت: «سەربەخۆیی دامەزراوەی دادوەری: بەو مانایەی ئەنجومەنی دادوەری وەك دامەزراوە سەربەخۆ بێت و لە ژێر هەژموونی هیچ یەك لە دامەزراوەکانی حکومەت، یان پەرلەماندا نەبێت. بە هیچ شێوەیەك لە ژێر کاریگەریی دەسەڵاتی سیاسیدا نەبێت و نەبێتە ئامرازی دەستی سیاسەت. پەیوەندیی دامەزراوەیی لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی یاسادانانندا هەبێت).

ئەم پەیڤە گەلێك پرسیاری گرنگ و هەستیاری وروژاند کاتێك گوتی: «ئایا واقیعی دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان ئاوایە؟ ئایا سەربەخۆیە و لە ژێر هەژموونی دەسەڵات و سیاسەت و هیچ کاریگەرییەکدا نییە؟ ئایا هاووڵاتی بە تەواوی بڕوا و متمانەی بە دەسەڵاتی دادوەری هەیە؟ ئایا دەسەڵاتی دادوەری و ئەنجومەنی دادوەری و دادوەرانی بەڕێز وەك پێویست دەسەڵاتی یاسایی خۆیان بەکار هێناوە بۆ پاراستنی سەربەخۆیی خۆیان کە بە یاسا ئەم سەربەخۆییە پارێزراوە؟»

پێدەچوو زۆر بە وەزعی دامەزراوە دادوەرییەکان دڵخۆش نەبێت، بەمجۆرە وەڵامی ئەو پرسیارانەی دایەوە: «وەڵامی ئەم پرسیارانە قسەی زۆر و بۆچوون و لێکدانەوەی جیا هەڵدەگرن»، بەڵام لە هەمانکاتدا وەڵامێکی ئەرێنی دایەوە و گوتی: «وەڵامی ئەمە، دادوەرییەکی دروست و یاساپارێزی و سەربەخۆیی دادگایە. هەر

سەرنج و تێبینییەکیش هەبێت، دەسەڵاتی دادوەری یەکێك لە بنەما پتەو و سەرەکییەکانی قەوارەی هەرێمی کوردستانە. ئامادەیی و ڕۆڵ و پێگەیەکی گەورەی هەیە و خزمەتێکی زۆر دەکات. ڕۆڵی گەورەی لە دامەزراندنی بنیاتی یاسایی هەرێمی کوردستاندا گێڕاوە و دەگێڕێت».

لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بە ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پرەنسیپە سەرەکییەکانی سەبارەت بە سەربەخۆیی دەسەڵات بکەین، بەپێی بڕیاری ڕێکخراوی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ٣٢/٤٠ لە ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٨٥، هەروەها بڕیاری ٤٠/ ١٤٦ لە ١٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٥ کە تیایاندا هاتووە:

١- دەوڵەت دەبێت دەستەبەری سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری بکات.

٢- دەسەڵاتی دادوەری بە شێوەیەکی بێلایەنانە ئەو پرسانە یەکلا دەکاتەوە کە بۆی بەرز دەکرێنەوە.

٣- دەسەڵاتی دادوەری دەسەڵاتی لەسەر هەموو ئەو پرسانە هەیە کە خەسڵەتێکی دادوەرییان هەیە.

٤- ناکرێت هیچ دەستێوەردانێکی نەشیاو، یان بێ پاکانە، لە ڕێوشوینەکانی دادەوەری بکرێت.

٥- هەموو تاکێك مافی ئەوەی هەیە لە بەردەم دادگایەکی ئاستی، یان دەستەیەکی دادوەری دادگایی بکرێت، کە تیایاندا ڕێوشوێنە یاساییە بڕیارلێدراوەکانی تێدا جێبەجێ بکرێت.

٦- دەستبەری پرەنسیپی دەسەڵاتی دادوەری بۆ ئەم دەسەڵاتە، پێویستی بەوەیە کە گەرەنتی بەڕێوەچوونی ڕێوشوێنەکانی یاسایی بە دادپەروەرانە بەڕێوە بچن و ڕێز لە مافی هەموو لایەنەکان بگیرێت.

٧- ئەرکی هەر دەوڵەتێکی ئەندامە کە سەرچاوەی پێوست دابین بکات، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی دادوەری بە شێوەیەکی ڕاست جێبەجێ بکات.

## ● دەرەنجامەکان:

لە چوارچێوەی یاسادا، دەق و مادده بوونیان هەیە، کە مرۆڤ دەکەن بە مرۆڤێکی یاسایی، وەك (ئالان باسیۆ) ئوستادی زانکۆی فەرەنسی ئاماژەی پێ کردووە، بەمەش کەسێتی یاسایی بۆ مرۆڤ دەردەکەوێت و ئاکاری ڕێکدەخات. هەر بۆیە وەك هانا ئەرندت ئاماژەی پێ کردووە، دوای نەمانی هەر ڕژێمێکی تۆتالیتاری کە مرۆڤ لە مرۆڤایەتی دادەماڵێت، ئەوا مرۆڤ پێویستی بەوەیە گەرەنتی بۆ کەسایەتییە یاساییەکەی بکرێت (ماددەی ٦ لە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ ساڵی ١٩٤٨). لێرەوە پێویستیمان بە یەکسانیی یاسایی دەردەکەوێت، ئەمانەش بەرهەمی مرۆڤە کە خاوەنی مەلەکەی ئیدراکە، کە کانتی گەورە فەیلەسووف بە مرۆڤ دەڵێت: «بوێر بە لە بەرکارهێنانی تێگەیشتنی تایبەتیی خۆت»، ئەمەش مانای ئەوەیە مرۆڤ توانای بیرکردنەوەی ئازادانەی هەیە.

بەمجۆرە، ئێمە پێویستمان بە فەلسەفەیەکی یاسایی هەیە کە لە سەر ئەو بنەمایە داڕێژدرابێت کە مرۆڤ کائینێکی ئازادە و کۆمەڵگەکەشی لە سەر بنەمای ئازادی و یەکسانی ڕێکدەخات، ئازادییش وەك خاتوونی فەیلەسووف ئەرندت جەختی لەسەر دەکاتەوە، گەوهەری سیاسەتە، بۆیە دەبێت سیاسەتی قانوونیش لە ئازادییەوە سەرچاوە بگرێت بۆ ڕێکخستنی ئازادیی مرۆڤ.

لە سەر ئەم بنەمایە، ئەوا پێویستە لە سەر دادگا و دادوەرەکان ئەم پرسە زۆر بە جددی وەربگرن و ببنە پاسەوانی یاسایی مرۆیی، نەك یاسایەکی زاڵم، ئەمەش واتە لە ڕێگەی تەفسیری هەڵە و زاڵمەوە بۆ مادده یاساییەکان زیان بە مرۆڤ نەگەیەنن، بەڵکو دەبێت هەمیشە تەفسیری مادده یاساییەکان بەرگی مرۆڤایەتی و دادپەروەری و یەکسانییان لەبەردا بێت، بڕیارەکانیش بەو شێوەیە دەر نەکەن، کە لە بەهای مرۆڤایەتی داماڵدرا بن، ئەمەش بە بیانووی خۆبەستنەوە بە دەقەکان، یان تەفسیری ئەو دەقانە بە بێ ڕەچاوکردنی بەها مرۆییەکان.

بەڵێ، پێویستییەکی زۆرمان بە ڕیفۆرمی یاسایی (سیستمی یاسایی لە هەرێمی کوردستان هەیە، لە سەر بنەمای دادپەروەری و یەکسانیی مرۆڤایەتی، داماڵدراو لە لایەنگری بۆ چینێك، یان توێژێکی کۆمەڵایەتی).

**پێویستمان بە فەلسەفەیەکی یاسایی هەیە کە لە سەر ئەو بنەمایە داڕێژدرابێت کە مرۆڤ کائینێکی ئازادە و کۆمەڵگەکەشی لە سەر بنەمای ئازادی و یەکسانی ڕێکدەخات**

**دەبێت هەمیشە تەفسیری مادده یاساییەکان بەرگی مرۆڤایەتی و دادپەروەری و یەکسانییان لەبەردا بێت**

**پێویستییەکی زۆرمان بە ڕیفۆرمی یاسایی سیستمی یاسایی لە هەرێمی کوردستان هەیە، لە سەر بنەمای دادپەروەری و یەکسانیی مرۆڤایەتی، داماڵدراو لە لایەنگری بۆ چینێک، یان توێژێکی کۆمەڵایەتی**

## دادوەر عەبدولکەریم ئەبوبەکر هەمەوەند

ئەندامی یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان بۆ گوڵان:

# گەشبینم بە جددییەتی سەرۆکی هەرێم بۆ پشتگیریکردنی لە دەسەڵاتی دادوەری

**«مـن گەشـبینم بـە جددییەتـی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان لـە پشـتگیرییەکەی بـۆ دەسـەڵاتی دادوەری، بەڵگەشـم ئەوەیـە کاتی خـۆی کـە بەنـدە لـە وەزارەتـی داد، بەڕێوەبـەری دادی گشـتی بـووم، بەڕێزیـان هێڵـی تەلەفۆنی تایبەتیی خۆی پێدام و گوتی: لە کاتی دادوەری و کاربەڕێکردنـدا دەتوانن ڕاستەوخۆ پەیوەندیـم پێـوە بکـەن، ئەمـەش بـووە هێڵێکـی گـەرم لـە نێـوان ئیـدارە و دەزگای دادوەریـدا و، بـە کردەییـش زۆر سـوودبەخش بـوو.»**

*** شـکۆی دەسـەڵاتی دادوەری ئاماژەیـە بـۆ چـی و هـۆکار چییـە کـە شـکۆی دەوڵـەت لـە شـکۆی دەسـەڵاتی دادوەرییـەوە سـەیر دەکرێـت؟**

- بەپێـی بنەمـا دەسـتوورییەکان، دەوڵەتـی هاوچـەرخ لـە سـێ دەسـەڵات پێـك دێـت، کـە کۆڵەکـەی دیموکراسـین:

یەکـەم/ دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن: کـە بریتییـە لـە میـری (حکومـەت)، پێـك دێـت لـە سـەرۆکی دەوڵـەت و سـەرۆکوەزیران و فەرمانبەرانـی بـاڵا، تـا دەگاتـە بچووکتریـن فەرمانبـەری کارگـوزار.

دووەم/ دەسـەڵاتی یاسـادانان (پەرلەمـان)، کـە ئەندامەکانـی لەلایـەن گەلـەوە و لـە ڕێگـەی هەڵبژادنـی گشـتیی نهێنییـەوە هەڵدەبژێردرێـن، ئەرکـی سـەرەکیی ئـەم دەسـەڵاتە یاسـادانان و متمانەدانـە بـە دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن و چاودێریـی کارەکانـی.

سـێیەم دەسـەڵاتی دەوڵـەت/ دەسـەڵاتی دادوەرییـە، کـە بریتییـە لـە دادگاکان بـە گشـت لـق و پـۆپ و بەشـەکانیەوە.

لێـرەدا دەمـەوێ گرنگیـی دەسـەڵاتی دادوەری بخەمـە بـەر چـاو

ئەرکـی دەسـەڵاتی دادوەری دادگاییکـردن و پیادەکردنـی حوکمەکانـی یاسـاکانە لـە سـەر ئـەو بابەتانـەی دەخرێنـە بـەردەم دادگاکان، بـۆ بڕیـاردان لـە بارەیانـەوە، زۆر جـار گلەیـی دەکـرێ، گوایـە فـڵان دادگا مافـی خـاوەن مافـی پێشـێل کـردووە، کـە بڕیـاری بـۆ داوە، بـەڵام جێبەجێـی نەکـردووە، ئـەم گلەییـە پشـت بـە هیـچ بنەمایـەك نابەسـتێت، چونکـە ئەرکـی دادگا بڕیاردەرکردنـە لـە سـەر ئـەو کێشـەیەی داواکار (المدعـی) پێشکەشـی دادگای کـردووە، بەپێـی یاسـای بـەرکار لـە هەرێمـی کوردسـتاندا، جێبەجێکردنـی بڕیارەکـەش ئەرکـی دەسـەڵاتی جێبەجێکردنـە.

*** سـەربەخۆیی دەسـەڵاتی دادوەری لـە پرۆسـەی دەوڵەتداریـدا تـا چەنـد گرنگـە؟ بۆچـی هەمـوو یاسـاناس و فیقهییـەکان جەخـت لـە سـەربەخۆیی دەسـەڵاتی دادوەری دەکەنـەوە؟**

- بێگومـان، دەبێـت دادگا لـە ئـەرك و بڕیارەکانیدا زۆر بێلایـەن بێـت و، جیـاوازی لـە نێـوان دەسـەڵاتدار و بێدەسـەڵات و هـەژار و زەنگینـدا نـەکات، کـە ڕەفتاریشـی سـەربەخۆ بـوو، بێگومـان هاووڵاتیـان دڵنیـا دەبـن لـە بەدیهێنانـی مافەکانیـان و هەسـت بـە ئارامـی دەکـەن، لەهەمـان کاتیشـدا بەدڕەوشـتی و مافخـواردن و فێـڵ و تەڵەکەبـازی، ئەگـەر لەناویـش



**یەکێك لە هەنگاوە جددی و پێویستەکان بۆ چەسپاندنی دیموکراسی و هێنانەئارای سەروەریی یاسا، بریتییە لە سەربەخۆبوونی دەسەڵاتی دادوەری، زامنکردنی ئەم سەروەرییەش دەبێتە هۆی ئەوەی سەرجەم دەسەڵاتەکان لە سنووری یاسایی دیاریکراودا کار و ئەرکەکانی خۆیان ئەنجام بدەن، هاووڵاتیانیش هەست بە دڵنیایی بکەن. ئەم پرسانە بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ دادوەر عەبدولکەریم ئەبوبەکر هەمەوەند ئەندامی یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان.**

نەچێت، تا ڕاددەیەکی باش کەم دەبێتەوە، لێرەدا شکۆی دەوڵەت دەپارێزدرێت، خۆ ئەگەر دادگاکان سەر بە حزب و لایەنە سیاسییەکان بن و لە ژێر فەرمانی دەرەوەی دادگاکاندا بن، بێگومان وەکو پێویست و بە دادوەری بڕیارەکان دەرناچن و هاووڵاتیان تووشی دڵەڕاوکێ و نائارامی دەبن، متمانەش نە بە دادگا دەمێنێت و نە بە دەوڵەتی، لە زووەوە گوتراوە: (ئەگەر ویستت دەوڵەتێك هەڵبسەنگێنیت، لە دەسەڵاتە دادوەرییەکەی بپێچەرەوە.

*** ئەگەر لە سەر بنەمای سەربەخۆیی، هەڵسەنگاندن بۆ دەسەڵاتی دادوەری لە کوردستان بکەین، ئایا تاچەند دەستێوەردانەکان (شەخسی و حزبی) کاریگەرییان لە سەر سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریی هەرێم هەبووە؟**

-لە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستاندا هاتووە:

ماددەی/٧٧

دەسەڵاتی دادوەری لە کوردستان سەربەخۆیە و لە ئەنجومەنی دادوەری و دادگای دەستووری و دادگای پێداچوونەوە و دەستەی سەرپەرشتیی دادوەری و دەستەی داواکاری گشتی و دادگاکان بە گشت پلە و جۆر و دەستەکانیەوە پێکدێت و، ڕێکخستنی شێوەی پێکهێنان و مەرج و ڕێکاری پێکهێنان و مەرج و ڕێکاری دامەزراندنی ئەندامەکانیان و لێپرسینەوەیان بە یاسایەك ڕێك دەخرێن.

ماددەی/٧٨

دادوەری سەربەخۆیە و جگە لە یاسا، هیچ دەسەڵاتێکی بەسەرەوە نییە.

ماددەی/٧٩

دادوەری دەسەڵاتی (ولایە عامە)ی بەسەر هەموو کەسە سرووشتی و مەعنەوییەکانەوە هەیە، لە هەرێمی کوردستاندا.

ماددە/٨٠

حوکم و بڕیارە دادوەرییەکان بە ناوی گەلەوە دەردەکرێن و جێبەجێ دەکرێن.

کەواتە هیچ لایەنێکی سیاسیی کاربەدەست و دەستڕۆیشتوو بۆی نییە دەست لە کاروبار و بڕیارەکانی دادگاکان وەر بدات، ئەگەر خوا نەکا ڕوویشی دابێت، دەگمەنە و ئاماژەیە بە بێتوانایی و کەمجورئەتیی دادوەرەکە، چونکە دەبێ دادوەر گشت ڕەوشت و ئاکارە بەرزەکانی دادوەریی تێدا بێت، وەك بەتوانایی و دەستپاکی و ڕەوشتبەرزی

**ئەگەر دادگاکان سەر بە حزب و لایەنە سیاسییەکان بن و لە ژێر فەرمانی دەرەوەی دادگاکاندا بن، بێگومان وەکو پێویست و بە دادوەری بڕیارەکان دەرناچن و هاووڵاتیان تووشی دڵەڕاوکێ و نائارامی دەبن**



**هیچ لایەنێکی سیاسیی کاربەدەست و دەسترۆیشتوو بۆی نییە دەست لە کاروبار و بڕیارەکانی دادگاکان وەر بدات، ئەگەر خوا نەکا ڕوویشی دابێت، دەگمەنە و ئاماژەیە بە بێتوانایی و کەمجورئەتیی دادوەرەکە**

**دەبێ دادوەر گشت ڕەوشت و ئاکارە بەرزەکانی دادوەریی تێدا بێت، وەک بەتوانایی و دەستپاکی و ڕەوشتبەرزی و چاوتێری و دڵسۆزی بۆ گەل و نیشتمانەکەی و، لە سەرووی هەمووشیانەوە، لە خواترس و عەدالەت و بەجورئەتی لە دەرکردنی بڕیارەکانیدا**

و چاوتێری و دڵسۆزی بۆ گەل و نیشتمانەکەی و، لە سەرووی هەمووشیانەوە، لە خواترس و عەدالەت و بەجورئەتی لە دەرکردنی بڕیارەکانیدا. تەنانەت کاتی خۆی یەك لە مەرجەکانی دامەزراندنی دادوەر ئەوە بوو دەبێ خێزاندار بێت، واتا هاوژینی هەبێت، ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە دادوەر زانیاریی لە سەر باری خێزاندری هەبێت و هەست و نەستی لایەنەکانی ناکۆك لە داواکاندا تێبگات و، لە کاتی بڕیاردەرکردندا پشتگوێیان نەخات، بەڵام بەداخەوە، لەکاتی هەموارکردنی یاساکەدا ئەو مەرجە لە ماددەکەدا لادرا، هەرچەندە ئێمە لەگەڵ چەند پەرلەمانتارێکی یاساناس و دادوەردا پێداگریمان کرد کە ئەم مەرجە لا نەدرێت، بەڵام لە بەر چەند هۆیەکی سیاسی و هەست و نەستی شەخسی، بە دەنگی زۆرینە لا درا.

من ناڵێم هەوڵی دەستێوەردان لە کاروباری دادوەری نەبووە، بەڵام تا ڕاددەیەکی زۆر دادوەر لە کوردستان لە ڕووی دارایی و بژێوی خێزانییەوە گرنگی پێ دراوە، تەنانەت مووچەکەشی لە چاو فەرمانبەرانی باڵای دیکە بەرزترە و، لە پاشەکەوتکردنی مووچەی فەرمانبەران بەدەر کراوە، لە خانەنشینکردنیشدا ڕێژەی لێبڕینی مووچەیان لە گشت فەرمانبەران کەمترە.

*** سەرۆکی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی لە ڕێورەسمی دەستبەکاربوونی دادوەریی دادگای تێهەڵچوونەوەدا، پەیامێکی گرنگی پێشکەش کرد، لە پەیامەکەیدا جەختی لە پشتگیریی خۆی بۆ دەسەڵاتی دادوەری کردەوە، ئایا ئەم پشتگیرییە گەورەیەی جەنابی سەرۆکی هەرێم تاچەند دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ، بۆ سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری؟**

- دەستخۆشی لە پشتگیریی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاك نێچیروان بارزانی دەکەم، بۆ پشتگیریی دەسەڵاتی دادوەری و بۆ ئەو پەیامە بەنرخەی لە ڕێورەسمی دەستبەکاربوونی دادوەرانی دادگای پێداچوونەوەدا پێشکەشی کرد، بە ڕاستی هیچ بیانوویەکی نەهێشتەوە بۆ دادوەرانی بەڕێز و، دەبێت هەروەك ڕەوشتی بەرزی خۆیان لەو بڕیارانەی دەری دەکەن، چاونەترس و بێلایەن و سەربەخۆ بن، جگە لە ڕەوایی و عەدالەت، باکیان بە هیچ فشارێکی دەرەکی نەبێت و ئاسوودە بن، کە لە دوای خوداوەند، پشت و پەنایەکی پتەویان هەیە و، دەبێت لە بەجێگەیاندن و ڕاپەڕاندنی ئەرکە پیرۆزەکەیاندا بە تەواوی هەست بە ئاسوودەیی و دڵنەوایی و چاونەترسی بکەن، جا ئەگەر هات و لەمەودوا، خوانەخواستە، هەر درێغییەك لە ئەرکەکانیاندا ڕوو بدات، ئەوا دەبێت خۆیان بەرپرسیارێتییەکە لە ئەستۆ بگرن و، هیچ بیانوویەکیان بۆ نەماوە. بێگومان ئەرکی دادوەر قورسە و ئەگەر فشاریشی بخرێتەسەر، ئەوا ئەرکەکەی قورستر دەبێت و

لە هەڵەی یاسایی و دادوەری ڕزگاری نابێت و، لە ژیانی فەرمانبەریدا ئاسوودە نابێت، بۆیە دەتوانم بڵێم کە دوای ئەوەی سەرۆکی هەرێم ئەم پشتگیرییەی بۆ دەسەڵاتی دادوەری دووپات کردەوە، دادوەران زیاتر بە دڵنیایی و ئازادانەتر ئەرکەکانی خۆیان بەجێ دەگەیەنن.

من گەشبینم لە جددییەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پشتگیرییەکەی بۆ دەسەڵاتی دادوەری، بەڵگەشم ئەوەیە، کاتی خۆی کە بەندە لە وەزارەتی داد، بەڕێوەبەری دادی گشتی بووم، بەڕێزیان هێڵی تایبەتی خۆی داپێم و گوتی لە کاتی دادوەری و کاربەڕێکردندا دەتوانن ڕاستەوخۆ پەیوەندیم پێوە بکەن، ئەمەش بووە هێڵێکی گەرم لە نێوان ئیدارە و دەزگای دادوەریدا و، بەکردەییش زۆر سوودبەخش بوو.

*** ئەگەر دەسەڵاتی دادوەری بە ڕاستی سەربەخۆ بێت، ئایا تاچەند ئەم سەربەخۆییەی دادگا دەبێتە فاکتەرێك بۆ بەهێزبوونی دامەزراوەکانی دەوڵەت و، تاچەند دەبێتە هۆکاری دانانی چوارچێوەیەك بۆ ڕێگرتن لە گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی؟**

- بێگومان ئەگەر دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ بوو، گشت دامودەزگاکانی دەوڵەت چالاك و بەهێز دەبن، کە دەبینن لێپرسینەوە و لێپێچینەوە و سزای یاسایی هەیە، هەر کەس لە جێی خۆی پتر گرنگی بە ئەرکەکەی دەدات و، دڵسۆزانەتر ئەرکەکان ڕادەپەڕێنن و هەردەم هەست بە هەبوونی چاودێرێك دەکات و، دوور دەکەوێتەوە لە کاری نایاسایی و گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی. ئەگەر بە کردەنی لێپێچینەوەی یاسایی هەبوایە لەو بەهەدەردانەی داراییی گشتی، کە بە هۆی دامەزراندن و پلەبەرزکردنەوەی نەشیاو و خانەنشینکردنی وەهمی و دوو مووچەیی و سێ مووچەیی و زیاتر، کە گەیشتبووە ئاستێکی نالەبار، ئێستا دارایی هەرێم نەدەگەیشتە ئەو ئاستەی کە نەتوانرێت مانگانە مووچەی فەرمانبەران دابین بکرێت، سەرباری ئەو هەموو دەستکەوتە داراراییانەی هەیەتی، بەتایبەت کە ماوەیەکی درێژە نرخی نەوت لە ئاستێکی بەرزدا دەفرۆشرێت، ئینجا مانگانە چاومان لە ٢٠٠ ملیارەکەی حکومەتی بە ناو فیدراڵە و ئەویش هەرجارە و بە بیانوویەك دوای دەخات و بە چاوی سەدەقات دەڕوانێتە تەمویلەکە و بە ئەرکی دەستووریی خۆی لە قەڵەم نادات.

*** ئێستا لە کۆمەڵگەی کوردستاندا ئەنجامدانی تاوانی کوشتن بە گشتی و کوشتنی ژنان بەتایبەت بووەتە دیاردە، بۆ ئەم دیاردە ترسناکەش زۆر جار پەنا بۆ سوڵحی عەشایەری دەبردرێت و تاوانەکە لە یاسا دوور دەخرێتەوە. ئایا ئەگەر دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ بێت، دادوەر و دادگاکان باشتر و بوێرانەتر بڕیارەکانی خۆیان دەرناکەن و دیاردەی کوشتن و تاوان کەم نابێتەوە؟**

- بێگومان دەسەڵاتی دادوەری لە دابینکردنی ئاشتەوایی کۆمەڵگەدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، هاووڵاتیانیش هەست بە هێمنی و ئارامی دەکەن، هەر کۆمەڵگەیەك دەسەڵاتی دادوەری تێیدا باڵادەست نەبوو، دەبێتە لانەی دزی و کوشتوبڕ و شەڕ و دوژمنداریی ناو خێزان و دەرودراوسێ و، ئارامی لە کۆمەڵگەدا نامێنێت. بەداخەوە، سەبارەت بە کوشت وبڕی ژنان، هەرچەندە تا ڕاددەیەکی زۆر گرنگی بە بابەتەکە دراوە، چ بە یاسا بێت، چ لە ڕێی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان و ڕێکخراوەکانی دیکەوە، بەڵام لەبەر هەستیاریی بابەتەکە. تا ئێستا پێشکەوتنێکی بەرچاو لە ئارادا نییە، سەبارەت بە سوڵحی عەشایەری و ئاشتەوایی لە دەرەوەی دادگادا، دەبێت ئێمە جیاوازی لە نێوان دوو مافدا بکەین، کە لە ئەنجامی شەڕوشۆڕ و کوشتوبڕ و زیانگەیاندن دێتە کایەوە، ئەویش:

یەکەم/ مافی کەسینە (الحق الشخصي): کە بە هۆی کارێکی نایاساییەوە لە زیانلێکەوتوو دەکەوێت.

دووەم/ مافی گشتی (الحق العام): کە بە هۆیەوە کۆمەڵگە تووشی دڵەڕاوکێ و نائارامی دەبێت و ژیانی کۆمەڵگە دەشێوێنێت. لێرەدا زیانلێکەوتوو بۆی هەیە لە مافی خۆی خۆش ببێت، چ لە ڕێگەی سوڵحی عەشایەرییەوە بێت، چ ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو کەسەی زیانی پێ گەیاندووە، بەڵام ئەگەر مافی گشتی لە تاوانێکدا هەبوو، نابێ تاوانەکە بە بیانووی سوڵحی عەشایەرییەوە پەردەپۆش بکرێت و، لە دەرەوەی دادگا کۆتایی بە کێشەکە بهێندرێت، چونکە دەبێتە هاندەر بۆ تاوانباران کە لە تاوانەکانیان نەسڵەمێنەوە.

**دادوەر لە کوردستان لە رووی دارایی و بژێوی خێزانییەوە گرنگی پێ دراوە، تەنانەت مووچەکەشی لە چاو فەرمانبەرانی باڵای دیکە بەرزترە و، لە پاشەکەوتکردنی مووچەی فەرمانبەران بەدەر کراوە، لە خانەنشینکردنیشدا ڕێژەی لێبرینی مووچەیان لە گشت فەرمانبەران کەمترە**

**ئەرکی دادوەر قورسە و ئەگەر فشاریشی بخرێتەسەر، ئەوا ئەرکەکەی قورستر دەبێت و لە هەڵەی یاسایی و دادوەری ڕزگاری نابێت و، لە ژیانی فەرمانبەریدا ئاسوودە نابێت**

**هەر کۆمەڵگەیەک دەسەڵاتی دادوەری تێیدا باڵادەست نەبوو، دەبێتە لانەی دزی و کوشتوبڕ و شەڕ و دوژمنداریی ناو خێزان و دەرودراوسێ و، ئارامی لە کۆمەڵگەدا نامێنێت**

# کورد لە عێراقدا قەزییەی خاک و مافی دەستووریی هەیە و دەبێت دانوستان و گفتوگۆکانیش بەو ئاراستەیە بڕوات

**لە سەر ئاستی عێراقی سەرۆک بارزانی وەکو مەرجەعێکی سیاسی بۆ قەزییەی ڕەوای کورد و لە سەر ئاستی کوردستانیش سەرۆکێکی نیشتمانیی گەورەیە و پێگەی خۆی هەیە**

پەیامی سەرۆك بارزانی لەم قۆناغە هەستیارەی عێراقدا ڕوون و ئاشکرایە، بەوەی جەخت لە سەر یەکڕیزیی نێوان لایەنە کوردستانییەکان دەکاتەوە، بۆ ئەوەی هەمووان بۆ بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستان کار بکەن و، بەرگری لە مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان بکەن، لە سەر ئاستی عێراقی سەرۆك بارزانی وەکو مەرجەعێکی سیاسی بۆ قەزییەی ڕەوای کورد و لە سەر ئاستی کوردستانیش سەرۆکێکی نیشتمانیی گەورەیە و پێگەی خۆی هەیە، بۆیە وەکو سەرۆکێکی نیشتمانی جەخت لە سەر جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی (شەراکەت و سازان و هاوسەنگی) دەکاتەوە، ئەمەش لە پێناو ئەوەی وڵاتێکی فیدراڵیی ڕاستەقینە دابمەزرێت و دەستوور وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت، بەتایبەتی ماددەی ١٤٠ی دەستوور و یەکلاکردنەوەی دۆسێی ناوچە کێشەلەسەرەکان، کە دادگای فیدراڵیش وەکو ماددەیەکی دەستووری پەسەندی کردووە و، هەرچی گرفت و کێشەکانی دیکەشە، دەکرێت بە گفتوگۆ و دانوستاندن چارەسەر ببێت. سەرۆك بارزانی و سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان خوازیارن حکومەتی نوێی عێراق حکومەتێکی خزمەتگوزاری بێت، بۆ ئەم مەبەستەش سەرۆك بارزانی پەیوەندییەکی باش و بەهێزی لەگەڵ هەمووان هەیە، تەنانەت لە ناو ماڵی شیعەدا، سەرۆك لە هەستیاری و مەترسیی قۆناغەکە تێدەگات و، کار بۆ نزیکبوونەوەی ڕا و بۆچوونە جیاوازەکان دەکات، سەردانی دوو لایەنە سەرەکییەکەی سوننە بۆ هەولێر و گفتوگۆکانیان لەگەڵ سەرۆك بارزانی لەم چوارچێوەیەدا دێت.

پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو گەورەترین حزبی کوردستانی، سەرەڕای دزینی دوو لە کورسییەکانی بە ئەجنێدەی ئیقلیمی و ئەدەواتی ناوخۆیی، کە سەرپێچیەکی ڕوون و ئاشکرای یاسایی و دەستووریی عێراق بووە و، لە ڕێگەی یاسایی و دادگاوە تانەشی لەم سەرپێچییە داوە، چونکە ئەم سەرپێچییە لە پێناو ئەوەدا بووە دەنگەکانی پارتی کە ڕێژەی لە ٥١٪ی



مەسعود حەیدەر
ڕاوێژکاری سەرۆك بارزانی

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

کورسییەکانی هێزە کوردستانییەکان بووە، ببێتە لە ٤٩٪ی کورسییەکان، بە خەیاڵ و عەقڵییەتی خۆیان وا دەزانن لە چوارساڵی داهاتوودا پارتی ناتوانێت بە کۆی دەنگە کوردستانییەکان لە مەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا داکۆکیکار بێت، لە کاتێکدا ئەوەیان لە بیر کردووە کە پارتی نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی پرسی نەتەوەیی و نیشتمانیی گەلی کوردستان دەکات و، بەم پێشێلکارییە دەستووری و یاساییە ناتوانن ڕۆڵ و هەڵوێستەکانی کەم بکەنەوە، بەتایبەتی ڕۆڵی سەرۆك بارزانی نەك تەنیا لە سەر ئاستی ناوخۆیی کوردستان و عێراق، بەڵکو لە سەر ئاستی ناوچەکەش دیار و بەرچاوە، پارتییش بەدواداچوون و ئیجرائاتی یاسایی خۆی کردووە و، بەردەوام دەبێت لە هەوڵەکانی بۆ گەڕانەوەی مافی دەنگدەرەکانی. لەگەڵ ئەمەشدا سەرۆك بارزانی لە هەستیاریی قۆناغەکە تێدەگات و، لە پێناو بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان و سەقامگیریی پرۆسەی سیاسیدا، بەردەوامە لە سەر نەهجی خۆی، کە بریتییە لە هێورکردنەوەی ناکۆکییە سیاسییەکان و نزیکبوونەوەی لایەنە سیاسییەکان لە پێناو بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵکی کوردستاندا، ئەمە وێڕای ئەوەی لەسەر ئاستی عێراق سەرۆك بارزانی جەخت لە سەر نزیکبوونەوەی ڕاوبۆچوونەکانی نێوماڵی شیعە دەکاتەوە، بۆ ئەوەی ئەم داخرانە لە ناو ماڵی شیعەدا بکرێتەوەو، تروسکایی لە کۆتایی تونێلەکە دەربکەوێت و، کەس هەڕەشە بۆ پەنابردنە بەر چەك و توندوتیژی نەبات.

لە ئێستادا سەرۆك بارزانی پەیوەندیی و نزیکیی باشی لەگەڵ هەموو پێکهاتە و لایەنە سیاسییەکاندا هەیە، لەو ڕوانگەیەی کە پاراستنی سەقامگیریی عێراق و پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی کورد و گەلانی عێراقە، خۆ ئەگەر بەپێچەوانەوە عێراق سەقامگیریی سیاسی لەدەست بدات، ئەوا سەقامگیریی ئەمنی لەدەست دەدات و ئابووریی وڵات و بار و بژێویی خەڵك زۆر تێك دەچێت. لەم ڕوانگەیەوە ئەرکی سەرۆك وەزیرانی داهاتووی عێراق زۆر قورسە، دەبێت سەرۆك وەزیرانێك

**سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان خوازیارن حکومەتی نوێی عێراق حکومەتێکی خزمەتگوزاری بێت، بۆ ئەم مەبەستەش سەرۆک بارزانی پەیوەندییەکی باش و بەهێزی لەگەڵ هەمووان هەیە**



بێت بۆ هەموو عێراقییەکان بە کورد و شیعە و سوننەوە و، ڕەچاوی تایبەتمەندێتیی هەرێمی کوردستان و دامەزراوە شەرعییەکانی بکات و، کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ماددەی ١٤٠ی دەستوور و هەموو ئەو گرفت و کێشە هەڵپەسێردراوانەش بکات کە لە نێوان ناوەند و هەرێمدا هەیە، بۆیە حکومەتی داهاتوو بەرپرسیارێتیی زۆر قورسی لەسەر شانەو، لە بەردەم تەحەددییاتی گەورەدایە.

هەوڵەکانی سەرۆك بارزانی لەم قۆناغەدا بۆ ئەوەیە کە دامەزراوە فیدراڵییەکان دروست بکرێت و، ڕوو لە چارەسەرکردنی کێشە سەرەکییەکانی عێراق بکرێت و، داواکاری و خواستە ڕەواکانی شەقامی عێراقی هەر لە چارەسەرکردنی خزمەتگوزارییەکان و دابینکردنی هەلی کار و باشکردنی دۆخی ئابووری و بژێویی خەڵکی عێراقەوە، تا بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان. ڕاستە یەکلاکردنەوەی هەرسێ سەرۆکایەتییەکە ماوەیەکی زۆری پێویستە، تەنانەت تا ئێستا بە شێوەیەکی فەرمی دانوستان و گفتوگۆ لە نێوان مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتیدا نەکراوە بۆ وتووێژکردن لەسەر بەربژێری سەرۆك کۆمار و مەسەلە بنەڕەتی و سەرەکییەکان، لە هەموو حاڵەتێکدا ڕا و بۆچوونی پارتی وایە کە مەلەفی سەرۆك کۆمار لە ناو پێکهاتەی کوردی و بە وتووێژ لە نێوان پارتی و یەکێتی و پێکهاتەکانی دیکەدا یەکلا ببێتەوە بۆ ئەم پۆستە، مەرج نییە لە سەر لایەنێکی سیاسی قۆرغ کرابێت، بەڵام بە تەوافوق لە نێوان سەرکردایەتیی هەردوو حزبدا پۆستی سەرۆك کۆمار یەکلا دەکرێتەوە و، مەرج نییە یەك ناو دەستنیشان بکرێت بۆ ئەم پۆستە، بەڵام دواجار سەرۆك بارزانی لە ناو ئەم ناوانەدا یەکێك دەستنیشان دەکات و، بە تەوافوق ئەو کەسایەتییە یەکلا دەکاتەوە، کە هەمووان لەسەری ڕێك کەوتوون. دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت و چەقبەستن لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا پێشبینی کراوە، بە بۆچوونی ئێمە دواجار فاکتەری مەرجەعییەت لە نەجەف و فاکتەری ئێرانی، گرفتی نێوماڵی شیعە یەکلا دەکاتەوە و هەمووان لە سەر بەربژێرێك ڕێك دەکەون.

سەرۆك بارزانی بە عەقڵییەتی لۆژیکانە و مەنتیق دەڕوانێتە پرۆسە سیاسییەکە و، لەگەڵ سەرجەم لایەنە سیاسییەکاندا پەیوەندیی باشی هەیە و، لە سەر حیسابی هیچ لایەك پەیوەندییەکانی دانامەزرێنێت، وێڕای ئەوەی ڕەچاوی هەستیاریی بارودۆخەکە دەکات، دواجار ئەوە حزبە شیعەکانن بە دەرەجەی یەکەم دەبێت گرفت و ئیشکالییاتی نێو خۆیان چارەسەر

**لە ناو ماڵی شیعەدا سەرۆك لە هەستیاری و مەترسیی قۆناغەکە تێدەگات و، کار بۆ نزیکبوونەوەی ڕا و بۆچوونە جیاوازەکان دەکات، سەردانی دوو لایەنە سەرەکییەکەی سوننە بۆ هەولێر و گفتوگۆکانیان لەگەڵ سەرۆك بارزانی لەم چوارچێوەیەدا دێت**



بکەن و، پەنا بۆ چەکداری و هەڕەشە نەبەن و، بە دانوستان و گفتوگۆ لە سەر بەربژێرێك بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران ڕێك بکەون، کە بە کلیلی دەرگا داخراوەکەی پرۆسەی سیاسیی عێراق دادەنرێت، ئەمەش دەرگا لە بەردەم پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و دەستپێکردنی دانیشتنی هەرسێ سەرۆکایەتییەکە لە پەرلەمان دەکاتەوە، بەیەك پاکێج، ئێمەش دەبێت کار بکەین بۆ دروستکردنی بەرەیەکی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، بەتایبەتی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا، بۆ ئەوەی بەرگری لە مافە دەستووری و نیشتمانییەکانی کوردستان بکەین، ئەمەش کارێکی مەحاڵ نییە، سەرکردایەتیی هەردوو حزبی کوردستانی (پارتی و یەکێتی) ئەزموونێکی دەوڵەمەندیان لەگەڵ یەکتر هەیە، ڕاستە برادەرانی یەکێتی هەندێك ئیشکالییاتیان هەیە، بەڵام دواجار کۆبوونەوەکان دەست پێ دەکات و دەگەینە ئەنجامێکی باش، واقیعی کورد بەراورد بە شیعە و سوننە لە عێراقدا جیاوازە و کورد خاوەنی قەزییەی خاك و نیشتمانە و، مافی دەستووریی لە عێراقدا هەیە، کە دەستوور دیاریی کردووە، دەبێت دانوستان و گفتوگۆکانیش بەو ئاراستەیە بڕوات.

وەرەقەی کورد بۆ لایەنە شیعەکان ڕوون و ئاشکرایە، کە لەسەر ئەم پرەنسیپانە دامەزراوە:

١- لە چوارچێوەی عێراقدا دەوڵەتێکی فیدراڵیی ڕاستەقینە دابمەزرێت، لە سەر بنەماکانی (سازان و شەراکەت و هاوسەنگی) لە نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی کوردو شیعە و سوننە دا.

٢- حکومەتێکی خزمەتگوزاری بێت و وڵات لە گەندەڵی و خراپیی دۆخی بژێویی خەڵك دەرباز بکات.

٣- ئەو حکومەتە توانای چارەسەری دۆسیێ سیاسی و ئابووری و ئەمنییەکانی هەبێت.

٤- گرفتی کورد پۆست نییە، بە قەد ئەوەی گرفتی جێبەجێکردنی مافە دەستوورییەکانی هەیە، بوونی کوردیش لەهەر سێ دامەزراوەکەی عێراقدا لە سەر ئەو بنەمایەیە. سەرۆك بارزانی و سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان پۆست وەکو وەسیلەیەك بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان و پارێزگاریکردن لە دەستکەوتە نەتەوەییەکان دەبینێت.

دواجار یەکلاکردنەوەی هەر سێ سەرۆکایەتییەکە بە یەك پاکێج تێپەڕ دەبێت لە پەرلەمان، کاندیدی سەرۆك کۆماریش کە پشکی کوردە، لە نێوماڵی کورددا یەکلایی دەکرێتەوە و، سیناریۆی ساڵی ٢٠١٨ جارێکی دیکە دووبارە نابێتەوە.

**سەرۆک بارزانی لە هەستیاریی قۆناغەکە تێدەگات و لە پێناو بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان و سەقامگیریی پرۆسەی سیاسیدا، بەردەوامە لە سەر نەهجی خۆی، کە بریتییە لە هێورکردنەوەی ناکۆکییە سیاسییەکان و نزیکبوونەوەی لایەنە سیاسییەکان لە پێناو بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵکی کوردستاندا**

مەحما خەلیل

قایمقامی شنگال بۆ گوڵان:

# پەکەکە ڕێگرە لە ئاساییبوونەوە و ئاوەدانکردنەوەی شنگال

**سەرەڕای ئەوەی شنگال کارەساتێکی گەورەی مرۆیی بەسەردا هات لە دوای هاتنی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، بەڵام دوای ڕزگارکردنی بە خوێنی دەیان پێشمەرگە، ئێستاش بە دەست کێشە و گرفتی گەورەوە دەناڵێنێت، بە تایبەتی بە هۆی بوونی پەکەکە و حەشدی شەعبییەوە، کە بوونەتە ڕێگر لە بەردەم ئاساییبوونەوە و ئاوەدانکردنەوەی دۆخی ئەم شارە، ئەم پرسانە بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ مەحما خەلیل قایمقامی شنگال.**

*** لەم ڕۆژانەدا ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی روفاتی گۆڕێکی بەکۆمەڵی قوربانیانی کۆچۆ بەڕێوە چوو، وێڕای ئەوەی سەری نوازش بۆ ئەو قوربانیانە دادەنوێنین، دەمانەوێت بزانین کارەساتی کۆچۆ چۆن ڕووی دا و، بۆچی هەوڵەکان بۆ ڕزگارکردنیان سەرکەوتوو نەبوو لە ٢٠١٤؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم کە لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی ڕوفاتی گۆڕەبەکۆمەڵی قوربانیانی کۆچۆ کەموکووڕی هەبوو، ئەویش ئەوە بوو کە هەموو ڕوفاتی قوربانییەکان بەخاك نەسپاردران، چونکە پێویست بوو حکومەتی بەغدا ڕۆڵی هەبووایە لە بەخاکسپاردنی هەموو ڕوفاتی قوربانیانی گۆڕەبەکۆمەڵەکانی شنگال و گوندی کۆچۆ و لە گۆڕەبەکۆمەڵەکانی نیشتمانیدا. سەبارەت بەوەی بۆچی لە ساڵی ٢٠١٤ ئەو کارەساتە بەسەر گوندی کۆچۆدا هات و نەتوانرا ڕزگار بکرێن، ئەوە کەموکووڕی و کەمتەرخەمیی ئاشکرا و بەرچاو هەبوو لەلایان حکومەتی عێراقی و هێزی هاوپەیمانی



كە ئێمە چەندین جار داوامان كرد كە لە ڕێی ئاسمانییەوە تیم و هێزێكی پسپۆڕ و تایبەت دابەزێندرێت، تاوەكو خەڵكی گوندی كۆچۆ ڕزگار بكەن. فەرماندەی هێزی ئەمریكا بە فڕۆكەی ئاپاچی (ئەباشی) هاتنە سەر چیای شنگال بە مەبەستی ئەوەی كە بچن گوندی كۆچۆ ڕزگار بكەن. بەڵام هەندێ لایەن لەسەر چیای شنگال بە كاری خۆیان هەڵنەستان، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین، كەمتەرخەمییەك هەبوو لە سەر ئاستی نیشتمانی لەلایەن حكومەتی عێراق و لەلایەن هاوپەیمانان بەرانبەر خەڵكی كۆچۆ كە ئەوە بوو نەتوانرا ڕزگار بكرێن.

*** نزیكەی ماوەی شەش ساڵە شنگال لە تیرۆریستانی داعش ئازاد كراوە، لە سەرەتاوە (دوای ٢٠١٦) چەندین پرۆژە هەبوون بۆ ئەوەی شنگال بە زوویی ئاوەدان بكرێتەوە، بەڵام دوای كارەساتی ١٦ی ئۆكتۆبەری ٢٠١٧ و گەڕانەوەی حەشدی شەعبی و چەكدارانی پەكەكە، ئاوەدانكردنەوەی شنگال ڕاوەستا، ئایا ئێستا بارودۆخی شنگال چۆنە و خەڵكەكەی چۆن ژیان بەسەر دەبات؟**

- بارودۆخی شنگال و ژیانی خەڵكی شنگال خراپتر بووە، پاش ئەوەی كە حەوت ساڵ بە سەر ڕزگاربوونی شنگالدا تێدەپەڕێت، لەو ماوەیەدا سەدان پرۆژە بۆ ئاوەدانكردنەوەی شنگال و گەڕانەوەی خەڵكی شنگال هەبوو، بەڵام پەكەكە بووە ڕێگر بۆ جێبەجێكردنی پڕۆژەكانی خزمەتگوزاری و ئاوەدانكردنەوەی شنگال. هەر لە چەند ڕۆژی ڕابردووش پەكەكە بڕیارێكی دا كە دەوام لە هەموو دامودەزگاكانی حكومەت لە سنووری شنگال ڕابوەستێت، بەڵام ئێمە و فەرمانبەرانی شنگال گوێمان بەو بڕیارەی پەكەكە نەدا، دەوام وەك هەموو ڕۆژانی دیكە كرا. لە پاشان پەكەكە هەڕەشەی لە فەرمانبەران كرد و، ئێمەش داوامان كرد پاڵپشتیی فەرمانبەران بكرێت،

**حەشدی شەعبی هاوكاری پەكەكەی دەكات تاوەكو بارودۆخێكی ناسەقامگیر و نائاسایی لەو سنوورە هەبێت و شنگال ئاوەدان نەبێتەوە**

**دەیانەوێت سنووری شنگال بە کراوەیی بمێنێتەوە و لەم ڕێگایەوە هاوکاری حزبوڵلای لوبنانی و ڕژێمی سووریا بکەن**

**ڕێککەوتنی شنگال جێبەجێ نەبووە، هۆکارەکەشی بۆ ڕێگریی حەشدی شەعبی و پەکەکە دەگەڕێتەوە**

**لایەنێکی دیکە بۆ جێبەجێ نەبوونی ڕێککەوتنی شنگال، بە هۆی لاوازیی حکومەتی فیدراڵ بووە، گوناهی نەتەوە یەکگرتووەکانیشی تێدایە**

**خەڵکی شنگال ژیانی کەمپیان هەڵبژاردووە و نەگەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان، لەبەر ئەوەی مەترسی لەسەر ژیانی ئەوان هەیە لەلایان چەکدارانی پەکەکەوە**

بۆ ئەوەی دوامی خۆمان بکەین و هەڵوێست لە بەرانبەر ئەو بڕیارەی پەکەکە وەربگیرێت. لە پاشان کە بینییان میللەت و فەرمانبەران گوێ بەو بڕیارەیان نادات، ئەوە پەکەکە بڕیارەکەیان هەڵوەشاندەوە، بێگومان پەکەکە بە پشتیوانیی حەشدی شەعبی، بەتایبەتی لە دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر، بوونەتە ئاستەنگ لە بەردەمی جێبەجێکردنی پڕۆژەی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوەی شنگال. هەروەها حەشدی شەعبی لەدوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر هاوکاری و هەماهەنگی پەکەکە دەکات، بەتایبەتی لە ڕووی لۆجستی و هەندێك یارمەتیی دیکەوە.

*** بوونی چەکدارانی پەکەکە لەناو شنگال مەترسییەکی زیاتری بۆ شنگال دروست کردووە و بووەتە بیانوویەك بۆ سوپای تورکیا، هەروەها بووەتە ڕێگریش لە ئاوەدانکردنەوەی شنگال، پرسیاری ڕاشکاو ئەوەیە بۆچی پەکەکە هاوکاریی حەشدی شەعبی دەکات و ڕێگە نادات شنگال ئاوەدان بکرێتەوە؟**

- لە ڕاستیدا، دەیانەوێت شنگال ئاوەدان نەبێتەوە و خەڵك نەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی شنگال بە دەڤەرێکی وێرانکار بمێنێتەوە، تاوەکو پەکەکە بتوانێت لە شنگال و سنوورەکە بمێنێت، هەرچەندە خەڵکی شنگال و سنوورەکە قبووڵیان نییە پەکەکە لەوێ بمێنێت. هەروەها حەشدی شەعبی هاوکاری پەکەکەی دەکات تاوەکو بارودۆخێکی ناسەقامگیر و نائاسایی لەو سنوورە هەبێت و شنگال ئاوەدان نەبێتەوە، دەیانەوێت سنووری شنگال بە کراوەیی بمێنێتەوە و لەم ڕێگایەوە هاوکاریی حزبوڵلای لوبنانی و ڕژێمی سووریا بکەن. ئێمە ڕەخنەیەکی دیکەشمان هەیە کە سوپای تورکیا و پەکەکەش ئەو سنوورەیان کردووەتە مەیدان و بۆ مەرام و یەکلاکردنەوەی حیساباتی خۆیان بە کاری دەهێنن، پەکەکە وای کردووە و بیانووی داوە کە ڕێگا بە تورکیا بدرێت، هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان و بەتایبەتی سنووری شنگال وێران بکات. ئامانجی پەکەکە ئەوەیە کە دەڤەری کوردان وێران بکات.

*** لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق و بە چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێککەوتنێك بۆ ئاساییکردنەوە و ئاوەدانکردنەوەی شنگال بە ناوی «ڕێککەوتنی شنگال»ئیمزا کرا. بۆچی ئەم ڕێککەوتنە نەچووە واری جێبەجێکردن و بۆچی ئەو ڕێککەوتنە مردار کرایەوە؟**

- ڕێککەوتنی شنگال جێبەجێ نەبووە، هۆکارەکەشی بۆ ڕێگریی حەشدی شەعبی و پەکەکە دەگەڕێتەوە، تاوەکو شنگال ئارامی تێدا دەستەبەر نەبێت و ئاوەدان نەبێتەوە و حکومەتی هەرێم و هێزی پێشمەرگە و لایەن و هێزە ئەمنییەکانی دیکە نەتوانن کاری خۆیان لەوێ جێبەجێ بکەن. هەروەها ئەم بارودۆخەش زیاتر هاتووەتەدی بە هۆی پشتیوانی و هاوکاریی حەشدی شەعبی بۆ پەکەکە، لایەنێکی دیکە بۆ جێبەجێ نەبوونی ڕێککەوتنی شنگال، بە هۆی لاوازیی حکومەتی فیدراڵ بووە، گوناهی نەتەوە یەکگرتووەکانیشی تێدایە. لایەنێکی دیکە کە هاوبەشە لەو ڕێککەوتنە حکومەتی هەرێمە کە دەبێت ئەویش هەوڵ و کۆششی زیاتر بکات بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنە.

*** ئیوە وەك قائیمقامی شنگال ئاگاداری وەزعی پەنابەرانی ئێزدین کە هەتا ئێستاش نەگەڕاونەتەوە بۆ شوێنی خۆیان، هەروەها ئاگاداری دۆخی ناو شنگالیشن کە پەکەکە ڕێگرە لە ئاساییکردنەوە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆیان، ئایا ئێستا وەزعی ئاوارەکانی ئێزدی چۆنە و هەوڵەکانتان بۆ باشترکردنی ژیانیان بە کوێ گەیشتووە؟**

- ئێستا بارودۆخ و ژیانی ئاوارەکانی کوردی ئێزدی خراپە و وەك پێوست هاوکاری نەکراون، نە لە سەر ئاستی جیهانی و نە لە سەر ئاستی حکومەتی عێراق. هەروەها ڕێکخراوە خێرخوازییەکانیش بەگشتی بەپێی پێویست بە کارەکانی خۆیان هەڵناستن. هەرچۆنێك بێت، خەڵکی شنگال ژیانی کەمپیان هەڵبژاردووە و نەگەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان، لەبەر ئەوەی مەترسی لەسەر ژیانی ئەوان هەیە لەلایان چەکدارانی پەکەکەوە، بەتایبەتی بە ڕفاندنی زارۆکی ئەوان و چەکدارکردنیانەوە. هۆکاری دیکەی خراپیی ژیانی ئاوارەکان نەبوونی خزمەتگوزاری و نەبوونی ئەمنییەتە، لە لایەکی



دیکەوە سنووری ئەوان کراوەیە و ناپارێزرێن و ترسی داعشیان لە سەرە. هەر بۆیە داوا دەکەین ڕێککەوتنی شنگال وەك خۆی جێبەجێ بکرێت و پێشمەرگە بگەڕێنەوە شنگال، خەڵکی شنگال بە ئاشکرا دەڵێن ئێمە ناگەڕینەوە شنگال، ئەگەر پێشمەرگە نەگەڕێتەوە. لەلایەکی دیکەوە حکومەتی عێراق جددی نییە لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی شنگال و حەشدی شەعبییش بەلایەکی زیاترە کە هاوکاریی چەکدارانی پەکەکە دەکات. هەموو ئەمانە بوونەتە فاکتەر و ڕێگر لە جێبەجێ نەکردنی ڕێککەوتنەکە، ئەگەرچی ئێمە بە هەموو شێوە و توانایەك لە هەوڵی ئەوەداین کە پرۆژە و هێمنی و ئاشتی لە شنگال بێتەدی، بەڵام بە بوونی چەکدارانی پەکەکە و چەکداری هێز و گرووپی ناشەرعی لە شنگال ئاسایش و ئاشتی بەرقەرار نابێت.

*** لەگەڵ ئەوەی بە هەوڵی ڕاستەوخۆی جەنابی کاك نێچیرڤان بارزانی، ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی ئێزدی ئازاد کران و گەڕێندرانەوە بۆ کوردستان، ئایا ئێستا چەند ژنی دیکە بێ سەروشوێنن و هەوڵەکانتان بۆ ئەم مەبەستە بە کوێ گەیشتووە؟**

- لە هەقیقەتدا دانانی ئۆفیسی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی بۆ ڕزگارکردنی ژنان و ڕفێندراوانی کوردانی ئێزدی لەدەستی داعش، کار و یارمەتییەکی زۆر باش بوو. ژنان و خوشکان و کەسانی کوردی ئێزدی و ڕفێندراوانی بەردەستی داعش زیاتر لە (٦٤٠٠) کەس بوون، لەم ژمارەیە تا ئێستاکە (٣٧٠٠) کەس ڕزگار کراون و (٢٧٠٠) کەس تا ئێستا بێسەروشوێنن. نزیکەی (١٩٠٠) کەس لە کەمپی هۆلێن لە ژێر دەستی هێزی سووریای دیموکراتیدان و هەندێکیش لە تورکیان. ئەگەرچی تا ئێستاکە وەزارەتی دەرەوەی عێراقی فیدراڵی بەرانبەر بەو ئاوارە و ڕفێندراوانە بە ئەرکی ئەخلاقی و مرۆڤایەتیی خۆی هەڵنەستاوە. دووەم ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش بڕیارێکی نەداوە هەر وەك پەرلەمانی کوردستان کە کارەساتی کوردانی ئێزدی بە جینۆساید بناسرێت. سێیەم حکومەتی عێراق هەوڵی نەداوە کە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی لەگەڵ وڵاتان بەکار بێنێت، بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون سەبارەت بە ڕفێندراون تاوەکو بیاندۆزنەوە و بیانگێڕنەوە.

**بە بوونی چەکدارانی پەکەکە و چەکداری هێز و گرووپی ناشەرعی لە شنگال ئاسایش و ئاشتی بەرقەرار نابێت**



## دکتۆر عەبدولحەکیم خەسرەو

**بەرپرسی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون بۆ گوڵان:**

# لە ئێستادا سەرقاڵی دووبارە پێداچوونەوەی هەیکەلی دامودەزگاکانی حکومەتین

**دکتـۆر عەبدولحەکیـم خەسـرەو بەرپرسـی فەرمانگـەی هەماهەنگـی و بەدواداچـوون لـە ئەنجومەنـی وەزیـران هەنگاوەکانی چاکسـازیی دەخاتـەڕوو، باسـی چەنـد یاسـا و بڕیـاری گرنگـی چاکسـازیی دەکات. بۆ قسـەکردن لەسـەر ئـەم پرۆسـەیە چەنـد پرسیارێکمان ئاراستەی کردووە و بەمجۆرە وەڵامـی پرسیارەکانی گوڵانـی دایـەوە.**

*** سەرەتا دەکرێت بزانین دواهەنگاوەکانی چاکسازی لە بواری وەزیفەی گشتی و گرنگیدان بە دەزگا چاودێرییەکان چی بووە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە بڕیاری ژمارە (یەك)ی تایبەت بە چاکسازی، تا چەند جێبەجێ کراوە؟**

- بڕیاری ژمارە یەك پەیوەست بوو بە چاکسازی لە بواری وەزیفەی گشتی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و وەڵامدانەوەی داواکاریی هاووڵاتیان و پەیوەندیی نێوان دامەزراوەکانی حکومەت و هاووڵاتیان و پرسی ڕێزگرتن لە داخوازیی هاووڵاتیان و بەدواداچوونی کاری فەرمانگەکان بە شێوازێکی گشتی، ئەمەش هەمووی لە پێناوی ئەوەی دامودەزگاکانی حکومەت بە باشترین شێواز ئەرك و کارەکانیان جێبەجێ بکەن. هەرچی سەبارەت بە دەزگا چاودێرییەکانیشە، بەتایبەتی دیوانی چاودێریی دارایی و دەستەی دەستپاکی و داواکاری گشتی، ئەوا بە تەئکید لەم کابینەیەدا گرنگییان پێ دراوە؛ تاوەکو سەرجەم ئەم دەزگا چاودێرییانە هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بن بۆ جێبەجێکردنی ڕێنمایی و بڕیار و ڕێسا و یاساکانی تایبەت بە چاکسازی، کە کاریگەریی هەبووە لە سەر باشترکردنی ئەدای جێبەجێکردنی یاساکان، تەنانەت دامودەزگاکانی حکومەتیش کاتێك دەزانن کۆمەڵێك دامەزراوەی چاودێریی هەیە و بەدواداچوون و چاودێریی کارەکانیان دەکات، ئەو کات تواناو ئاستی خزمەتگوزارییان باشتر دەبێت.

*** هەر سەبارەت بە دەزگا چاودێری و بەدواداچوونەکان یەکێك لە ئەرکەکانی پەرلەمان بەدواداچوون و چاودێرییە، دەکرێت بپرسین پەیوەندیی نێوان حکومەت و پەرلەمان لەم کابینەیەدا تاچەند بەرەو پێشەوە چووە؟**

- لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا زۆرترین سەردانی وەزیرەکان بۆ پەرلەمان بووە، لەگەڵ لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەماندا زۆرترین کۆبوونەوە و وتوویژ و گفتوگۆیان ئەنجام داوە و، لە سێ ساڵی تەمەنی کابینەکەدا توانراوە زۆرترین وەڵامی پرسیارەکانی هاووڵاتیان لە ڕێگەی پەرلەمانتاران بدەنەوە و لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیشدا زۆر ئەکتیڤ بوون، هەروەها لە شیکردنەوەی سیاسەتی گشتی لە هەر بوارێکدا بێت، سەردانی لیژنەکانی پەرلەمانیان کردووە و بەشدارییان لە دانیشتنی پەرلەمانیشدا کردووە. بەم شێوەیە بەپێی بەراوردی نێوان کابینەکانی پێشوو خولەکانی دیکەی پەرلەمان و ئەم خولەی پەرلەمان زۆرترین پەیوەندیی نێوان دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لیژنە پەرلەمانییەکان و پەرلەمانتاران بووە.

*** پرۆسەی چاکسازی چەندین بوارو سێکتەر لەخۆ دەگرێت؛ ڕاستە جێبەجێکردنی چاکسازی لە هەموو ئەم پرۆسەیەدا پێویستی بە کات هەیە، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا خشتەیەکی زەمەنی هەیە بۆ ئەوەی یاسای چاکسازی بە تەواوەتی هەمووی جێبەجێ بکرێت؟**

- چاکسازی چەندین هەنگاوی هەیە و بە سەر چەندین سێکتەردا دابەش بووە، گرنگترینیان کە بەردەوام کارمان لەسەر کردووە، بریتییە لە جێبەجێکردنی یاسای چاکسازیی ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٢٠ کە پەیوەستە بە مووچە و دەرماڵە و مینحە و سوودمەندبوون لە بودجەی گشتی، هەروەها چاکسازیی کارگێڕی و بەڕێوەبردن کە فرەڕەهەندە و بەشێکیان پەیوەستە بەو یاسا و ڕێسایانەی کە بواری وەزیفەی گشتی ڕێکخستووە و بەشێکی دیکەی پەیوەستە بە هەیکەلیەتی دامودەزگاکان و بیروکراسیەتی دامودەزگاکان.

*** لە ئێستادا سەرقاڵی دووبارە پێداچوونەوەن بە هەیکەلی دامودەزگاکانی حکومەتدا، ئایا لە سەر چ میکانیزم و بەپێی چ یاسا و بڕیارێك ئەم کارە دەکەن، بۆ ئەوەی لە ڕووی واقیعی و لۆژیك و زانستییەوە هەیکەلی وەزارەتێك دابڕێژینەوە کە لە خزمەتی باشکردنی ئەدا و توانای دامەزراوەکە بێت؟**

- بوارێکی دیکەی چاکسازی پەیوەستە بە پێداچوونەوە بە هەیکەلی دامودەزگاکانی حکومەت کە ئێمە زۆر جار هەست دەکەین، هەیکەلی ئەو دامەزراوانە قەبەیە و بە یەك ستاندارد لەسەر ئاستی وەزارەتەکان دانەنراون و، جیاوازییان هەیە، بۆیە ئەمەش بەشێك بووە لە پلان و لە بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان. بۆ تەواوکردنی پرۆسەی چاکسازیی هەوڵمانداوە بەپێی بڕیاری ژمارە ٣٣ی ئەنجومەنی وەزیران پێداچوونەوە بە هەیکەلی وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەتدا بکەین، یان ستانداردکردنی بەشێك لەو دامودەزگایانە بە شێوازێك لە گشت دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە یەك ستاندار بێت و بە یەك میکانیزم کار بکەن.

**ڕێنمایی و بڕیار و ڕێسا و یاساکانی تایبەت بە چاکسازی، کاریگەریی لە سەر باشترکردنی ئەدای جێبەجێکردنی یاساکان بووە**

**دامودەزگاکانی حکومەت کاتێک دەزانن کۆمەڵێک دامەزراوەی چاودێری هەیە و بەدواداچوون و چاودێریی کارەکانیان دەکات، ئەو کات توانا و ئاستی خزمەتگوزارییان باشتر دەبێت**

**لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا زۆرترین سەردانی وەزیرەکان بۆ پەرلەمان بووە**

**ناهاوسەنگییەکی زۆری فەرمانبەران هەیە، واتە لە دامەزراوەیەک ژمارەی فەرمانبەران وەکو پێویست نییە و لە فەرمانگەیەکی دیکە ژمارەی فەرمانبەران زیاترە**

لێرەدا لیژنەیەکی تایبەتمەند کاری لەسەر کردووە و لە ماوەی ڕابردوودا لەگەڵ گشت وەزارەتەکان لە پەیوەندیدا بوون لەگەڵ لیژنە تایبەتمەندەکان لە گشت وەزارەتەکان و دیراسەتکردنی هەیکەلیەتی ئەم وەزارەتانە و ژمارەی فەرمانبەر و ئەو هەیکەلەی کە پێویستە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان، لێرەدا دەمەوێت ئەوە باس بکەم، لە دامودەزگایەکەوە بۆ دامودەزگایەکی دیکە، ناهاوسەنگییەکی زۆری فەرمانبەران هەیە، واتە لە دامەزراوەیەك ژمارەی فەرمانبەران وەکو پێویست نییە و لە فەرمانگەیەکی دیکە ژمارەی فەرمانبەران زیاترە، لەلایەکی دیکەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە هەندێك گواستنەوە لە نێوان وەزارەتەکاندا بەپێی پێویستی وەزارەتەکان مۆڵەتی پێ دراوە، بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرین، ئەمەش جۆرێکە لە کرانەوە بۆ ئەوەی سوود لە توانا و پسپۆڕییەکان وەربگرین لە دامودەزگا جیاوازەکان، لەلایەکی دیکەوە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی هەیە لە چەندین بەڕێوەبەرایەتی پێکهاتووە، ڕەنگە ئەو ژمارە زۆرەی بەڕێوەبەرایەتی پێویست نەبێت، ئێستا لیژنەیەکی پەیوەندیدار لە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران دامەزراوە و لە کۆتایی هەفتەی ڕابردوودا ئەم لیژنەیە لەگەڵ گشت وەزارەتەکان کۆبوونەوەیان کرد و هەموو هەوڵەکانمان بۆ ئەوەیە لە ماوەی ئەم کابینەیە بەشێك لەم کارانە تەواو بکەین. خۆشبەختانە ئێستا لە چوارچێوەی یاسای چاکسازی وەکو دواهەنگاوبەندی کاری بۆ کراوە.

*** چاکسازی لە پرسی بۆدجەی گشتی بە یەکێك لەو بوارانە دادەنرێت کە جێگای بایەخ و گرنگیی لە ڕاددەبەدەری هەیە، لەم بارەیەوە چی کراوە؟**

- بەو پێیەی ئێمە چەند سەرچاوەیەکی داهاتمان هەیە کە سەرچاوەی نەوت و غاز و داهاتی ناوخۆی کوردستان و شایستە داراییەکانی پشکی هەرێمە لە بودجەی فیدراڵی عێراق، بەشێکی ئەم خەرجییانە بۆ مووچە و خەرجی وەزارەتەکان و ئەوەی دیکە بۆ وەبەرهێنان و بونیاتنانی ژێرخانی ئابووری و بەردەوامیی خزمەتگوزاریی گشتی تەرخان کراوە، لەم کابینەیەدا هەوڵی ئەوەمان دا، خەرجی بەکارخستن شەفافتر بێت، هەروەها کۆنتڕۆڵی زیادەڕۆیی بکەین لە خەرجی زیاد لە پێویست بۆ ئەوەی بە هەدەر نەدرێت و بە فیڕۆ نەچێت، بۆ ئەم مەبەستە لە هەوڵی ئەوەداین سیستەمی ئەلەکترۆنی بۆ دابمەزرێنین و لەم ڕێگایەوە وەزارەت و ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی پێکەوە کار لەسەر ئەم داواکارییە بکەین بۆ خەرجی وەزارەتەکان، بۆ نموونە وەزارەتێك پێویستی بە خەرجی کاری ڕۆژانە لە دەرەوەی پێشینەی وەزارەتە کە خەرجییەکی زیادەیە بەپێی ئەو بودجەیەی وەزارەتی دارایی بۆی داناوە و بەپێی ئەو سیستەمە ئەلەکترۆنییە دەزانین کام خەرجی کەم بکەینەوە و کام خەرجی زیاد بکەین. بۆ نموونە لەم کابینەیەدا لە زۆربەی خەرجی تەشغیلی بۆ ئاستێکی زۆر کەم کراوەتەوە ئەمە وێڕای کەمکردنەوەی پێشینەکان کە بە ناچاری پەیوەست بووە بە قەیرانی دارایی، وەکو پلانێك پێویست بوو خەرجییەکانمان سنووردار بکەین، بە تەئکید ئێستا زۆربەی وەزارەتەکانی کردووەتەوە و وردە وردە بەرەو یەکە ژمێرياریيەکانیش دەڕۆین، بۆ ئەوەی لەلایەن خودی وەزارەت و بە تەنسیق لەگەڵ گەنجینە و وەزارەتی دارایی و ئەنجومەنی وەزیران بە مووچەشەوە ڕێك بخرێت.

*** باسی مووچەکانت کرد، هەڵبەتە بەشێکی زۆری خەرجییەکان پەیوەستە بە مووچە و ئیمتیازات، ئایا تاچەند پرسی مووچە ڕێکخراوەتەوە و چاکسازی تێدا کراوە؟**

- بەشێکی زۆری خەرجییەکان پەیوەستە بە مووچە و ماف و ئیمتیازات کە بەپێی یاسای چاکسازی مامەڵەی ڕاست و دروستی لەسەر کراوە، ئەوانەی زیاتر سوودمەندن لە مووچە نزیکەی ١١ هەزار کەس تۆمار کرابوون لە سیستەمی بایۆمەتری کە بەشێکیان بەپێی یاسا ڕێپێدراون، بەڵام ئەوەی دوو مووچە، یان مووچەیەکی خانەنشینی و مووچەی فەرمانبەری، یان دوو مووچەی خانەنشینی و بەم شێوەیە وەربگرێت، توانیمان لەوانەی بەپێی یاسا وەسیە و وەکیلە و پیر و پەککەوتە و ناکام کە مافی خۆیان هەیە هەموو ئەمانەمان چارەسەر کرد و گشت پرۆسەکە تەواو بووە.

*** پرسی خانەنشینی و پرۆسەی چاکسازی لە مووچەی خانەنشینی کە ماوەیەك لەمەوبەر دەنگۆ و ناڕەزایەتییەکی زۆری لێکەوتەوە، تا چەند ئەم پرسە بە لۆژیکانە و بەپێی ڕێنمایی و یاسای چاکسازی ڕووی لەچارەسەرکردن کردووە؟**

- هەرچی خانەنشینی پلە باڵاکانە پێداچوونەوەمان بۆ کردووە، بەپێی یاسا بووە لە ٥٠٪ بۆ دوامووچە و دەرماڵە کە وەریان دەگرت، ئەویش بە مەرجی ئەوەی ١٥ ساڵ خزمەت و تەمەنی لە ٤٥ ساڵ زیاتر بێت

**هەندێک گواستنەوە لە نێوان وەزارەتەکاندا بەپێی پێویستی وەزارەتەکان مۆڵەتی پێ دراوە، بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرین، ئەمەش جۆرێکە لە کرانەوە بۆ ئەوەی سوود لە توانا و پسپۆڕییەکان وەربگرین**

**بەڕێوەبەرایەتیی گشتی هەیە لە چەندین بەڕێوەبەرایەتی پێکهاتووە، ڕەنگە ئەو ژمارە زۆرەی بەڕێوەبەرایەتی پێویست نەبێت**

**لەم کابینەیەدا هەوڵی ئەوەمان دا، خەرجی بەکارخستن شەفافتر بێت، هەروەها کۆنتڕۆڵی زیادەڕۆیی بکەین لە خەرجی زیاد لە پێویست بۆ ئەوەی بە هەدەر نەدرێت و بە فیڕۆ نەچێت**

**لەم کابینەیەدا لە زۆربەی خەرجی تەشغیلی بۆ ئاستێکی زۆر کەم کراوەتەوە ئەمە وێڕای کەمکردنەوەی پێشینەکان کە بە ناچاری پەیوەست بووە بە قەیرانی دارایی**

و بەپێی ئیستحقاقی خۆی پۆستەکەیان بینیبێت، بەپێچەوانەوە ئەوانەی پۆستەکەیان نەبینیبوو دوو بەشن بەشێکیان وەکو ڕێزلێنان کە پێش ساڵی ١٩٩١ پێشمەرگە بوون و بە دەسەڵاتێکی ئەنجومەنی وەزیران ئەم مووچەیەیان پێ دراوە و ئێستا وەکو مافێك و شایستەی خۆیان لە چوارچێوەی یاسا بەرکارەکانی پێشمەرگە مووچەیان پێ دەدرێت، ئەمانە تەجاوزیان لە سەر بودجەی گشتی نەکردووە، بەڵکو ئەمانە لە چوارچێوەی یاساکانی خۆیان ماف و ئیمتیازاتیان دەدرێتێ کە یاسای ٣٣ی ساڵی ٢٠٠٧ و یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە و یاسای خانەنشینی بەرکەوتەی خانەنشینی پێشمەرگەی ٣٤ی ساڵی ٢٠٠٧، لە هەمان کاتدا ئەو خانەنشینانەی بە پلەیەك بەرزتر خانەنشین کراون، بە تەئکید پێداچوونەوە بە هەموو ئەوانەشدا دەکەین و ئێستا لە چوارچێوەی بڕیاری ٧٦ی ئەنجومەنی وەزیران کاری لەسەر دەکرێت. لەم هەفتەیەشدا خۆشبەختانە دواهەنگاوەکانی دامەزراندنی سندوقی خانەنشینی دەست پێ دەکات، دوای ئەوەی پەیڕەومان دەرکردبوو کە یەکێك بووە لە هێڵە گشتییەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەچوارچێوەی یاسای چاکسازی دێت، هاوکات دەستەی بەڕێوەبردنی سندوقی خانەنشینی پێك دێت و لەمەودوا بڕینی خانەنشینی ناچێتە هیچ تۆمار و شوێنێك، بەڵکو ئەو بڕە پارەیە دەچێتە ناو سندوقەکە و دەبێتە زەمانەتێك بۆ مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی ئەوانەی لە وەزیفەی گشتیدا کار دەکەن.

*** ئەی سەبارەت بە سوودمەندبوون لە مەسەلەی مینحەی شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی چی کراوە و بەنیازی چین؟**

- پێداچوونەوەیەکی باش بە مینحەی شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی کراوە و لەمبارەیەوە بەردەوامن و تا ئێستا چەندین جۆری مینحە کۆتایی پێ هاتووە، کە هیچ بنەمایەکی یاسای نەبووە، ئەوانەی ئەو مافەشیان هەیە لە چوارچێوەی یاسایی کاری لەسەر کراوە. ئەم حاڵەتە لە بواری کاروباری کۆمەڵایەتی و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکانیش کاری باش کراوە.

*** ئەی لە بواری قەرزە بازرگانییەکان چی کراوە؟ ئایا توانراوە ئەو بڕە پارە زۆرەی قەرزی کۆمپانیاکان وەربگیردرێتەوە؟**

- هەرچی تایبەتە بە قەرزە بازرگانییەکان کە تا ئێستا بڕە پارەیەکی ئەم قەرزانە گەڕاوەتەوە، بەڵام ئەو بڕە پارەیە بەرامبەر قەرزەکە کەمە و ئیجرائاتی وەرگرتنەوەی قەرزەکان بەردەوامە، بەتایبەت لە مەسەلەی دەستبەسەرداگرتنی ڕەهنەکان و مامەڵەیەکی یاسایی لەگەڵ ڕەهنەکان دەکرێت بۆ ئەوەی ئەم ڕەهنانە لە چوارچێوەی ڕێکارە یاساییەکان ببێتە بەشێك لە موڵکی وەزارەتی دارایی و ئابووری، لەمەشدا وەزارتی دارایی لەگەڵ بانکە بازرگانییەکان لەگەڵ وەزارەتی داد پێکەوە کاریان کردووە بۆ ئەوەی گشت ئەو قەرزە بارزگانییانە وەربگرنەوە و ئەوانەی تا ئێستا نەیانگەڕاندووەتەوە، بەرامبەریان ڕێکاری یاسایی بگرنەبەر.

*** باسی شەفافییەتت کرد. هەڵبەتە یەکێك لە کۆڵەکەکانی حوکمڕانییەکی باش و سەرکەوتوو مەسەلەی شەفافییەتە کە ڕێگری لە تەشەنەکردنی گەندەڵی و بەفیڕۆدانی بودجە و دارایی گشتی دەکات، ئایا لەم بارەیەوە چی کراوە؟**

- لەم کابینەیە زۆرترین زانیاریی بە پەرلەمان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و خەڵکی دراوە، بەتایبەتی لە پرۆژەکان و گوژمەی پرۆژەکان و لایەنی جێبەجێکارو شێوازی کارکردن لەسەر ئەو بوارانە کە پێم وایە قەبارەیەکی زۆر زانیاریی دراوە بە هاووڵاتیان و هەموو ئەو پرس و بابەتانەی کە پێویستە ڕای گشتی ئاگادار بێت، هەر هەمووی دراوە بە پەرلەمان و ڕێکخراوەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و خەڵکی لە ئێستادا ئاسۆیەکی فراوانتریان بۆ وەرگرتنی زانیاریی و داتاکان لەبەردەستدایە.

*** چاکسازی لە بواری سیستەمی باج بە کوێ گەیشتووە؟ ئایا هیچ کەسێك لێخۆشبونی لە پێدانی باج بۆ کراوە؟**

- ڕێکاری یاسایی توند بەرامبەر ئەو کۆمپانیا و کەسانە پەیڕەو کراوە، کە خۆیان لە باج دەدزنەوە، چونکە ناکرێت هیچ کۆمپانیا و کەسێك لێخۆشبوونی باج بیگرێتەوە، یان ئیستسنا بکرێت لە پێدانی باج، بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی دارایی و ئابووری لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی باجەوە ڕێکاری یاساییان بەرامبەر ئەوانە پەیڕەو کردووە کە خۆیان لە باج دەدزنەوە، لەم بارەیەوە بڕیاری ژمارە ١٣ی ئەنجومەنی وەزیران ڕوون و ئاشکرایە کە تایبەت بوو بە بەدواداچوون بۆ ئەو کەسانەی خۆیان دەدزنەوە.

**سندوقی خانەنشینی پێک دێت و لەمەودوا بڕینی خانەنشینی ناچێتە هیچ تۆمار و شوێنێک، بەڵکو ئەو بڕە پارەیە دەچێتە ناو سندوقەکە و دەبێتە زەمانەتێک بۆ مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی ئەوانەی لە وەزیفەی گشتیدا کار دەکەن**

**کۆمەڵێک ڕێسا و یاسا هەیە کە بواری خزمەتگوزاریی ڕێکخستووە و دەبێت هاووڵاتیان ئەو هەنگاوانە جێبەجێ بکەن**

**لەم کابینەیە زۆرترین زانیاریی بە پەرلەمان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و خەڵکی دراوە، بەتایبەتی لە پرۆژەکان و گوژمەی پرۆژەکان و لایەنی جێبەجێکارو شێوازی کارکردن لەسەر ئەو بوارانە**

**گلێن دیزێن** پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی باشووری ڕۆژهەڵاتی نەرویج بۆ گوڵان:

# ئەوەی ئێستا لە ئۆکرانیا دەگوزەرێت وەک تەنگژەی مووشەکیی ساڵی ١٩٦٢ وایە

گلێن دیزێن پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی باشووری ڕۆژهەڵاتی نەرویج، تایبەتمەندی کاروباری ڕووسیا و ناتۆیە، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پەیوەست بوون بە دۆخ و بارگرژیی هەڵکشاوی ئۆکرانیا و کۆکردنەوەی هێز لەلایەن ڕووسیاوە لە سەر سنووری ئەو وڵاتە و کاردانەوەی ڕۆژئاوا و، بە دیاریکراویش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

دیمانەی تایبەت



*** چۆن وەسفی ئەو بارودۆخ و بارگرژییە هەڵکشاوەی سەر سنوورەکانی ئۆکرانیا دەکەیت، بە تایبەتی کە ڕووسیا هێزێکی زۆری لە سەر سنوورەکانی ئەو وڵاتە کۆکردووەتەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئێمە دەتوانین هەم وەك ناکۆکییەکی ناوخۆیی و هەمیش وەك ناکۆکییەکی ئەورووپی لێی بڕوانین و لێکی بدەینەوە، ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ ساڵی ٢٠١٤، کاتێك حکومەتەکانی ڕۆژئاوا حکومەتەکەی ئۆکرانیایان ڕووخاند، و حکومەتێك هاتە ئاراوە کە سەرکوتکاریی ئەو بەشەی دەکرد کە بە ڕووسی قسەیان دەکرد و، کاتێك مەسەلەی ئەوە هاتەئاراوە کە ئۆکرانیا ببێتە بەرەیەکی دژ بە ڕووسیا و ڕێکخراوی ناتۆش درێژ ببێتەوە بۆ نێو ئۆکرانیا، ئەوا ڕووسیا ئەمەی بە هەڕەشەیەکی وجوودی لەسەر خۆی هەژمار کرد و لێکی دایەوە، ئێستاش ئەوە بەدی دەکەین کە ڕووسیا هێزەکانی کۆکردووەتەوە لە سەر سنوور، بۆ ئەوەی ڕێگری لە ئۆکرانیا بکات، تاوەکو هێرش نەکاتە سەر ناوچەی دۆنباس، ئەمەش بووەتە هۆی ئاڵۆزکردنی دۆخەکە، چونکە ڕۆژئاوا دەیەوێت ڕێگری لە ڕووسیا بکات، تا نەتوانێت هێرش بکاتە سەر ئۆکرانیا و، لەم ڕووەوە چەك بە حکومەتەکەی کییف دەدەن، بەڵام من پێم وایە بەم شێوەیە بوێری بە حکومەتەکەی کییف دەدەن، بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر ناوچەی دۆنباس و، خۆ ئەگەر بێتوو هێرشی بکاتە سەر، ئەوا کێشە و تەنگژەیەکی گەورە دروست دەبێت.

**ڕۆژئاوا دەیەوێت ڕێگری لە ڕووسیا بکات، تا نەتوانێت هێرش بکاتە سەر ئۆکرانیا و، لەم ڕووەوە چەک بە حکومەتەکەی کییف دەدەن**

*** کەواتە پێت وایە ڕووسیا نیگەرانیی ڕەوای هەیە و کار و کردەوە و، هەڵوێستەکانی و کۆکردنەوەی هێزە لە سەر سنووری ئۆکرانیا پاساویان هەیە و ڕووسیا بەرگری لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆی دەکات؟**

**چەکی ڕۆژئاوایی لە ئۆکرانیا جێگیر کراوە بە ئاراستەی ڕووسیا، ڕووسیاش وەک کاردانەوەیەک هێزەکانی هێناوەنەتە سەر سنوور و جێگیری کردوون لە نزیک سنوورەکانی ئۆکرانیا**

**ناتۆ نایەوێت درێژکردنەوەی دەستڕۆیشتوویی خۆی کۆتایی پێ بێنێت، یان ڕایبگرێت، ڕووسیاش هێڵێکی سووری دیاری کردووە و دەیەوێت بە هەموو نرخێک بەرفراوانبوونی ناتۆ ڕابگرێت**

**لە ڕۆژگاری شەڕی ساردا ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا جیا ببوونەوە و شەڕی بە وەکالەت لە جیهانی سێدا بەڕێوە دەچوو، بەڵام ئێستا ئەم دابەشبوونە بەو شێوە بەرچاوە نییە و شەڕەکە لە نێو ناکۆکیی دیکەدا ڕەنگ دەداتەوە**

- دەکرێت بڵێین ئەمە تا ڕاددەیەك ڕاستە، ئێمە دەزانین چارەسەری کێشە و قەیرانی ئۆکرانیا لە ڕێککەوتنی ئاشتی مینسکدا بوو، کە ئەوەی لەخۆ گرتبوو، دەبێت حکومەتی کییڤ دەست بە گفتوگۆ بکات لەگەڵ ناوچەی دونباس، تا ئێستا ئەوە ئەوانن کە پێشێلی ئەو ڕێککەوتنە دەکەن کە نەتەوە یەکگرتووەکان پەسەندی کردووە، بەڵام دەبێت ئەوەمان لە بەر چاو بێت کە ئەم مەترسییە، هەڕەشەیەکی وجوودییە بۆ سەر ڕووسیا. ئەمە هاوشێوەی تەنگژەی ساڵی ١٩٦٢ـە کاتێك یەکێتی سۆڤییەت مووشەکی لە کوبا جێگیر کرد، ئەوە بوو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڕەشەی پەنابردنەبەر شەڕێکی ناوکیی کرد، ئەگەر بێت و ئەو مووشەکانە لانەبرێن. واتە ئێستا ڕووسیا لەم دۆخەدایە، کە چەکی ڕۆژئاوایی لە ئۆکرانیا جێگیر کراوە بە ئاراستەی ڕووسیا، ڕووسیاش وەك کاردانەوەیەك هێزەکانی هێناوەنەتە سەر سنوور و جێگیری کردوون لە نزیك سنوورەکانی ئۆکرانیا. ئەگەر وەڵامی پرسیارەکەی ئێوەش بدەمەوە ئایا نیگەرانییەکانی ڕووسیا ڕەوان، ئەوا ئەمە بەندە بەوەی مەبەستم لە ڕەوا چییە، چونکە ئەگەر ئێمە باسی یاسای نێودەوڵەتی بکەین، ئەوا ئەم کارەی ڕووسیا شەرعیەتی نییە، بەڵام خۆ ڕووخاندنی حکومەتەکەی ئۆکرانیاش لە ساڵی ٢٠١٤ لە لایەن ڕۆژئاواوە شەرعی نەبوو، بەڵام ئەوەی هەیە وڵاتێکە دەیەوێت بەرگری و بەرپەرچی هەڕەشەیەکی وجوودی لەسەر خۆی بداتەوە.

*** ئەی دەکرێت ئەم دۆخە بە گەڕانەوەی شەڕی سارد وەسف بکەین لە نێوان ڕووسیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و، ئایا چۆن لە هەڵوێست و سیاسەتی ئەمریکا دەڕوانیت لە ئاست ئەم ناکۆکی و بارگرژییە؟**

- ڕەنگە بتوانرێت بە دەستەواژەی شەڕی سارد وەسف بکرێت، چونکە کاتێك شەڕی سارد کۆتایی هات، ڕێککەوتنێکی ئەمنی کرا، کە هیچ لایەك پەنا نەباتە بەر درێژکردنەوەی دەستڕۆیشتویی خۆی، بەڵام واقیعەکە ئەوەبوو کە لە ساڵانی نەوەتەکاندا ڕووسیا لاواز بوو و هەوڵی درێژکردنەوەی دەستڕۆیشتویی ناتۆ درا، ئەمەش بە مانای ئەوە هات ڕووسیا لاوازتر دەبوو، مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە ڕێککەوتنە ئەمنییەکە جێبەجێ نەکرا و پێشێل کرا، ئێستاش دەبینین ڕووسیا لە دۆخێکی باشتر و بەهێزتردایە و لە هاوکاریدایە لەگەڵ چین، ئەو ڕێککەوتنە ئەمنییەش کۆتایی هات و نەما، دەبینین ناتۆ نایەوێت درێژکردنەوەی دەستڕۆیشتوویی خۆی کۆتایی پێ بێنێت، یان ڕایبگرێت، ڕووسیاش هێڵێکی سووری دیاری کردووە و دەیەوێت بە هەموو نرخێك بەرفراوانبوونی ناتۆ ڕابگرێت. کەواتە ئەوەی لێرەدا دەمەوێت بیڵێم و ئاماژەی بۆ بکەم ئەوەیە، کە دەکرێت لە هەندێ ڕوو و ڕەهەندەوە ئەم دۆخە بەراورد بکرێت و بچوێندرێت بە سەروەختی ڕۆژگاری شەڕی سارد، ئەگەرچی لە ڕۆژگاری شەڕی ساردda ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا جیا ببوونەوە و شەڕی بە وەکالەت لە جیهانی سێدا بەڕێوە دەچوو، بەڵام ئێستا ئەم دابەشبوونە بەو شێوە بەرچاوە نییە و شەڕەکە لە نێو ناکۆکیی دیکەدا ڕەنگ دەداتەوە.

*** هەروەك ئاشکرایە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەنای بردووەتە بەر بەکارهێنانی ڕێکار و سزا ئابووری و داراییەکان بۆ سزادانی ڕووسیا و بۆ ناچارکردنی بە گۆڕینی هەڵوێستەکانی، تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ کارایی ئەم ڕێکارانە چییە؟**

- نکۆڵی لەوە ناکرێت سزاکان کاریگەرییان هەبووە لە سەر ئابووریی ڕووسیا، بەڵام نەیانتوانیوە ئابووریی ڕووسیا تێك بشکێنن، بەو شێوەیەی کە ڕۆژئاوا هیوای بۆ دەخواست، هۆکارەکەش ئەوەیە کە ڕووسیا بە چەشنێکی خێرا سەرچاوە ئابوورییەکانی جۆراوجۆر دەکات، بە دوور لە ڕۆژئاوا، بە تایبەتی لە بواری تەکنەلۆژیا و پیشەسازی و ووزە، هەروەها لە ڕوی بازاڕی دارایی و پەرەپێدان بە کەرتی بانکەوە، واتە لە ئێستادا ڕووسیا سەرقاڵی جۆراوجۆرکردنی ئابوورییەکەیەتی بە ئاراستە و ئاقارێکی زیاتر بەرەو چین، کەواتە لە لایەکەوە هەموو ئەم سزا ئابوورییانە بوونەتەهۆی دروستکردنی گرفت بۆ ئابووریی ڕووسیا، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین ئەم سزایانە کێشەی گەورەشیان بۆ ئابووریی وڵاتانی ئەورووپا



دروست کردووە.

*** زۆر جار ڕووسیا تۆمەتبار دەکرێت بەوەی کە هەوڵی لاوازکردنی سیستمی لیبراڵیی جیهانی دەدات و، دەیەوێت لە ڕێی بەکارهێنان و هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزەوە برەو بە بەرژەوەندییەکانی خۆی بدات، بۆچونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- ڕاستە ئاماژە بەوە دەکرێت کە ڕووسیا دەیەوێت دۆخەکە لە ڕێی هێزەوە بگۆڕێت، بەڵام ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەروەختەی کە ڕووسیا هێزی لە دژی شیشان بەکار دەهێنا، ئەوا بۆ ڕێگریکردن بوو لە جیابوونەوەی ئەو وڵاتە، واتە هەوڵی ڕووسیا بۆ پارێزگاریکردن بوو لە بارودۆخە هەنووکەییەکە، هەروەها لە ساڵی ۲۰۰۸، هێزی بەکارهێنا بۆ بەرپەرچدانەوەی جۆرجیا، کە هەوڵی داگیرکردنی ئۆسێتیای باشووری دا، واتە ئەمەش هەر بۆ پارێزگاریکردن بوو لە دۆخە هەنووکەییەکە، هەمان لێکدانەوەش بەسەر ڕووداوەکانی ساڵی ۲۰۱٤ و لە پەیوەندیدا بە ئۆکرانیاوە هەر ڕاستە، کەواتە ڕووسیا هێزێکە دەیەوێت پارێزگاری لە دۆخی هەنووکەیی بکات، نەک بیەوێت بارودۆخەکە بە ئاقار و ئاراستەیەکی دیکەدا ببات، ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە سیستمە جیهانییەکەوە کە وا وێنا دەکرێت لە سەر بنەمای ڕێساکانی هاتبێتە دامەزراندن، ئەوا ئێمە یاسای نێودەوڵەتیمان هەیە، بەڵام ئەم سیستمە جیهانییە لە سەر بنەمای هیچ ڕێسایەك بنیات نەنراوە و، بگرە وڵاتان تێیدا خاوەن سەروەرییەکی نایەکسانن، بۆ نموونە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێگا بە خۆی دەدات یەگۆسلاڤیای پێشوو، و عێراق و سووریا و لیبیا و یەمەن و هەر شوێنێکی دیکە داگیر بکات، بە پاساوی برەودان بە دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی وڵاتانی دیکە ئەم سیستمە ڕەت بکەنەوە.

*** کەواتە پێت وایە ئەوەی پێی دەگوترێت سیستمی لیبراڵیی جیهانی سەروەختی بەسەر چووە و کۆتایی هاتووە؟**

- هەروەك ئاماژەم پێ کرد، دەبێت ئێمە ئەوە دیاری بکەین کە ئایا سیستمی لیبراڵیی جیهانی چییە، کە زۆر جار یەکسان کراوەتەوە بە هەژمونگەرایی لیبراڵییەوە، کە من پێم وایە لە داکشاندایە، هەروەها سیستمی ئابووریی لیبراڵییش لە داکشاندایە، هەروەها ئەو بەها لیبراڵییانەی بۆ سنووردارکردنی یاسای نێودەوڵەتی بەکار دەهاتن، ئەوانیش تا ڕادەیەك لە داکشاندان.

*** لە کۆتاییدا دەمانەوێت پرسین پێشبینیی ئێوە چییە بۆ ئەو بارودۆخەی لە ئۆکرانیا دروست بووە، ئایا ئەگەری شەڕ لە ئارادایە، یان لە کۆتاییدا عەقڵ و حیکمەت زاڵ دەبێت و کێشەکان بە ئاشتییانە چارەسەر دەکرێن؟**

- من ئومێد دەکەم لە کۆتاییدا عەقڵ زاڵ بێت بەسەر هەمووانداو، و پێم وایە چارەسەرەکە ئەوەیە کە ئەورووپییەکان بگەڕێنەوە بۆ ئەو ڕێککەوتنە ئەمنییەی لە ئارادابوو، پێش ئەوەی ناتۆ دەست بە فراوانخوازی بکات، هەروەها چارەسەری عەقڵانییش ئەوەیە کە بەرژەوەندییە بنەڕەتییە ئەمنییەکانی ڕووسیا و ڕۆژئاوا لە بەرچاو بگیرێن، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە بارگرژییەکە بە چەشنێك هەڵدەکشێت کە ڕەنگە سەربکێشێت بۆ حیساباتی هەڵە و، ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی هەڵگیرسانی شەڕ ببێتە یەکێك لە ئەگەرەکان.

**ڕووسیا هێزێکە دەیەوێت پارێزگاری لە دۆخی هەنووکەیی بکات، نەک بیەوێت بارودۆخەکە بە ئاقار و ئاراستەیەکی دیکەدا ببات**

**چارەسەرەکە ئەوەیە کە ئەورووپییەکان بگەڕێنەوە بۆ ئەو ڕێککەوتنە ئەمنییەی لە ئارادابوو، پێش ئەوەی ناتۆ دەست بە فراوانخوازی بکات**

مایکڵ بارنێت
پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و کاروباره نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن بۆ گوڵان:

# ئەمریکا وەک نیگەرانییەکی سەرەکی لە داعش دەڕوانێت

مایکڵ بارنێت پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و کاروباره نێودەوڵەتییەکان لە سکوولی ئیلیۆت بۆ کاروباره نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، حوکمڕانیی جیهانی و چەند پرسێکی پەیوەندیدار دەدات، پێشتر وانەبێژ بووە لە زانکۆکانی، مینێسۆتا، ویسکۆنسن، و تەل ئەبیب. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد کە پەیوەست بوون بە دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێشهاتەکان و سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا.

## دیمانەی تایبەت



*** لە نێو پێشهات و پەرەسەندنەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چ شتێك زیاتر مایەی نیگەرانیی ئێوەیە لەم ساتەوەختەدا؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی زیاتر من نیگەران دەکات، بریتییە لە کێشە و ناکۆکیی بەردەوامی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتی ئێران، من هەمیشە وتوومە کە ئەم گفتوگۆیانە بۆیان هەیە سەربکێشن بۆ بەدیهێنانی هاوکاری لە نێوان هەردوولادا، لە هەمان کاتدا ئەگەری ئەوەش هەیە مەودای ناکۆکییەکە بەرفراوان بکات، کە دەبینین هەردوولا هەڕەشە دەکەن بە ئامانجی نەرمکردنی هەڵوێستی لایەنی بەرامبەریان، هەروەها کاتێك دەبینین کە ئەگەری شکستهێنانی گفتوگۆکان دێنە ئاراوە، ئەوا لایەنەکان پەنا دەبەنە بەر پیشاندانی ئیرادە و ویستی سەختگیرانەیان، کەواتە ئەوەی مایەی نیگەرانییەکی قووڵە، ئەوەیە کە بۆی هەیە ئەم گفتوگۆیانە بە هەر ئاراستە و ئاقارێکدا بچن کە ئاماژەمان پێ کردن.

*** بەڵام هەر وەك دەزانن بێ متمانەییەکی زۆر لە نێوان هەردوو وڵاتدا هەیە، بە تایبەتی کە ئیدارەی پێشوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ تاکلایەنە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە کشایەوە، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا دەکرێت هیچ هەنگاو و ڕێکارێکی بنیاتنانی متمانە لە نێوان هەردوولادا بگیرێتەبەر، بۆ ئەوەی لانیکەم بگەنە تێگەیشتنێکی هاوبەش؟**

- ئەگەر ڕاشکاو بین ئەمە پرسیارە ڕاستەقینەکەیە، مەبەستم ئەوەیە ناکرێت چاوەڕێی ئەوە بکەین کە هەردولا بە ئاسانی و بە ئاسایی بگەڕێنەوە بۆ ڕێککەوتنەکەی پێشوو، هەروەك ئەوەی پێشتر ئەمریکا- لە سایەی ئیدارەی ترەمپدا- لەم ڕێککەوتنە نەکشابێتەوە و هیچ

**کاتێك دەبینین کە ئەگەری شکستهێنانی گفتوگۆکان دێنە ئاراوە، ئەوا لایەنەکان پەنا دەبەنە بەر پیشاندانی ئیرادە و ویستی سەختگیرانەیان**

ڕووی نەدابێت، واتە نابێت چاوەڕوانی ئەمە بکەین. لێرەدا پرسە ڕاستەقینەکە ئەوەیە کە هەروەك ئێوەش لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێ کرد، ئایا دەکرێت هەنگاوی بنیاتنانی متمانە لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا هەڵبگیرێت، چونکە ئێمە دەزانین کشانەوەی تاکلایەنەی ئیدارەی ترەمپ لە ڕێککەوتنەکە بێ متمانەییەکی زۆری خوڵقاندووە و، لەم ڕوانگەیەوە ئاساییە ئێرانیش پرسیاری ئەوە بکات ئەگەر ڕێککەوتنیان لەگەڵ ئیدارەی بایدندا واژۆ کرد، ئایا دوای ئەم ئیدارەیە چارەنووسی ئەم ڕێککەوتنە چی دەبێت، بە تێڕوانینی من ئەمە پرسیارێکی لۆژیکییە کە بکرێت.

*** هەروەك دەزانن کە ئیدارەی پێشوو و ئیدارەی ئێستای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەنایان بردووەتە بەر سزا و ئابڵوقەی ئابووری و دارایی لە دژی ئێران، بۆ ناچارکردنی بە سازش و هەڵوێستگۆڕین، هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ کارایی ئەم ڕێگاچارەیە چییە و، ئایا بووەتە هۆی بەدیهێنانی ئامانجەکانی؟**

- ئەوەی تا ئێستا ئێمە بەدیمان کردووە سەبارەت بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئەوەیە کە گۆڕانکارییەکی گەورە بە سەر هەڵوێستی ئێراندا نەهاتووە، ئەوروپییەکان و لایەنەکانی دیکەی ڕێککەوتنەکەی پێشووش هێندە پەرۆش نین بۆ ئەوەی دووبارە سزاکانی پێشوو بە سەر ئێراندا بسەپێننەوە، کەواتە هەمیشە سنووربەندییەك هەیە بۆ ئەوەی سزا ئابوورییەکان بتوانن بەدەستی بهێنن، دواتر ئێمە دەزانین ئێران توانیویەتی زۆرێك لە ئازار و سەختییە ئابوورییەکان لەخۆ بگرێت، زیاتر لەوەی زۆرێك لە شارەزایان پێشبینییان دەکرد، چونکە گریمانەکە ئەوە بوو کە ئەم سزایانە هێندە کاریگەرییان دەبێت کە ئێران ناچار بە سازش دەکەن، ئێستاش دڵنیاییەك نییە لەوەی سزا ئابوورییەکانی سەر ئێران ئامانجەکانی خۆیان بەدی بهێنن و بیپێکن، هەر لەبەر ئەمەشە ئیسرائیل هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی دەکات، هەروەها لە ئێستادا شەڕێکی ئەلیکترۆنیش لە هەڵکشاندایە لە نێوان ئیسرائیل و ئێراندا.

*** جگە لە پڕۆگرامە ئەتۆمییەکە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئێران تۆمەتبار دەکات بەوەی کە ڕۆڵێکی نەرێنیی هەیە لە ناوچەکەدا، لەم ڕووەوە باس لەوە دەکرێت کە پێویستە ڕێککەوتن لەگەڵ ئێراندا تەنیا پەیوەست نەبێت بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە، بەڵکو لایەنەکانی دیکەی ڕۆڵی ئێرانیش لەم ناوچەیەدا بگرێتەوە، تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە ئامانجی ڕێککەوتنەکە چارەسەری ئەو کێشانەی دیکە نەبوو کە ئاماژەیان پێ دەکرێت لە پەیوەندی بە ئێرانەوە، ڕاستە هەندێ لەو نیگەرانییانەی ئاماژەیان پێ دەکرێت، نیگەرانیی ڕەوان، بەڵام ناکرێت ئەمە وەك ڕەخنەیەك لە ڕێککەوتنەکە بگیرێت، چونکە ئەم ڕێککەوتنە تەنیا و تەنیا تایبەت بوو بە پڕۆگرامە ئەتۆمییەکەوە، دواتر ئەو لایەنانەی دیکەی ڕۆڵی ئێران تەنیا مایەی نیگەرانیی ئەمریکا نییە، بەڵکو مایەی نیگەرانییەکی زۆری وڵاتانی کەنداوە، بە هەمان شێوە بۆ ئەردەن و بۆ میسریش، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە زۆر خۆشحاڵ بوون کاتێك ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ لەم ڕێککەوتنە کشایەوە، ئەویش نەك لەبەر ئەوەی پێیان وابوو ناکرێت متمانە بە ئێران بکرێت، بەڵکو بە هۆی نیگەرانییەکانیان لە بارەی ڕۆڵی ئێران بوو لە ناوچەکەدا.

*** ئایا پێت وایە ئەم نیگەرانییە هاوبەشەی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی، هۆکارێکی سەرەکی بوویێت بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان و ئەنجامدانی ڕێککەوتنی ئاشتی و، ئایا پێت وایە ئەم ڕێککەوتنانە درێژە دەکشێن و دەبنە هۆی کەمکردنەوەی بارگرژی و ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا؟**

- من پێم وایە یەکێك لە هۆکارەکانی ئەنجامدانی ڕێککەوتنەکان پەیوەست بوون بە دەستەبەرکردنی ئاسایشی ئیسرائیلەوە، هەر لەم ڕووەشەوە کێشەی فەڵەستین کرایە قوربانی و زۆرێك لە وڵاتە عەرەبییەکان چیتر بایەخێکی زۆر بە کێشەی فەلەستین نادەن، هەروەها بۆ من مایەی سەرسووڕمان نەبوو کە ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن ڕایگەیاند کە دەیەوێت پارێزگاری لەم ڕێککەوتنانە بکات. هەرچۆنێك بێت من پێم وایە کاریگەریی گەورەی ئەم ڕێککەوتنانە کاریگەرییەکی ڕەمزی بووە، واتە ئاماژەیەك بوو

سەبارەت بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی گۆڕانکارییەکی گەورە بە سەر هەڵوێستی ئێراندا نەهاتووە

ئەوروپییەکان و لایەنەکانی دیکەی ڕێککەوتنەکەی پێشووش هێندە پەرۆش نین بۆ ئەوەی دووبارە سزاکانی پێشوو بەسەر ئێراندا بسەپێننەوە

دڵنیاییەک نییە لەوەی سزا ئابوورییەکانی سەر ئێران ئامانجەکانی خۆیان بەدی بهێنن و بیپێکن، هەر لەبەر ئەمەشە ئیسرائیل هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی دەکات

ئیدارەی سەرۆک جۆ بایدن بایەخ و گرنگییەکی ئەوتۆ بە چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکیی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل نادات و، دەیەوێت دۆخەکە وەک خۆی درێژە پێ بدات

بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەك لە بەرامبەر ئێراندا بۆ سەقامگیرکردنی بارودۆخ و هەلومەرجی نێوان ئەو وڵاتانەی ڕێککەوتنەکانیان واژوو کردووە.

*** ئێوە باسی ئەوەتان کرد کە لەم ڕێککەوتنانەدا کێشەی فەڵەستین کراوەتە قوربانی، ئایا پێتان وایە ئایندەی ئەم کێشەیە چی دەبێت؟**

- ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە دروستبوونی دەوڵەتی فەلەستینی ئەگەرێکی دوورە و، لە ئایندەیەکی نزیکدا پێشبینی ئەوە ناکرێت گۆڕانکاری بەسەر دۆخەکەدا بێت، هەروەها ڕوونە کە ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن بایەخ و گرنگییەکی ئەوتۆ بە چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکیی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل نادات و، دەیەوێت دۆخەکە وەك خۆی درێژە پێ بدات، ئەمریکا پێیان وابوو پێویستە تەرکیزی زیاتر لەسەر بەرەنگارییەکان لەگەڵ چیندا بکرێت نەك لەسەر تەحەددییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا کەمکردنەوەی بایەخ و تەرکیزی ئەمریکا لەسەر ئەم ناوچەیە بە چ مانایەك دێت؟ ئایا بە مانای دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی پەیوەندییەکان دێت لەگەڵ سعودیە؟ کە حاڵی حازر ئەمریکا سەرقاڵی ئەم کارەیە و، ئایا بە مانای ئەوە دێت کە چیتر ئیسرائیل ئەرکە ستراتیژییەکەی ڕابردوو جێبەجێ ناکات؟ کە پێم وایە ئەمە بەشێکە لە واقیع و هەلومەرجەکە، ئایا بە مانای ئەوە دێت ئەمریکا هاوکارییەکی دارایی کەمتر بۆ لوبنان دەستەبەر دەکات؟ کە پێم وایە ئەمە ڕاستە و، ئایا بە

**فەڵەستینییەکان جێهێڵدراون بۆ چارەنووسی خۆیان و، لە ئێستادا کەس باسی ئاشتی و باسی دروستبوونی دەوڵەتی فەلەستینی لە پاڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا ناکات**



مانای ئەوە دێت کە ئەمریکا بەشدارییەکی تەواو دەکات لە ئاوەدانکردنەوەی سوریای دوا شەڕ؟ نەخێر، ئەویش لەبەر چەندین هۆکاری جیاواز. ڕاستە داعش وەك نیگەرانییەکی سەرەکی دەمێنێتەوە و، ئەمریکاش دەیەوێت لەم ڕووەوە هاوکاریی لەناوبردنی بکات، بەڵام بینیمان چی لە ئەفغانستان ڕووی دا، کە لە ئێستادا ئەمریکییەکان نایانەوێت باسی بکەن، لە ڕاستیدا بۆ ماوەیەکی زۆر بوو ئەمریکا دەیویست لەو وڵاتە بکشێتەوە و ئێستاش پێشبینی ناکرێت جارێکی دیکە بۆی بگەڕێتەوە. لە پەیوەندی بە ئێرانەوە لەو باوەڕەدا نیم کە ئەمریکا شەڕ لەگەڵ ئێراندا بەرپا بکات، بە تایبەتی دوای ئەو بارودۆخەی لە دەرئەنجامی شەڕی ئەفغانستان و عێراقەوە هاتنەئاراوە.

خۆشحاڵیشە کە بنیامین نەتنیاهۆ لە دەسەڵاتدا نەماوە، هەرچۆنێك بێت من دووپاتی دەکەمەوە کە فەڵەستینییەکان جێهێڵدراون بۆ چارەنووسی خۆیان و، لە ئێستادا کەس باسی ئاشتی و باسی دروستبوونی دەوڵەتی فەلەستینی لە پاڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا ناکات.

*** بە تێڕوانینی ئێوە چۆن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەتوانێت مامەڵەیەکی بنیاتنەرانە لەگەڵ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکات؟**

- من پێم وایە تێکڕای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بارێکدایە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دووبارە هەڵسەنگاندنەوە بکات بۆ مامەڵەکردن و ڕێگاچارەکانی لەگەڵ ئەم ناوچەیەدا، دواتر ئێمە دەزانین کە لە ماوەی ڕابردوودا ئیدارەکانی

**ڕاستە داعش وەک نیگەرانییەکی سەرەکی دەمێنێتەوە و، ئەمریکاش دەیەوێت لەم ڕووەوە هاوکاری بکات، بەڵام بینیمان چی لە ئەفغانستان ڕووی دا، کە لە ئێستادا ئەمریکییەکان نایانەوێت باسی بکەن**



**دکتۆر عەبدوڵا وەرتێ**

**ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان بۆ گوڵان:**

# زانایانی ئایینی پێشەنگ بوون لە خەباتی نەتەوەیی و مزگەوتیش پێگەی حەوانەوەی پێشمەرگە بووە

**زانایـان و مامۆسـتایانی ئایینـی ئیسـلامی لـە کوردسـتان هەمـوو کات لـە سـەر مینبەرەکانـەوە پێشـەنگ و پێشـەوای کۆمەڵگـە بـوون، لـە هەمـوو شۆڕشـەکانی کوردسـتاندا هەوێنـی یەکڕیـزی و تەبایـی و پێکەوەژیـان بـوون، بـۆ قسـەکردن لەسـەر ئـەم پرسـە، چەنـد پرسـیارێکمان ئاراسـتەی دکتـۆر عەبـدوڵا وەرتـێ دکتـۆرا لـە فکـری سیاسـیی ئیسـلامی و ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـیی بزووتنـەوەی ئیسـلامی کـرد.**

*** ئایینـی پیـرۆزی ئیسـلام، ئایینـی ئاشـتی و لێبوردەیـی و پێکەوەژیانـە، لەمـەش زیاتـر کـە سـەیری مێـژووی بـەرزی مزگـەوت و حوجـرە و تەکیـە و خانەقاکانـی کوردسـتان دەکەیـن، هەمـوو کات سـەرچاوەی ئیشـق و میهرەبانـی و خۆشەویسـتیی خـودا بـوون، ئایـا لێبوردەیـی و پێکەوەژیـان و ئاشـتی لـە دیـدی ئایینـی پیـرۆزی ئیسـلامەوە چـۆن ڕاڤـە دەکـەن؟**

- بـە نـاوی خـودای گـەورە و میهرەبـان، لـە قورئانـی پیـرۆز و لـە فەرموودەکانـی پێغەمبەریشـمان (د.خ) هەمیشـە جەخـت لـە سـەر ڕێـز لـە هەمـوو ئاییـن و ئایینـزاکان و نەتـەوە جیـاوازەکان کراوەتـەوە و، ئایینـی پیـرۆزی ئیسـلامیش داینەمـۆ بـووە بـۆ ئـەو پێکەوەژیانـەی لـە نێـوان ئاییـن و ئایینـزاو گەلانـی ناوچەکـەدا هەیـە، باشـترین نموونـەی بەرجەسـتەش دامەزراندنـی دەوڵەتـی ئیسـلامی و ڕاگەیاندنـی دەسـتوور بـوو لـە مەدینـە بـۆ تێکـڕای ئاییـن و ئایینـزا و نەتـەوە و پێکهاتـەکان، کـە مافەکانیـان پارێـزراو بـوو، بەتایبەتـی مافـی یەهودییـەکان و ئایینەکانـی دیکـە، لـە مێـژووی زێڕینـی ئیسلامەتیشـدا نموونـە زۆرە، کاتێـك جوولەکەیـەك لەگـەڵ عەلـی کـوڕی ئەبـو تاڵیـب ڕەزای خـوای لـێ بێـت هاتنـە خزمەتـی پێغەمبـەر(د.خ) بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەیەك لـە بەرژەوەندیـی جوولەکەکـە فەتـوا دەدات و، دەیسـەلمێنێت کـە دادپەروەرانـە حوکـم دەکات لـە نێـوان هاووڵاتیـان و دانیشـتووانی ژێـر سایەی دەوڵەتـی ئیسـلامیدا.

ئیسـلام وەکـو ئاییـن و پەیامێکـی ئاسـمانی بـەردەوام پەیامەکانـی ئـەوە بـووە ڕێـز لـە ئاییـن و ئایینـزاکان بگیرێـت و خـودای گـەورەو میهرەبـان لـە قورئانـی پیـرۆزدا پێمـان دەڵێـت: ﴿ قُـلْ يَـا أَيُّهَـا الْكَافِـرُونَ * لَا أَعْبُـدُ مَـا تَعْبُـدُونَ * وَلَا أَنْتُـمْ عَابِـدُونَ مَـا أَعْبُـدُ * وَلَا أَنَـا عَابِـدٌ مَـا عَبَدْتُـمْ * وَلَا أَنْتُـمْ عَابِـدُونَ مَـا أَعْبُـدُ * لَكُـمْ دِينُكُـمْ وَلِيَ دِيـنِ﴾ الكافـرون، لە سـەردەمی عومـەری کـوڕی خەتـاب ڕەزای خـوای لـێ بێت، لـە شـام بـۆ مـاوەی ٥٠٠ سـاڵ تەنیـا پەردەیـەك لـە نێـوان مزگـەوت و کەنیسـەیەکدا هەبـووە، لـەو کاتـەی مسـوڵمانان لـەو پـەڕی دەسـەڵاتدا بـوون لـە هەمـوو جیهانـی ئیسـلامیدا، دەسـتیان بـۆ ئاییـن و ئایینـزا و کەنیسـە و پەرسـتگەکانی دیکـە نەبردووە و، هەوڵـی پاکتاوکردنـی دینـی و ڕەگـەز و نەتـەوەی دیکەیـان نـەداوە، تەنانـەت میللەتێکـی وەکـو کـورد ئارەزوومەندانـە بـووە بـە ئیسـلام.

موسـڵمانان هـەردوو ئایینـی مەسـیحی و یەهـوودی بـە دوو ئایینـی سـەرەکی و ئاسـمانی دادەنێـن و مامەڵەیەکـی ئەرێنـی و باشـی بەرامبـەر کـردوون، خـۆ ئەگـەر مامەڵـە و هەڵسـوکەوتێکی خـراپ و توندوتیـژ لێـرە و لـەوێ کرابێـت، هەڵسـوکەوتێکی تاکەکەسـی و زاتـی بـووە و، دوور بـووە لـە داواکاریـی خـودای گـەورە و میهرەبـان و پێغەمبەرەکەمـان (د.خ).

*** هەمـوو ڕێبـەر و سـەرکردەکانی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کوردسـتان، لـە حوجـرە و مزگـەوت و تەکیـە و خانەقاکانـی کوردسـتاندا هەڵکەوتـوون و ڕێبەرایەتیـان بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان کـردووە، هەمووشـیان ئـەو فەرموودەیـەی پێغەمبەریـان (د.خ) کـردووە بـە دروشـم کـە دەفەرموێت:(خۆشەویسـتیی نیشـتمان لـە ئیمانەوەیـە)، ئایـا شـەرعییەتی سـەربەخۆبوونی**

**کوردستان وەك دەوڵەتێكی سەربەخۆ لە قورئان و شەریعەتی ئیسلامەوە چۆن ڕاڤە دەكەن؟**

- ئایین پێداویستییەكی مرۆییە هاوشێوەی خاك و نیشتمان و زمان و خۆراك و پێداویستییەكانی دیكە، ئایین لە پێگەی نەتەوەی كورددا ڕۆڵێكی زۆری گێڕاوە بۆ بەرگریكردن لە مەزڵوومییەتی كورد و پارێزگاریی لە خاك و نیشتمان، بە درێژایی خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردستانیش مزگەوت پێگەی حەوانەوەی هێزەكانی پێشمەرگەی كوردستان بووە، هەروەكو چۆن كۆكەرەوەی هەموو ڕەنگ و بیروبۆچوونە جیاوازەكان بووە، زانایانی ئایینی پێشەنگ بوون لەخەباتی نەتەوەیی و، شێخانی تەریقەت ڕۆڵێكی گەورە و بەرجەستەیان بینیوە و پەیامە ئایینییەكان هەمیشە سوودیان لێ وەرگیراوە بۆ جۆش و خرۆشدانی گەنج و لاوانی كورد بۆ بەرگریكردن لە خاك و نیشتمان و ڕووبەڕووبوونەوەی داگیركەران، دین ڕۆڵی هەبووە لە پاراستنی شوناسی نەتەوەیی گەلی كوردستاندا و، ئایینی پیرۆزی ئیسلام ڕۆڵێكی زۆر گەورەی گێڕاوە لە پێگەیاندنی سەركردەی لێوەشاوە بۆ بەرگریكردن لە خاك و نەتەوە، كە ڕۆڵێكی گەورەیان گێڕاوە لەم پێناوەدا، سەركردە گەورەكانی كورد دەرچووی حوجرەو خانەقا بوون و ئەهلی مزگەوت بوون و شانبەشانی ئەوانیش مامۆستایانی ئایینی و مەلا و زانایان لە دەوری ئەم سەركردانە بوون و پاڵپشتی خەباتیان كردوون، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە دین هەمیشە تاكێكی ئیجابیی لە ناو كۆمەڵگەدا بەرهەم دەهێنێت و، ڕێگر نییە لەوەی ڕۆڵەیەكی نیشتمانی و نەتەوەیی پەروەردە دەكرێت، بگرە ئایین هاندەرە بۆ خۆشەویستیی خاك و نەتەوە و نیشتمان و هاونیشتمانییەكانی خۆی. پێغەمبەر كە ناچار دەكرێت لەمەككەوە كۆچ بكات بەرە و مەدینە، لە سەر پشتی حوشترەكەی بەوپەڕی مەحزونییەتەوە وتوویەتی ئەگەر ناحەزەكانم و ناحەزەكانی دینەكەم ناچارم نەكەن، ئەی خاكی مەكەی پیرۆز هەرگیز ئامادە نیم بەجێت بهێڵم، بەم شێوەیە ئایین فاكتەرێكی بەهێزی خۆشەویستیی خاك و نیشتمان و نەتەوەیە و، پاداشتێكی ڕۆحانی و پاداشتێكی دنیایی و ئەو دنیای تێدایە، بۆیە سەركردەكانی كورد لە ڕووی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتییەوە ڕۆڵی گەورەیان لە خەباتی مێژووی نەتەوەی كورد و كوردستانییاندا هەبووە، تەنانەت زۆر سەركردەی سیاسیی دینیی كورد هەبووە كە خۆی كردووە بە قوربانی نەتەوەكەی وەك (قازی محەمەد لە كۆماری كوردستان و شێخ مەحموود و مەلا مستەفا بارزانی) هەموویان بۆ خزمەتكردنی كورد و هاونیشتمانیان ڕۆڵیان گێڕاوە.

*** زۆربەی نەتەوەكان سوودیان لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام وەرگرتووە و، ئیمپراتۆریەت و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەبووە، ئەی بۆچی كورد نەیتوانیوە سوود لەم فاكتەرە ئیجابییە وەربگرێت؟**

- ئەم پرسیارە زۆر زۆر جەوهەرییە، فارس گەورەترین ئیمپراتۆریەتی شیعە دروست دەكات و توركەكانیش بە هەمان شێوە سەرقاڵی زیندووكردنەوەی دەوڵەتی عوسمانین و عەرەبیش زیاد لە ٢٢ دەوڵەتی هەیە و، نەتەوە موسڵمانەكانی دیكەش بە هەمان شێوە دیندارن و سوودی گەورەیان لە ئیسلام وەرگرتووە، بۆ بونیاتنانی نەتەوەو دروستكردنی دەوڵەت، ئەوە هەڵەی سەركردە سیاسییەكانی كوردە كە نەیانتوانیوە سوود لە ئیسلام وەربگرن بۆ پێگەی بەهێزبوونی خۆیان لەجیهانی ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و، ئەوەندەی سەرقاڵی قەناعەتكردن بە ڕۆژئاوا بوون، ئەوەندە سەرقاڵی بەهێزكردنی پەیوەندییەكانیان نەبوون لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و ناوچەكە بۆ مسۆگەركردنی گەیشتن بە سەربەخۆیی، بە داخیشەوە مۆركی زۆربەی شۆڕشەكانی كورد مۆركێكی ماركسیزم و لنینی بووە و شكستێكی گەورە بووە بۆ شۆڕشە نەتەوەییە كوردییەكان، كە دەبووایە مۆركێكی نەتەوەیی و ئایینییان هەبووایە نەك مۆركێكی ماركسیزم و عەلمانی، خۆ ئەگەر پەكەكە بە نموونە وەربگرین لە باكووری كوردستان لە ناو دەوڵەتێكی ئیسلامیدا نەیتوانیوە دۆست و هاوسۆزی هاووڵاتیانی توركیا و وڵاتانی موسڵمان بۆ لای خۆی ڕابكێشێت و، تەنانەت وڵاتانی سۆشیالیست و چەپەكانیش بەرگری لێ ناكەن، ئەمە لەكاتێكدا داد و گەشەپێدان هاتووەتە سەر حوكم و ئەردۆگان خۆی بە میراتگری دەوڵەتی عوسمانی نیشان دەدات و

**مۆركی زۆربەی شۆڕشەكانی كورد مۆركێكی ماركسیزم و لنینی بووە و شكستێكی گەورە بووە بۆ شۆڕشە نەتەوەییە كوردییەكان**

**زۆر لە ناحەزانی كورد دەیانەوێت كورد وەكو دۆستێكی ئیسرائیل نیشان بدەن، لەكاتێكدا وا نییە ئێمە كەوتووینەتە قەفەزی تۆمەتباركردن**

**كاتی ئەوە هاتووە كە فیكری میانڕەو بڵاوبكەینەوە، ئەمەش ڕۆڵی یەكێتی زانایانی ئیسلام و وەزارەتی ئەوقاف و ڕێكخراوە پەیوەندیدارەكان و حزبە ئیسلامییەكان و ئەهلی تەسەوف و سەلەفییەكان و هەموو چین و توێژەكانی كوردستانە**



سۆزی خەڵکی تورکیا و موسڵمانان و عەرەب و ناوچەکەی بۆ خۆی ڕاکێشاوە، لێرەش زۆر لە ناحەزانی کورد دەیانەوێت کورد وەکو دۆستێکی ئیسرائیل نیشان بدەن، لەکاتێکدا وا نییە ئێمە کەوتووینەتە قەفەزی تۆمەتبارکردن.

*** سالآنێکە دیاردەیەکی نامۆ بە مێژووی بەرزی موسڵمانیەتی کوردستان هاتووەتە کوردستانەوە، ئەویش دیاردەی توندڕۆیی و توندوتیژییە، ئایا زانایانی ئیسلامیی کوردستان چۆن ڕێگە لەم دیاردە نامۆیە دەگرن؟**

- ئایین پیرۆزیی خۆی هەیە و گرنگی و بایەخی بە هەموو کایەکانی ژیان داوە، هەر لە پێکەوەژیان و لێبووردەیی و زانست و کۆمەڵایەتییەوە، تاوەکو بنەماکانی ئازادی و مافی بیروباوەڕ و دژی فکری توندڕەوی و توندوتیژی بووە، وتەی کارل مارکس کە دەڵێت ئایین ئەفیوونی نەتەوەکانە، لە کاتێکدا وتراوە کە شۆڕشێکی گەورە لە دژی کەنیسە بەرپا بووە، کە لادەرانی ئایینی مەسیحی ئەو کات لە ئەورووپا بە ناوی کەنیسەوە سەدان زانا و ڕۆشنبیر و خەڵکی بێتاوانیان دەسووتاند و دەیانکوشتن، بۆ ئەوەی ڕۆڵی کەنیسە لاواز نەبێت .

من پێم وایە دەسەڵات و دەوڵەت و حکومەت گرنگی بە ئایین بدەن و ڕۆڵی سەرەکی و بنەڕەتی بۆ زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بگێڕنەوە، ئەو کات فکری نامۆ و توندوتیژی و گرووپی نامۆ دروست نابێت، ئێستا ناوە ناوە بە ناوی ئیسلامی سیاسی لە ئایین دەدرێت، لە کاتێکدا دەوڵەت گرنگە حەکیمانە و لۆژیکانە مامەڵە لەگەڵ ئەم دیاردە نامۆیەدا بکات، کە دەوڵەت بوویت دەبێت بەیەك چاو سەیری هەموو ئایین و یاسا و هاوڵاتییەکان بکەیت، بەڵام خۆ نابێت لەسەر حیسابی لە ٩٥٪ی کۆمەڵگە کە موسڵمانە، یاسایەك دەرنەکەن پێچەوانەی بنەما نەگۆڕەکانی شەریعەتی ئیسلامی بێت، کاتی ئەوە هاتووە کە فیکری میانڕەو بڵاوبکەینەوە، ئەمەش ڕۆڵی یەکێتی زانایانی ئیسلام و وەزارەتی ئەوقاف و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان و حزبە ئیسلامییەکان و ئەهلی تەسەوف و سەلەفییەکان و هەموو چین و توێژەکانی کوردستانە، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام وەکو خۆی پارێزراو بێت و، هیچ گرووپێکی دیکە دروست نەبێت کە پێچەوانەی پرەنیسپ و بنەماکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بێت .

# کێشەی ئاو لە سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەییدا ئاماژەیەکی تایبەت بە هەرێمی کوردستان

**دەوڵەتان لە سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان و لە ڕووی بازرگانی و سەربازی و ئابوورییەوە بایەخێکی بەرچاویان بە لایەنی ڕێکخستنی ئاو داوە، ئاویش هەردەم کێشەیەک بووە لە نێو ئەم دەوڵەتانەدا**

ئاو بنەمای ژیانە لەسەر زەمین، لەم سۆنگەوە و بەپێی ئەو بنەمایە بەکارهێنانی ئاو بەپێی پێگەی ستراتیژیی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ناوخۆ و هەرێمی ڕێك دەخرێت، چونکە بەکارهێنانی هەمەجۆریی ئاو لە ڕووی ئابووری و زانستی و سەربازی و بازرگانی و زۆر بواری دیکە، ڕوون و بەرچاوە.

سەرەتا ئەگەر لە دەروازەیەکی یاساییەوە بۆ مەسەلەکە بچین، پرەنسیپی یاسای نێودەوڵەتی بۆ ڕێکخستنی ئاو، وەك دەریا و زێ و کەناڵ و بەنداوەکان، بە شێوازێکی عورفی ئەم پرەنسیپانە پەیدا بوون، بەڵام گۆڕانکارییەکانی ئابووری و سیاسیی نێودەوڵەتی وایان کرد کە بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووری ڕۆڵێکی گرنگ لە ڕێکخستنی ئەم مەسەلەیەدا ببینن. دەوڵەتان لە سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان و لە ڕووی بازرگانی و سەربازی و ئابوورییەوە بایەخێکی بەرچاویان بە لایەنی ڕێکخستنی ئاو داوە، ئاویش هەردەم کێشەیەك بووە لە نێو ئەم دەوڵەتانەدا، چونکە بەرژەوەندییەکانیان جیاواز بوون، ئەمە خۆی لە دوو ڕێککەوتنی نێودەوڵەتیدا بینییەوە، سەرەتا لە ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٥٨ی ژنێڤ بۆ ڕێکخستنی کاروباری ئاو، لە دوای ئەویش ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٨٢ ی کاراکاس تایبەت بە یاسای دەریاچەکان.

ئاو لە دیکۆمێنتە یاساییەکاندا بەم شێوازە ڕێکخراون، دەریاکان: شێوازێکی ئازادییان هەیە و ئاوەکەیان سوورە، بریتین لە چەند بەشێك، دەریای بڵند (البحر العالی)، دوای ئەو دەریای هەرێمی (الاقلیمی)، کە لەمەدا هەر دەوڵەتێك بۆ دوازدە میلی دەریایی، دەریای هەرێمیی خۆی هەیە، هەروەها ناوچەیەکی دیکەش هەیە پێی دەگوترێت (ناوچەی ئابووری) ئەم ناوچەیە بۆ بیست و چوار میلی دەریایی درێژدەبێتەوە، کە دەوڵەت لەم ناوچەیەدا مافی بەکارهێنانی هەیە، بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانی خۆی، هەروەك گوتمان دەریای بڵند، دەریایەکی ئازادە و دەوڵەتان دەتوانن بەکاری بهێنن، لە ڕووی دەریاوانی (الملاحە) و ڕاکێشانی بۆری لەم ئاوەدا، تەنانەت ڕاوەماسی و توێژینەوەی




## د.نەژدەت ئاكرەیی

پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی

**بۆ گوڵانی نووسیوە**


زانستی لەم دەریایەدا، هەروەها ئەنجامدانی گەشت بەپێی ڕەگەزنامەی ئەو دەوڵەتانە.

دوای دەریاکان، مەسەلەیەکی گرنگی دیکە دێتە ئاراوە، ئەویش زێیە، زێیەکان زۆر گرنگن و بەسەر دوو جۆردا دابەش دەبن، زێی نیشتمانی و زێی نێودەوڵەتی، زێی نیشتمانی بریتییە لەو زێیەی کە لە سەرەتاوە تا کۆتایی بەناو دەوڵەتەکەدا تێدەپەڕێت، زێی نێودەوڵەتییش ئەوەیە کە بەنێو دوو دەوڵەت، یان زیاتردا تێدەپەڕێت، لە سەر ئەم بنەمایە پێویستە ڕەچاوی بەرژەوەندیی دەوڵەتەکان بکرێت، ئەم زێیانە بۆ کشتوکاڵ و پیشەسازی و دەریاوانی و زۆر بواری دیکە بەکاردە هێنرێن.

یاساکانی نێودەوڵەتی بایەخ بەم زێیانە دەدەن، یەکەم لەبەر ئەوەی کە دەریاوانیی تێدا ئەنجام دەدرێت، دووەمیش کە بۆ کشتوکاڵ و پیشەسازی بەکار دەهێنرێن و، بە سوودوەرگرتن لە ئاوی زێ و یەکسانی لە دابەشکردنی ئاوەکە لە سەر پرەنسیپی هاوکاری لە نێوان دەوڵەتان پەیڕەودەکرێت، بۆیە ئەگەر پڕۆژەیەکیش لەسەر ئەم زێیە دروستکرا، مافی دەوڵەتەکانە قەرەبوو بکرێنەوە، لە حاڵەتی ئەوەی ئەگەر زیانیان پێ بگات. جگە لە زێیەکان ئاوی نێوخۆیی هەیە، ئەم ئاوە بەندەری دەریاچەیی و کیشوەرکان و دەریاچەی بچووك دەگرێتەوە، ئەم جۆرانەش بە یاسای نێودەوڵەتی ڕێك خراون، هاوکات ڕێڕەوی دەریاییش هەیە کە کەناڵەکان و گەرووەکان دەگرێتەوە، کە بە شێوازێك دروستکراون، بۆ دەریاوانیی نێودەوڵەتی بەکار بهێنرێت، ئەمە بەشێوازێکی کورتە، چونکە لە ڕاستیدا وردەکاریی زۆر هەیە بۆ ڕێکخستنی ئەم پرسانە.

**ئاو بایەخێکی ستراتیژیی لە دیدی ئاسایشی نەتەوەیی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە هەیە، بۆیە زاراوەی ئاسایشی ئاو بۆ هەر دەوڵەتێک لە حیساباتی ئاسایشی نەتەوەییدا گرنگە، بە تایبەتی لە بواری چۆنێتیی بەکارهێنانی ئاو و ململانێ لەسەر ئاو**

ئەگەر بێین باسی کێشەی ئاو بکەین لە ڕووی سیاسەتەکانی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە، دەتوانین بڵێین کە ئاو بایەخێکی ستراتیژیی لە دیدی ئاسایشی نەتەوەیی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە هەیە، بۆیە زاراوەی ئاسایشی ئاو بۆ هەر دەوڵەتێك لە حیساباتی ئاسایشی نەتەوەییدا گرنگە، بە تایبەتی لە بواری چۆنێتیی بەکارهێنانی ئاو و ململانێ لەسەر ئاو، شوێن

و پێگەی زێ و کەناڵ و دەریاچەکان، لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین لە سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەییدا، وا سەیری ئاو دەکرێت کە کێشەیەکە سرووشتێکی یاسایی و سیاسی و جوگرافی و ئابووریی هەیە، ئاسەواری گرفتەکانیش پەیوەستن بە ئاسەواری زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و پێشکەوتنی شارستانی و ململانێی نێو دەوڵەتان، ئەوانەی ئاو بەرهەم دێنن، یان وەك قەوارەی سیاسی بەکاری دەهێنن، بۆیە ئاسایشی ئاو مەبەستی زەمانەتی بەردەوامی و چۆنێتی بەکارهێنانی ئاوە، وەك ئامانجێکی سیاسیی زیندوو بۆ هەر دەوڵەتێك، لەبەر ڕۆشنایی لووتکەی سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەییدا، تا تووشی بێ توانایی ئاو نەبێت، بۆیە جۆرە هاودژییەك هەیە لە نێوان سنووری دەوڵەتەکاندا، وەك چۆنێتیی هاتوچوونی سەرچاوەکانی ئاو، لە بەر ئەوە زۆر لە کێشەکانی ئەمنیی نەتەوەیی پەیوەستن بە ئاو، وەك پاراستنی ژینگەی دەریاچەیی لە پیسی، ململانێی و چۆنیەتیی چارەسەرکردن، چالاکیی سەربازیی لە نێو دەریاکان و، تەنانەت گەیشتن بە ئاستی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و تەقینەوە ئەتۆمییەکان.

لەسەر ئەم بنەمایە ئێستا جۆرە چاودێرییەك هەیە بۆ چالاکییە سەربازییەکان لە هەر دەوڵەتێك، بۆیە سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لە سەر بنەمای ئەوە دەڕوات، کە هاوسەنگییەك هەبێت لە نێوان ئاسایشی نەتەوەیی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا.

ئەمە هەمووی دەروازەیەك بوو بۆ بابەتێکی گرنگ کە پێویستە باسی بکەین، ئەویش ئاماژەیەکی تایبەتە بە کێشەی ئاو لە هەرێمی کوردستان، سەرەتا دەڵێین کە کوردستان لە ڕووی جوگرافی و جیۆپۆلیتکەوە لە چوارچێوەی ناوچەیەکی ستراتیژیی جیهانیدایە، هەروەها لە ڕووی ژمارەی دانیشتوان و پێکهاتەی خاکەکەیەوە، جگە لەوەی کە لە شاخ و دەشت و ئاو و زۆر شتی دیکە پێك دێت، تەنانەت گرنگترین زێیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەم ناوچەیەدان، کە خۆی لە زێی دیجلە دەبینێتەوە، ئەم زێیە لە تورکیاوە دێت و بە عێراقدا تێدەپەڕێت، هەروەها زێی فورات کە لە باکووری کوردستانەوە هەڵدەقوڵێت و بە عێراق و سووریادا تێدەپەڕێت، هەرێمی کوردستانیش پەیوەستە بەم لایەنە، جگە لەمەش زێی ئاراس لە سنوورەکانی ئەرمینیا کە بەرەو تورکیاو ئێران و ئازربایجان تێدەپەڕێت و دەڕژێتە دەریاچەی قەزوین و دەگاتە کوردستان، هەروەها زێی ئەڵوەند کە لە شاخەکانی ئێران هەڵدەقوڵێت و دێتە کوردستان، لە ڕاستیدا ئەم زێیانە هەموویان بە زێی نێودەوڵەتی هەژمار دەکرێن، بەم پێیە ئەم زێیانە نێودەوڵەتین، کە بە پێی ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٥٨ی ژنێڤ بۆ ڕێکخستنی کاروباری ئاو و ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٨٢ ی کاراکاس تایبەت بە یاسای دەریاچەکان ڕێکخراون، جگە لەمەش ڕێککەوتننامەی دووقۆڵی و هەرێمی هەیە، بۆ چۆنێتی بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لەم زێیانە.

لە کوردستان چەندین بەنداو هەن، کە لە سەر زێیەکان دروستکراون، ئەم بەنداوانە بە چەکێکی دوو سەرە دادەنرێن، لە ڕوویەکەوە سوودیان هەیە و لە ڕوویەکی دیکەوە لایەنێکی نێگەتیڤیان هەیە بۆ کەمیی ئاو، تەنانەت سیاسەتی ئاوی ئەم دەوڵەتانە، وەك تورکیا و ئێران لە سەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندیی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان، ڕەچاوی بەرژەوەندیی دراوسێتی و پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان ناکرێت لەم مەسەلەیەدا، لەبەر ئەوەی کوردستان پێگەیەکی جیۆپۆلەتیکی گرنگی هەیە، هەموو جۆرە بنەما سرووشتییەکان، هەروەها بنەما ئابوورییەکانی وەك کشتوکاڵیی تێدایە، بۆیە دەکرێت بڵێین ئاسایشی ئاو وەك ئاسایشی وزە بۆ هەرێمی کوردستان گرنگە.

لە ڕاستیدا هەردوو زێی دیجلە و فورات گیروگرفتی سیاسی و ئابوورییان زۆرە، کە لە تورکیاوە بە سووریا و عێراقدا تێدەپەڕن و دەڕژێنە کەنداوەوە، لقەکانیشیان زۆرن، لەسەر ئەو بنەمایە تورکیا جۆرە سیاسەتێکی هاودژی هەیە لەگەڵ بەرژەوەندیی نێودەوڵەتی و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکاندا، کە دەبێت بە شێوازێکی دیکە مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلەیە بکرێت، هەرچەندە ڕێککەوتننامەی دووقۆڵی و لێکگەیشتن هەیە لە نێوان تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا و، تەنانەت کەنداویشدا.

**ئاسایشی ئاو مەبەستی زەمانەتی بەردەوامی و چۆنێتی بەکارهێنانی ئاوە، وەک ئامانجێکی سیاسیی زیندوو بۆ هەر دەوڵەتێک، لەبەر ڕۆشنایی لووتکەی سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەییدا، تا تووشی بێ توانایی ئاو نەبێت**

**تورکیا جۆرە سیاسەتێکی هاودژی هەیە لەگەڵ بەرژەوەندیی نێودەوڵەتی و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکاندا، کە دەبێت بە شێوازێکی دیکە مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلەیە بکرێت**

**پێویستە لە هەرێمی کوردستان سەنتەرێکی دیراساتی ئاو دابمەزرێت و کۆمەڵێک کادیر و پسپۆڕی ئەکادیمی کاری تێدا بکەن، وەک دۆسیێکی ئاسایشی نەتەوەیی و سەر بە لووتکەی داڕێژەری بڕیاری سیاسی بێت، چونکە ئاسایشی ئاو و ئاسایشی وزە گرنگن و لێک جیا نابنەوە**



ئاسایشی نەتەوەیی وەك قەوارەیەكی ستراتیژی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە زیندووەكان و جێبەجێكردنی ئامانجە نەتەوەییەكان، پێویست بەوە دەكات كە زیاتر جەخت لە سەر لایەنی ئاو بكەینەوە، لە كوردستاندا نەك هەر زێیەكان، هاوكات نیمچە دەریاكانیش هەن، كە دەكرێ بۆ داهاتووی وڵات سوودیان لێ وەر بگیرێت، بایەخدان بە كێشەی ئاو لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دیار و بەرچاوە، پارتی دیموكراتی كوردستان لەم مەسەلەیەدا دەستپێشخەریی هەبووە، سەرەتا لە توێژینەوەیەكی مەكتەبی دیراسات و توێژینەوەی پارتی لە ساڵی ١٩٩٦ سەبارەت بە كێشەی ئاو و ئاسوودەیی ئاو لە كوردستان، كە ناوەكەی بەم شێوەیە بوو(ئاوی كوردستان و ئاسۆكانی داهاتوو)، كە لە ژێر زنجیرەی ژمارە(٩) چاپ كرا و بە دیكیۆمێنتێكی گرنگ هەژمار دەكرێت، تەنانەت ماندووبونێكی ئەكادیمیی بەرچاوی تێدایە بۆ شیكردنەوەی كێشەی ئاو، هەروەها سەنتەری برایەتی لەگەڵ زانكۆی سەلاحەدین لە سەرەتای ساڵی٢٠٠١، كۆنگرەیەكی زانستییان دەربارەی ئاوی كوردستان سازكرد، كە تێیدا زۆر توێژینەوەی سوودبەخش پێشكەش كران، تەنانەت بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە مانگی نیسانی ٢٠٠٠دا ئاماژەی بە گرنگیی ئاو كرد، لە كاتی كردنەوەی سەنتەری بارزانی بۆ توێژینەوە لە كۆنگرەی زانستیی واشنتۆن لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، لەبەر گۆڕانكارییە سیاسییەكانی عێراق لە ٢٠٠٣، دەتوانم بڵێم كە لە عێراق زیاتر جۆرە پاشگەزبوونەوەیەكی بەخۆیەوە بینی، كەچی هەردوو دەوڵەتی توركیاو ئێران تا ڕاددەیەك سووریاش لەم دۆسێیەدا چالاكانە كاریان كرد، ئێستا پرسیار لەوەدایە ئێمەی هەرێمی كوردستان چی بكەین؟ لە ڕاستیدا پێویستە لە هەرێمی كوردستان سەنتەرێكی دیراساتی ئاو دابمەزرێت و كۆمەڵێك كادیر و پسپۆڕی ئەكادیمی كاری تێدا بكەن، وەك دۆسێیەكی ئاسایشی نەتەوەیی و سەر بە لووتكەی داڕێژەری بڕیاری سیاسی بێت، چونكە ئاسایشی ئاو و ئاسایشی وزە گرنگن و لێك جیا نابنەوە، هەروەها دەبێت لە ڕووی دووقۆڵی و نێودەوڵەتییەوە چالاك بین، لەگەڵ عێراقیش ئەم مەسەلەیە باس بكەین، چونكە مەسەلەی ئاو مایەی شكۆمەندیی دەوڵەتانە، دەستووری عێراقیش ئەو مافەی بە هەرێمی كوردستان داوە، كە سەرچاوەكانی ئاو دەكەونە ژێر شكۆمەندیی دەسەڵاتی هەرێمەوە و دەتوانێت تا ڕاددەیەك كاری لەسەر بكات، بۆیە لە هەرێمی كوردستان پێویستیمان بە هەردوو ئاسایشی ئاو و وزە هەیە.


**دەستووری عێراقیش ئەو مافەی بە هەرێمی كوردستان داوە، كە سەرچاوەكانی ئاو دەكەونە ژێر شكۆمەندیی دەسەڵاتی هەرێمەوە و دەتوانێت تا ڕاددەیەك كاری لەسەر بكات، بۆیە لە هەرێمی كوردستان پێویستیمان بە هەردوو ئاسایشی ئاو و وزە هەیە**

# ڕاگەیاندن و کۆچ

لەگەڵ قوتابییەکانم زۆرجار پێش دەستکردن بە وانەی سەرەکیی ڕۆژ، هەندێك پرسیار دەورووژێنین کە نزیك بێت لە بابەتەکەی وانەی ئەو ڕۆژەوە. لەم هەفتەیەدا پرسی کۆچ و کاریگەریی ڕاگەیاندنمان ورووژاند. هەر یەکەیان هۆکارێکی وت، هەموو هۆکارەکانم بۆ دانان لە سەر تەختەکە و وتم: بۆ کەستان باسی ڕاگەیاندنتان نەکرد؟ هەموو وتیان مامۆستا ئێمەی گەنج کوا سەیری ڕاگەیاندن دەکەین، تا هانمان بدات بۆ کۆچ. ئەڵبەتە ئەوان مەبەستیان لە سەیرکردنی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ بوو، بیریان چووبوو کە هەموو جۆری ڕاگەیاندن لە ناو مۆبایلەکەی دەستیاندایە، هەموو بابەتەکان بە ڤیدیۆ، یان سکرین شۆت کورت دەکرێتەوە و، هەرچی ئەو مۆبایلەکەی دەکاتەوە، بەرکەوتەی دەبێت.

من لەم باسەدا، باسی ئەو کاریگەرییانە ناکەم کە لە ڕێگەی گرتەی ڤیدیۆیەکەوە هاوڕێکانیان، یان لە ڕێگای کۆچ، یان گەیشتنیان بە ئەوروپا و گوزەرانیان دەگوازنەوە بۆ هاوڕێکانیان، یان ئەو بەرنامانەی کە تاك بێ ئومێد دەکات لە خۆشەویستیی نیشتمان و ڕقی لێی دەبێتەوە و، وەك گەنج خۆیان دەڵێن، ئایندەیان لە بەرچاویان لێڵ دەکات. من دەمەوێت بچمە سەر میدیای گلۆباڵی و ئەو بەرکەوتەی کە ئەم هەرێمە لە ماوی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا لە ڕێگەی شاشەیەکەوە گلۆباڵ و هەموو جیهانی بە تاك و گەنج ناساندووە. ئەوەی ئەمڕۆ ٣٠ ساڵە تەمەنی، یان کەمتر لە ڕێگەی گەیمەکان و فیلمەکان و زۆرێك بەرنامەی تری کاتبەسەربەری کەناڵە جیهانییەکان لە خەیاڵدا لە ناو ئەو جیهانە گەورە بووە، بە کۆڵان و شەقامەکان و باخ و بێستان و چیرۆکی ژیانی ناو دراما و ئەو بابەتە تەلەفزیۆنییانە زیاتر ئاشنایە، تا هی نیشتمانەکەی خۆی. ئەمە ئەجندا و پلانی میدیای گلۆباڵییە کە وەرگری گلۆباڵی دروست بکات و، بیرکردنەوەی گلۆباڵی هەبێت و، خۆی بە بەشێك لە گلۆباڵ بزانێت و، لە خەیاڵدا لە ناو گلۆباڵ بژی و ئایدیای گلۆباڵی بداتێ، تاکو دواجار بیکاتە کڕیاری گلۆباڵی و لە سەرتاسەری جیهان یەك جۆر کڕیار بۆ شتومەك و کاڵا و بیرە جیهانییەکان دروست بکەن، هەروەها هەمیشە کار دەکات بۆ ئەوەی تاك هەڵکەنێت لە لۆکاڵی لە بیرکردنەوەی ڕەفتاری، وابەستەیی بە خاك و کەلتووری نیشتمانەکەی خۆی. ئەم مەترسییە ئێمە هەستمان پێ نەکرد، بەڵام وڵاتانی پێشکەوتوو لە بناغەی بوونی کەناڵی ڕاگەیاندن، کاریان کرد بە بەرهەمی ناوخۆ هاووڵاتیانیان وابەستە بکەن بە خۆشەویستیی خاك و نیشتمان، کۆڵانەکان و شەقامەکانی و ژیان و گوزەرانی وڵاتەکەی خۆیان بۆ بەرهەم بینینی تاك و تاك لە خەیاڵ و لە واقیع لە یەك جیهان بژی. نەك لە ڕاگەیاندن لە ژیانێکدا دەژی، کە نەك ژیانی وڵاتانی پێشکەوتووە، بەڵکو دراماکە یان بەرنامەکە وێنە و ژیانە هەرە خۆشەکانی ئەو وڵاتانەش پیشان دەدات. کاتێك تاك لەگەڵ ئەمەدا بە خەیاڵ گەورە بوو، بەڵام

**ئەمە ئەجندا و پلانی میدیای گلۆباڵییە کە وەرگری گلۆباڵی دروست بکات و، بیرکردنەوەی گلۆباڵی هەبێت و، خۆی بە بەشێک لە گلۆباڵ بزانێت و، لە خەیاڵدا لە ناو گلۆباڵ بژی و ئایدیای گلۆباڵی بداتێ، تاکو دواجار بیکاتە کڕیاری گلۆباڵی و لە سەرتاسەری جیهان یەک جۆر کڕیار بۆ شتومەک و کاڵا و بیرە جیهانییەکان دروست بکەن**



پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

لە واقیعدا ژیانەکەی خۆی جیاوازە لەمە، ئیتر حەز دەکات، کۆچ بکات بۆ لای ئەو خەیاڵە. نموونەیەکی تر کە لەگەڵ قوتابییەکانم باسم کرد، وتم: هەریەکەتان نزیکی چەند کاتژمێر گەیم و یارییەکانی پلەیستەیشن و ئێکس بۆکس و...هتد-تان کردووە؟ ئەیانوت نازانین لە منداڵییەوە بەردەوامین. هەیانبوو ئەیوت هەر لەگەڵ ئەو یارییانە گەورە بووم. وتم: کوڵان و شەقام و ژیانی ناو یارییەکان هی کوێیە؟ وتیان وەڵا هەمووی ئەوروپا و وڵاتە خۆشەکان و ئەمریکایە. وتم: کەواتە ڕەنگە هەتانبێت زۆرتر لە ناو ئەو شار و شەقامانە ژیابێت کە لە گەیمەکان هەیە، وەك لە کوڵان و شەقامەکانی شارەکەی خۆتان؟ وتیان وەڵا وایە. ئەگەر تاکێك ئاوا لە منداڵییەوە ئاشنای ژیانێکی تر بێت، ئاسانە تۆ بتەوێت بە واقیع لە ژیانێکی تر دابنێیت. میدیای گلۆباڵی هەموو جیهانی خستووەتە مێشکیەوە، مێشکی فراوان کردووە، زۆر شوێن هەیە لە مێشکیدا کە بۆی کردووەتە ژیانێکی خەیاڵی، ئەمە لە واقیع نابینێت. جگە لەو ئایدیا و ڕەفتارانەی کە فێری دەبێت لە بەردەم ئەو ڕاگەیاندن و گەیمانە، کە زۆربەیان پراکتیزە ناکرێن لە واقیعی کۆمەڵگەی کوردی ئەمڕۆ، بۆیە ئەم تاکە دەیەوێت بچێت ئەو جیهانە ببینێت کە لە مێشکیدایە.

بی بی سی ناوخۆیی بەریتانیا سێ درامای تەلەفزیۆنی هەیە، یەکێکیان لە ١٩٦٨ەوە بەردەوامە، دووانەکەی تریان لە ساڵەکانی هەشتاکانەوە. هەفتانە ئەم درامایانە چەند زنجیرەیەك بەرهەم دێنن و پەخشی دەکەن. هەر سێ ئەم دراما درێژخایەنانە کار لەسەر ئەوە دەکەن، ژیان و کەلتوور و واقیعی ڕۆژانەی ناو بەریتانیا دەکەنەوە بە فیلم بۆ ئەوەی تاك ئەوەی لە ژیانی واقیعدا دەژی، ڕۆژانە هەر ئەوەش لە تەلەفزیۆن ببینێت، خەیاڵ و واقیعی یەك شت بن. ئەمانە بۆ دەکەن، کە ملیار دۆلار ڕەنگە خەرجی ئەم درامایانە بن، هیچیشیان بازرگانی نین و سپۆنسەریان نییە و ڕیکلام ناکرێت لە نێوانیان تاکو پارە پەیدا بکەن، بەڵکو تەنیا بۆ پەروەردەی تاکە و نەهێشتنی کەوتنە بەر کاریگەریی تاك بە میدیای دەرەوەی خۆیانە.

میدیا گلۆباڵی، میدیای بازرگانی، خۆ پێشکەوتن ناگوێزێتەوە بۆ جیهان، داهێنانەکان خۆیان دەیکەن، ئێمە فێر ناکەن، بەڵکو دەیەوێت بتکاتە بەکاربەری ساغکردنەوەی کاڵان. ئا لێرەوە ئەگەر سەیر بکەین، دەبینین تاك مافیەتی بڕوات ئەو جیهانە ببینێت کە لەگەڵیدا ژیاوە لە ڕاگەیاندنەکان و گەیمەکان، دەیەوێت بچێتە شوێنیك ئەو ڕەفتارانە بکات کە فێری بووە لە دراماکان و گەیمەکان و لێرە کەلتوور و دابونەریت ناهێڵێت بیکات. دەیەوێت بڕوات ئەو جیهانە ببینێت کە لە منداڵییەوە بینیویەتی و خولیایەتی بچێتە ناو ئەو جیهانە بە واقیعی. ڕاگەیاندن و تەکنەلۆژیا هەموو جیهانی خستووەتە ناو مێشکی و مۆبایلەکەی دەستی، ئێمەش دەمانەوێت لە چوارچێوەی ژوورەکەی خۆی، یان کوڵان و شارە بچووکەکەی خۆی بیهێڵینەوە، ئەوەش ئەستەمە.

**وڵاتانی پێشکەوتوو لە بناغەی بوونی کەناڵی ڕاگەیاندن، کاریان کرد بە بەرهەمی ناوخۆ هاووڵاتیانیان بە خۆشەویستیی خاك و نیشتمان وابەستە بکەن**

# لاوان بۆ ساڵی تازەی ٢٠٢٢ دەخوازن گرنگی زیاتریان پێبدرێت و سوود لە تواناکانیان وەربگیرێت



گەنج و لاو، توێژێکی گرینگ و کاریگەری هەر وڵاتێکن و رۆڵی زۆر بەرچاویشیان لە پێشکەوتنی وڵاتدا هەیە. بەپێی پێوەرە دیمۆگرافیەکان بێت توێژی گەنجان زۆرترین رێژەی کۆمەڵگەی کوردی پێك دەهێنن، گەنج و لاوی کورد هەمیشە دەست و پەنجە لەگەڵ زانست و فێربووندا نەرم دەکەن، باشتر واقیع دەخوێننەوە و زووتر درك بە پێویستیی شۆڕش و گۆڕانکاری و داهێنان و نوێبوونەوە دەکەن، بۆیە هەمیشە ڕیزی پێشەوەی قوربانیدان و گۆڕانکارییان گرتووە، پرسیار ئەوەیە چۆن دەتوانین ئەم توێژە کە بزوێنەری گەشەی هەر کۆمەڵگەیەکە ئاواتەکانیان بێنینەدی و هاوکات هزری نەتەوەیی و ئینتیمای نیشتمانییان بەهێزتر بکەین؟ گەنجانی بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان باس لە خواست و ئامانجەکانیان دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

لە دەستپێکدا هێشوو عەلی چالاکی بواری پاراستنی مافەکانی ئافرەت، وەك کچە گەنجێکی کورد خوازیارە ساڵی نوێی ٢٠٢٢ ببێتە مایەی خۆشگوزەرانی بۆ تێکڕای میللەتی کورد، لەمبارەیەوە گوتی: «پێویستە لە ساڵی تازەوە هەموو کورد بەیەك دەنگ و بەیەك پاکێج ڕووبەڕووی ناحەزانی کوردو کوردستان ببنەوە و، لە ناوخۆی کوردستانیشدا وەك کوردستانییەك خۆشگوزەرانی بگەڕێننەوە بۆ هاونیشتیمانیان. پێویستە گرنگی بەچینی گەنجان و لاوان و ئافرەتان بدرێت و ڕاوبۆچوونیان بە هەند وەربگیرێت، هەروەها هانی گەنجان و لاوان بدرێت و هاوکاریان بن کە بەشێوازی فرەچەشن لەکوردستان خزمەت بکەن و هەلی کاریان بۆ برەخسێنن، چونکە لاوانی وڵاتی ئێمە توانای هەموو سەرکەوتنێکیان هەیە. لەلایەکی ترەوە دەخوازم لە ساڵی نوێوە حکومەتی کوردستان کاری جددی بکات بۆ ڕەخساندنی هەلی کار بۆ قوتابیانی دەرچوو، بۆ ئەوەی خاوەن بڕوانامەکان و لاوانی وڵاتەکەمان بتوانن لە وڵاتی خۆیان خزمەت بکەن و هەوڵی پێشخستن و خۆشگوزەرانی و ئاوەدانی زیاتری کوردستان بدەن».

هەر لەمبارەیەوە نزار هەرکی چالاکی مەدەنی ئاماژە بەوە دەکات: «وەك گەنجێك ئاواتەخوازم ساڵی داهاتوو ساڵی تەبایی ویەکریزی گەلی کورد بێت. ساڵی تێپەڕاندنی قەیران و زاڵ بون بەسەر بەربەست و کێشە دارایی و رامیاری و کۆمەڵایەتییەکان بێت لە کوردستان . گەلی کوردستان ساڵەهای ساڵە بەهۆی ژێردەستەیی و چەوساندنەوەی لەلایەن دراوسێ و نەیارانییەوە ئازاری زۆری چەشتووە، بە هیوام ساڵی داهاتوو ساڵی خۆشییەکانی گەلی کوردستان بێت و ئاشتی و تەبایی بار بەسەر هەموو لایەکدا بکێشێت و باری دارایی هاووڵاتیان و گوزەرانیان بەرە باشتر بچێت». هەروەها گوتی: «من وەك گەنجێك ئومێدی تەواوم بە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی مسرور بارزانی هەیە کە کۆتایی بە خراپی بارودۆخ بهێنێت و ئابووری کوردستان ببوژێنێتەوە، خوازیارم ساڵی تازە ببێتە ساڵی خێر و خۆشی بۆ هەمووان».


لەلایەکی دیکەوە ڕۆڤیا خالید قوتابی زانکۆیە و وەکو گەنج و لاوێکی کورد بۆ ساڵی تازە پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی هاووڵاتیانی خۆشەویست دەکات و لە خودای مەزن و دلۆڤان داواکارە ساڵی داهاتوو کلیلی خێرو خۆشی و بەختەوەری بێت بۆ گشت مرۆڤایەتی و بەتایبەت کوردستانیان و پێشمەرگە قارەمانەکان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و هێزو لایەنە ئەمنییەکان کە پاراستنی خاکی کوردستانیان لە ئەستۆ گرتووە.

هاوکات گوتی: » ئومێد دەکەم هاتنی ساڵی تازە وەك سەرەتایەکی نوێ هەمیشە هیزو ئومێدمان پێ دەبەخشێ، کەواتە با هەموومان لە سەرەتای ساڵی تازەدا بەخۆماندا بچینەوە و سوود لە هەڵەکانی رابردوو وەربگرین و بەخشندە و لێبووردە بین، بەیەکەوە هەوڵبدەین بۆ ئایندەیەکی گەشتر، هێزو توانامان یەك بخەین بە دەستپێکێکی تازەوە سەختییەکان تێپەڕێنین و سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونی ژیان و گوزەرانێکی باشتر بۆ هاووڵاتییانی کوردستان بەتایبەت توێژی گەنجان فەراهەم بکریت، بەو ئاواتەم هاتنی ساڵی تازە ببێتە یەك ریزی و تەبایی هەموو لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان و کۆتایی هێنانی ململانێ و ناکۆکییەکان بێت، چونکە ململانێکان جگە لە زەرەر و لێکترازان هیچی تری بۆ کوردستان نابێت، هیوادارم هەموو لایەن و پێکهاتەکان لێبووردە بن، بۆ ئایندەیەکی باشتر پێویستە تموحی گەنج و لاوان لە بەرچاو بگیرێت، بۆ ئەوەی هەوڵبدەین بەیەکەوە کار بۆ ئایندەیەکی باشتر بۆ کوردستان بکەین، تاوەکو ئازادی و دیموکراسی هەمووان پارێزراو بیت».


سەبارەت بە هەمان پرس لافاو عوسمان کارگێری سەنتەری ڕۆشنبیری خەلیفان و چالاکی مەدەنی وێڕای پیرۆزبایی سەری ساڵی تازە خوازیاری ئەوەیە ساڵی تازە هەرێمی کوردستان قۆناغە سەختەکان تێپەڕێنێت و لە ئاکامدا ژیانێکی شایستە بۆ توێژی گەنجان دەستەبەر بکرێت، هاوکات گوتی:» دەخوازم ئاشتی و پێکەوەژیان پتەوتر بێت. لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان لە ساڵی داهاتوو بە گیانێکی یەکگرتوو و نیشتیمانیانە هەوڵ بۆ بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان لە بەغدا بدەن. هەروەها خوازیارم کوردستان لەڕووی ئاوەدانی و بەسیستم بوونی دامودەزگا حکومییەکان بەرەو پێشتر بچێت».




هێشوو عەلی:
**دەخوازم لە ساڵی تازە حکومەت کاری جددی بکات بۆ ڕەخساندنی هەلی کار بۆ قوتابیانی دەرچوو، بۆ ئەوەی خاوەن بڕوانامەکان بتوانن لە وڵاتی خۆیان خزمەت بکەن**



نزار هەرکی:
**وەک گەنجێک ئومێدی تەواوم بە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی مسرور بارزانی هەیە، کە کۆتایی بە خراپی بارودۆخ بهێنێت و ئابووری کوردستان ببوژێنێتەوە**



رۆڤیا خالید:
**بەو ئاواتەم هاتنی ساڵی تازە ببێتە یەکریزی و تەبایی هەموو لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان و کۆتایی هاتنی ململانێ و ناکۆکییەکان بێت**



لافاو عوسمان:
**دەخوازم ساڵی تازە هەرێمی کوردستان قۆناغە سەختەکان تێپەڕێنێت و لە ئاکامدا ژیانێکی شایستە بۆ توێژی گەنجان دەستەبەر بکرێت**

# لە گەرمەی هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی چەند حاڵەتێکی ژنکوشتن تۆمار دەکرێت

**ویڕای هەوڵە چڕەکانی حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار و ڕێکخراوە داکۆکیکارەکانی مافی ئافرەت، هێشتا ڕێژەی ژنکوشتن لە هەڵکشاندایە و نەتوانراوە سنوورێکی بۆ دابندرێت، هاوکات لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان کار بۆ دەرکردنی یاسایەکی نوێی توندوتیژی دەکەن و لە ڕاگەیەندراوەکەیاندا هاتووە، کەوا هەموو هەنگاوەکان چڕ دەکەنەوە بۆ ئەوەی یاسایەکی نوێ سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزان و ئافرەت لەم خولەی پەرلەمان دەربکرێت، تێیدا ڕێکارەکانی سزادانی تاوانبارانی کەیسەکانی کوشتنی ئافرەت زۆر توندتر بکرێن.**

**لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لە گەرمەی هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی چەند حاڵەتێکی ژنکوشتن تۆمارکرا، ئەمەش پرسیاری لای تاك دروست کرد کە ئایا ئەو هەڵمەتە بێ کاریگەرە یان هۆکاری دیکەی هەیە، بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گۆڤاری گوڵان وەڵامی پرسیارەکە دەدەنەوە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

سەرەتا گەشاو تەلعەت چالاکی مەدەنی هێما بۆ ئەوە دەکات کە هەڵمەتی بەرەنگار بونەوەی توندوتیژیی نابێتە هۆکاری کەمبوونەوەی توندوتیژی یان کوشتنی ژنان بێت بەڵکو کاریگەریشی نییە. هەروەها دەڵێت: «بۆ ئەوەش کۆمەڵێك فاکتەر هەنە، کەرنەڤاڵی و نمایشی ڕەنگی نارنجی، نابێتە هۆکاری کەمکردنەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان، نەخوازە دیاردەی ژن کوشتن، چونکە ئەو دیاردەیە ڕەگ و ڕیشە و مێژوویەکی کۆنی هەیە، بۆ گۆڕینی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی وا گەورە پێویستی بەکار کردنی هەمەلایەنە هەیە، بەداخەوە زۆر جار دەبینیت لایەن و کەسی بەرپرس ئەو کارە دەخەنە ئەستۆی خۆیان لە کاتێکدا خۆیان باوەڕیان بە کێشەی توندوتیژی خێزانی نییە و پێیان وایە ئەوە حەقێکی ڕەوایە پیاو پەنا بۆ توندوتیژی ببات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی خێزانی ئەوە لایەنێك».

ئەو چالاکەی مەدەنی گوتیشی: «لایەنێکی تر دەبێت کار لەسەر سیستمی پەروەردە بکرێت کە ئەویش بە تەنها ڕێکخراوەکان ناتوانن ئەو ئەرکە بە تەنها بگرنە ئەستۆی خۆیان. دەبێت لەو لایەنە حکومەت هاوکاری جددیان بکات ئەویش بە ڕاوێژکردن لەگەڵ کەسانی شارەزا لە بابەتە جێندەری و پەروەردەییەکان تاوەکو بخرێتە ناو سیستمی خوێندن و پەروەردە بۆ ئەوەش پێویستی بە پڕۆژەیەکی تۆکمەو درێژ مەودا هەیە».

هاوکات گوتی: «دەبێت حکومەت هەوڵ بدات هەمیشە یاسا سەروەر بکات لە بڕیاردانی دروست بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و توندوتیژیی خێزانی، هیچ کات هەوڵ نەدات و ڕێگا بەوە نەدات کە کێشەکان لەلایەن ڕیش سپی و سەرۆك خێڵەکان چارەسەر بکرێن، چونکە دواجار ژن دەبێتە قوربانی یەکەم، کەمکردنەوەی دیاردەی کوشتنی ئافرەت لەژێر هەر بیانویەك بێت، بە مانگێك، یان ئەنجام دانی چەندین زنجیرە چالاکی، هیچ لە کێشەکان کەم ناکاتەوە، چونکە ئەوانە شتی ڕوکەشین و وەك وتم کێشەی توندوتیژی خێزانی ڕەگ و ڕیشەکەی درێژەو پێویستی بە پڕۆژەی دور مەودایە بۆ نەهێشتن و کەمکردنەوەی».

سەبارەت بە هەمان پرس دهۆك بارزانی بەرپرسی ناوەندی سۆران (ی.ئا.ك) ئاماژە بەوە دەکات: «جێگەی داخە لە ماوەی ١٦ڕۆژی هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی چەند حاڵەتێکی ژنکوشتن لە هەرێمی کوردستان تۆمارکرا. ئەم گرفتە پێویستی بە چارەسەرە و کۆمەڵگە لە قەیرانەکی گەورەدایە و درێژەکێشانی قەیرانی سیاسی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان و خەریکبوونی لایەنە سیاسییەکان بە ململانێ و ناکۆکییەکانیانەوە، هەروەها



ئاوڕنەدانەوەیان لە گرفتە سەرەتایی و سەرەکییەکانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، وایکردووە قەیرانی کۆمەڵایەتی و هەڵکشانی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە رابردوودا روو لە زیاد بوون بکەن. سەرجەمی ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانەش بەهۆی بوونی قەیرانی سیاسی و ئابووری سەریانهەڵداوە ئامارەکانی دەستەی مافی مرۆڤ و دامودەزگاکانی دیکە کە تایبەتن بە تاوانەکانی کوشتن و خۆکوشتن زیاد بووە، هەموو ئەوانەش ئاماژەی مەترسیداریان تێدایە، بۆیە دەبێت لە ئێستادا هەموو بەدوای چارەسەرکردنی ئەم بارودۆخەدا بگەڕێین، تا چیتر ئاسایشی کۆمەڵایەتیمان نەکەوێتە بەردەم مەترسیی زیاترەوە.»

بەرپرسی ناوەندی سۆران (ی.ئا.ك) رایدەگەیەنێت: «یەکێکی دیکەیە لە هۆکارەکانی کوشتن و خۆکوشتنەکانی ئافرەتان ئەوەیە کە هاووڵاتی دەتوانێت زۆر بە ئاسانی دەستی بە چەك بگات، کە بەوەش ژیانی خۆی، یان ژیانی خەڵکی دەخاتە مەترسییەوە. هەروەها نەبوونی متمانەی خەڵك بە یاسا، ئەمەش هۆکارێکی ترە لە هۆکارەکانی پشت تاوانەکانی کوشتن بە جۆرێك رۆحی تۆڵەکردنەوەی خودی و پشتکردنە یاساو حکومەت خەریکە پەرە دەسێنێت».

**چارەسەری ئەو دیاردەیەش لەم چەند خاڵەدا چڕدەکاتەوە:** «نەهێشتنی دیاردەی چەکداری، چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی، باشترکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و رۆڵ بینینی یاسا».

هەر لەمبارەیەوە شیلان ئاستەیی چالاکی بواری پاراستنی مافەکانی ئافرەت: «رایوایە کە لە کوردستان لە ١٦ ڕۆژەی هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان بۆ ماوەی چەندین ساڵ بە بەردەوامی و بێ دابڕان چەندین پڕۆژەی باش و سوودبەخشی ئاراستەی کۆمەڵگە کراوە، بەداخەوە لە دوای ئەم هەندە ساڵەی بەردەوامی ئەم هەڵمەتە حالەتی ژنکوشتن و غەدر و نایەکسانی بەردەوامی هەیە و کۆتای نییە.

پرسیارێك کە لای زۆرێك لە تاکی کورد دروست بووە، ئایا ئەو هەڵمەتە بێ کاریگەرە؟

یان هۆکاری تری هەیە؟ من وەکو ئافرەتێك ئەم هەڵمەتە بەرز و بە کاریگەر دەنرخێنم، لە کاتێکدا پشتگیری دەسەڵات گەورەترین هۆکارە بۆ بنبڕ کردنی ئەم دیاردەیە قێزەوەنە و هەر لە ڕێگەی ئەم هەڵمەتەوە توانراوە کوشتن، زوڵم و زۆری تا ڕادەیەکی بەرچاو کەم بکرێتەوە بە گەیاندنی دەنگ و پەیامی یەکسانی بۆ جەندەر، ئەویش لە ڕێگەی تیڤی، ڕادیو، ڕۆژنامە و تۆڕەکومەڵایەتییەکانەوە، لە لایەکی تریشەوە پێویستە دەنگی ئافرەتی کورد و کێشەکانی بە جیهانی بکرێت و لە ناو پڕۆژەکەدا ئافرەت ڕۆڵی هەبێت و تێیدا بڕیاردەر بێت».

هاوکات دەڵێت: «لەهەڵمەتی ( ١٦ )ڕۆژەی بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی، ئافرەت توانیویەتی سەرنج، بیرو باوەڕی یەکسانی بە ڕێگای یاسایی و زانستیانە بگەیەنێتە ڕەگەزی نێرینە، بۆ ئەوەی لێك تێگەیشتنێك هەبێت، وەکو تابلۆیەکی ڕەنگاوڕەنگ ژیان بەردەوام بێت، لە گشت سکتەرێکدا و بە هاوکاری ڕەگەزی بەرامبەر.


**هۆکارەکانی دیکەش دابەشی سەر سێ خاڵ دەکەین کە ڕەگەزی مێ بە توندی ڕووبەڕووی شەڕێکی بێ کۆتایی کردووە.**

- یەکەمیان پەروەردەی خێزانییە بەداخەوە هێشتا زۆرێك لە خانەوادەی کورد ماف، ئازادی و دەرچوون و هەڵبژاردن تەنها بۆ ڕەگەزی نێر بەڕەوا دەزانن هەر لە تەمەنێکی بچووکەوە دەبێتە خاوەنی بڕیار لە گشت بوارێکی ژیانیدا، کە ئەمە خۆی دەستپێکی کونترۆڵ کردنی ژیانی مێینەیە، ڕەگەزی مێینەش لە سەرەتا و ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو لە جیهان و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاشتیش ڕۆژ بە ڕۆژ گوڕانگاری و پێشکەوتنی بەخۆیەوە دەبینێت و داوای مافی ڕەوای خۆی دەکات، کە وەك مروڤ ڕێز لە بیروبۆچۆنی بگیرێت، بەداخەوە دەبین ئەم مافە بە یەکسانی مەرگی دەبینرێت.
- دووەم کەمتەرخەمی پەروەردەی نیشتمانی هەر لە سەرەتای پێگەیاندنی قوتابی و لێك جیاکردنەوەی ڕەگەز لە سلکی پەروەردە و پێگەیاندندا کارەساتێك دەخوڵقێن بۆ ئەم دوو ڕەگەزە کە وەکۆ مرۆڤ لەیەك دادەبڕێن تا کاتی پێگەیشتن، دەکرێ وەك دوو هاوکاری کارا بە بیروبۆچوونی ئاکادیمی و زانستی بتوانن پروژەیەك پێشکەشی مروڤایەتی بکەن.
- زۆرێك لە کوردستانییان زۆر بە خێرایی سەروەت و سامانێکی زیادیان بەردەست کەوت، بە ماوەیەکی کەمیش تەکنەلۆجیا کەوتە بەردەست، هەر بۆیە ئەم دوو فاکتەرە بوونە هۆی ئەوەی کە ئافرەتیش هاوشانی پیاو ببێتە خاوەنی سەروەت و سامان و بەکارهێنەری ئامێری ئەلکترۆنی، کە بووە بەرچاوڕوونی بۆ ئەوەی ئافرەتان بتوانن بڕیار لە ژیان و گوزەرانیان بدەن، بەداخەوە ئەمەش لای زۆرێك لە خانەوادە سەختگیرەکان قبوڵکراو نییە ئافرەت بڕیار لەسەر ژیانی خۆی بدات، مافێك لەهەموو جیهان و هەموو دینێکدا بە بڕیارێکی ڕەواو و چارەنوسساز دەبینرێت ئەویش هەڵبژاردنی هاوسەرە کە لەم سەردەمەدا زۆرینەی ئافرەتی کورد لەسەر ئەمە دەکوژرێت و یاخود ژیانی لێ حەرام دەکرێت و دەکرێتە پەند بۆ کچان و ئافرەتانی تریش، کە دەبێت لە یاسا و ڕێسایی خانەوادە لانەدەن، ئەگەرنا ئەمە چارەنووسی ئەوانیش دەبێت.



گەشاو:

**هەڵمەتی بەرەنگار بونەوەی توندوتیژیی نابێتە هۆکاری کەمبوونەوەی توندوتیژی یان کوشتنی ژنان بێت بەڵکو کاریگەریشی نییە**



دهۆك:

**هۆکاری کوشتن و خۆکوشتنەکانی ئافرەتان ئەوەیە کە هاووڵاتی دەتوانێت زۆر بە ئاسانی دەستی بە چەک بگات، بەوەش ژیانی خۆی، یان ژیانی خەڵکی دەخاتە مەترسییەوە**



شیلان:

**هێشتا زۆرێک لە خانەوادەی کورد ماف، ئازادی و دەرچوون و هەڵبژاردن تەنها بۆ ڕەگەزی نێر بەڕەوا دەزانن هەر لە تەمەنێکی بچووکەوە دەبێتە خاوەنی بڕیار لە گشت بوارێکی ژیانیدا، کە ئەمە خۆی دەستپێکی کونترۆڵ کردنی ژیانی مێینەیە**

## سەیران سابیر:

# کە دەرکەوت نەخۆشییەکەم تێپەڕاندووە، خۆشترین ڕۆژی ژیانم بوو هەستم کرد تازە لەدایک بوویمە

سەیران سابیر حەسەن ساڵی ١٩٨٤ لە هەولێر لەدایکبووە و، دەرچووی کۆلێژی ئادابە لە ئێستادا بەڕێوەبەری قوتابخانەی ڕێمانی کچانە. ئەو خانمە یەکێکە لەو هەزاران کەسەی کە تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە بوو و، لەگەڵ ئەوەشدا بە ئیرادەی بەرزەوە ڕووبەڕووی بووەوە. ئێمە وەکو گۆڤاری گوڵان لە ساتەوەختی نەخۆشییەکەی دیمانەیەکمان کرد، سەیران نموونەی ئافرەتێکی بەهێز بوو ئەوکات دڵنیای کردینەوە کە ئەو دەتوانێت بەسەر نەخۆشییەکیدا زاڵ بێت.
سەیران لە ئێستادا بە تەواوەتی نەخۆشییەکەی تێپەڕاندووە و بەمجۆرە باسی ژیانی تایبەتی خۆی و نەخۆشییەکەی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



وەك خۆی باسیدەکات ئەو دایکی دوو منداڵی جمکە (کوڕ و کچ) و بە هیوایەکی زۆرەوە لە داهاتووی منداڵەکانی دەڕوانێت و هەر بە عەشق و خۆشەویستی منداڵەکانی گرەوی لە شێرپەنجەی نەگریس بردەوە، لەمبارەیەوە گوتی: «سوپاس بۆ خوای گەورە دوای وەرگرتنی چوار جەلسەی کیمیایی و ٢٥ جەلسەی تیشکی لەیزەری، پاش بینینی قورسترین کاتەکانی ژیانم، لای من هیچ کاتێك شێرپەنجە یەکسان نەبووە بە مردن، بە بڕوای من نەخۆشیی شێرپەنجە دەبێت وەك نەخۆشییەکی ئاسایی سەیر بکرێت. دەبێت متمانەی تەواوت بە خۆت هەبێت، بەهێز بیت و بجەنگی. دەبێت زۆر لەو نەخۆشییە بەهێزتر بیت. راستە نەخۆشییەکە کاتی زۆری دەوێ و ئازاری زۆری لەگەڵە، بەتایبەتی کاتی وەرگرتنی چارەسەری کیمیایی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت ئیرادەت هەبێت و ئەو قەناعەتە بۆ خۆت دروست بکەیت».

بە خۆشحاڵییەوە دوای پشکنینی خوێن و تیشکی مەمۆگرام XR) دەرکەوت ئەو نەخۆشییەم تێپەڕاندووە، ئەو کاتە خۆشترین ڕۆژی ژیانم بوو هەستم کرد تازە لەدایك بوویمە، من هەرگیز لە مردن نەدەترسام زۆر لەوە دڵنیا بووم خوای گەورە شیفام بۆ دەنێرێ، ترسی من تەنها منداڵەکانم بوو، چونکە زۆر لە خەمی من دابوون، هەرچەندە تەمەنیان تەنها ٥ساڵان بوو.

سوپاس بۆ خوا من ئێستا ئەو نەخۆشییەم تێپەڕاندووە، بەڵام دەبێت سێ مانگ جارێك پشکنینەکان بکەمەوە، بۆ ماوەی دوو ساڵ دەرزی هۆڕمۆناتی ژێر پێستم هەیە، تا حەفت ساڵیش حەبی هۆڕمۆناتم هەیە لەژێر چاودێری سێ دکتۆردام، دکتۆرێك کە نەشتەرگەری بۆم کردووم، دکتۆرێکی دەرزی کیمیاوی لەگەڵ دکتۆری تیشکی لەیزەری.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا کاتەکانی نەخۆشیت چۆن تێپەڕاند تاچەند سەخت و دژوار بوو؟ ئەو خاتوونە گوتی: وەڵا زۆر قورس و بە ئازار بوو بەتایبەتی کاتی دەرزی کیمیاویی خواردن و خەوم هیچ نەبوو، تیشکی لەیزەریەکانیش زۆر قورس بوون، بەڵام ئەو ئێش و ئازارە وای لێکردم بەهێز و بەهێزتر بم، خێزان و کەسوکارم زۆر ئاگادارم بوون،هاوڕێکانم زۆر ئاگادارم بوون زیاتر بە نامە قسەیان لەگەڵ دەکردم بەردەوام دڵنەواییان دەکردم، هەروەها بەڕێوەبەری پەروەردەی خەبات و بەڕێوەبەری ئەزموونەکان و بەرپرسی ناوچەی مامۆستایان و بەرپرسی ڕێکخراوی مامۆستایانی خەبات و بەرپرسی خۆیەتی پەروەردەی خەبات سەردانیان کردم، بەڕێوەبەری قوتابخانەکەم و زۆربەی مامۆستایان سەردانیان کردم، بەڕاستی ئەو شتانە وایان کرد زۆر بەهێزتر بم، ئەوانەی نەیان توانی سەردانم بکەن زۆربەیان بەتەلەفۆن هەواڵیان پرسیم لەوانە سەرپەرشتیاری یەکەمی پەروەردەی خەبات، زۆربەی سەرپەرشتیارانی پەروەردەی خەبات، هەروەها سەرپەرشتیاری یەکەمی پەروەردەی هەولێر لە هەواڵی پرسیم، هاوکات وەزیری پەروەردەش پەیوەندی پێوە کردم و لە باری تەندروستی پرسیم، ئەوانە وایان کرد کەمێکیش بێت لە ئازارم کەم بکەنەوە، لێرەوە زۆر سوپاسی هەموویان دەکەم.

باوەڕم بەوە هەبوو خوای گەورە زۆر خۆشی دەوێم بۆیە منی تاقی کردووە، بە قورسترین و گەورەترین تاقی کردنەوە تێپەڕیم، ئەویش نەخۆشییم و لە دەستدانی نزیکترین و ئەزیزترین کەسی ژیانم کە دایکم بوو،لەگەڵ ئەوانەشدا بەردەوام لە بیری ئەوە دابووم، کە کەسی زۆر نەخۆشتر لە من هەیە، من لە زۆر کەس باشترم و قەناعەتم بۆخۆم دروست کردبوو دەمگوت لە کوردستان دکتۆری زۆر باش هەیە و بڕوام بەخۆم هەبوو، پشت بەخوای گەورە ئەو سەختییانە تێدەپەڕێنم، کتێبێکم خوێندەوە بە ناوی پەیامی بیمارن زۆر سوودم لێی وەرگرت زۆر هێزی پێدام، هەروەها ڕۆژانە سورەتی البقرة دەخوێند بەنیەتی شیفا، لەبەر ئەوەی جۆری سەرەتانم جۆری هۆڕمۆنییە و نابی بەهیج جۆرێك جارێکی تر منداڵم ببێت، چونکە هۆڕمۆنی ژنبوون لەجەستەم نەهێشتووە و هێلکەدانیان وشك کردووم.

لێرەوە بە هەڵگرانی ئەو نەخۆشییە دەڵێم، هەرگیز بێ هیوا مەبن و خۆتان مەڕووخێنن، هیچ دکتۆرێك بەقەدەر متمانە بەخۆبوون و هیوای خۆتان چارەسەرتان ناکات، دکتۆری زۆر باش هەیە لە کوردستان مەڕۆنە دەرەوەی وڵات، چونکە کاتێك نەخۆشی پێویستت بەئیرادەی خۆت ناو کەسوکار و ئەزیزانت، تکایە سەیری نەخۆشی شێرپەبجە بکەن وەك هەرنەخۆشییەکی تر، ترس مەهێڵن لە دڵ و دەروونتان پشت بەخوای گەورە ببەستن.


ئەوەش بزانن خوای گەورە کەسی خۆشەویست و بەهێز تاقی دەکاتەوە، ڕاستە زۆر قورسە ئەو نەخۆشییە و کاتی زۆری دەوێ، بەڵام هەبوونی متمانە و ئیرادە هەموو ترسێك لەناو دەبات، هەر گرد و تاشەبەردێکی گەورە شاخێکی سەرکەش لە باوەشی گرتووە، نەبا و باران نەزریان و لافاو ناتوانن هەڵیتەکێنن.»

**من هەرگیز لە مردن نەدەترسام زۆر لەوە دڵنیا بووم خوای گەورە شیفام بۆ دەنێرێ**

**باوەڕم بەوە هەبوو خوای گەورە زۆر خۆشی دەوێم بۆیە منی تاقی کردووە، بە قورسترین و گەورەترین تاقی کردنەوە تێپەڕیم**

**هەر گرد و تاشەبەردێکی گەورە شاخێکی سەرکەش لە باوەشی گرتووە، نەبا و باران نەزریان و لافاو ناتوانن هەڵیتەکێنن**

# توانا لە هونەردا



توانا مەرجان، وەك هونەرمەندێكی شێوەكاری كوردستان، ئەو هەستی بەزین و هیچ نەبوون و خۆ بە هیچ نەزانینەی تێپەڕاندووە، كە بەرۆكی لایەنێكی ناوەندی هونەر و وێژەی كوردیی گرتووە. هەستەكە لە خۆ بە كەم زانینەوە سەرچاوەی گرتووە، هەندێك لە بوێژ و هونەرمەندانی كورد پێیان وایە، وا حاڵی كراون یان بەو جۆرەی تێگەیشتوون، كە ڕۆژاوای باڵادەست لە ژیار و شارستانیەتی سەردەم، لە هەموو بوارێكدا نموونەی باڵایە، ئێمە هیچ و ئەوان هەموو شتن.


ئا/ تاریق كارێزی



هەر ئەو هەندەی بوێژ و هونەرمەندان لە كوردستان پێیان وایە، هونەر و وێژەی بەرز و باڵا ئەوەیە كە لاسایی ئەوی دیكەی ڕۆژاوایی دەكاتەوە، یان بە لای كەمەوە بە ڕێچكەی ئەودا دەڕوات. لەم ڕووەوە تیۆری و تیۆریزەكاری ڕۆڵی خۆی بینیوە لە تەفرەدان (بەڵێ دەڵێم تەفرەدان)ی بەشێك لە دەستەبژێری هونەر و وێژەی ئێمە، بە چەشنێك هەندێك لایان وایە، ڕووگەی باڵای هونەر و وێژە ئەورووپا یان ڕۆژاوایە، هەر واش دەمێنێتەوە.

ڕاستییەكی زۆر ئاشكرا هەیە، ئێمە نە پشتی تێ دەكەین نە نكوولّی، بەڵێ ئەورووپا چاوگ و بنیاتنەری شارستانیەتی ئەم سەردەمەیە. بە پەرت بوونی ڕۆژاوا وەك چەمكێكی شارستانی و كولتوور بەرەو جووت كیشوەری ئەمریكا و تەنانەت ئوستралیا و شوێنانی دیكەش، هێشتا ئەو سیمای ئەورووپایی (ڕۆژاوایی) یەی نەدۆڕاندووە، بەڵكوو ئەو سیمایەی هەر پاراستووە. ئێمە كێشەیەكمان لەگەڵ ئەو





ڕاستییەدا نییە، گرفت لەوەدایە پرشنگی ئەو شارستانیەتە بمانتاسێنێت، بمانخاتە دۆخی شکستی دەروونی و واتاییەوە، ناو و نیشان و ناسنامەی خۆمان لە بیر بباتەوە. ئەمە تێزێکی مەترسیدارە، ئێمە لە ڕەگ و ڕیشەوە، بە ئێستاشمانەوە نادیدە دەگرێت. لە چوارچێوەی ئەم چەمك و تێگەیشتنە لەنگ و سەنگەلایەدا، بەشێکی زۆری شێوەکارانی کورد قەتیس ماون، هزر و هونەریان سڕ بووە، لە ڕووی کولتوورەوە کەوتوونەتە دۆخی خۆ بە دەستەوەدان، خۆ بە هیچ نەزانین. ئەمەش جۆرێکە لە نامۆیی، هەم هونەرمەند گیرۆدەی دەبێت، هەم سەر لە هەوادار و کڕیارانی هونەریش دەشێوێنێت.

خۆش بەختانە لە ناوەندی هونەری کوردستاندا کەسانێك هەن، هونەرمەندانێك هەن و پێشم وا نییە بە ژمارە کەم بن، لە پێگەی خۆناسی و هۆشیارییەوە هونەر دەکەن، گیرۆدەی گرێی خۆ بە کەم زانین نەبوون. زمان حاڵی ئەوان بێ شەرم و ئاشکرا دەڵێت،





ئەوە ئێمەین و ئەوەش کولتوور و پاشخانی شارستانیمان. جێی خۆیەتی ئەوەش بڵێین، ناوەندی هونەر لە ئاستی جیهاندا دەرگای پێشوازی کردن و خۆشحاڵی بە ڕووی ئەم جۆرە هونەرمەندانە دەکاتەوە، بەرهەمی ئەوان جێ بایەخ و سەرنجی ناوەندەکانی هونەرە لە هەر شوێنێکی دنیا. لە بەرانبەردا، ئەوانەی کەوتوونەتە دۆخی ڕۆژاوا مەستی و کونجی پەراوێزی چەمك و بەها و نەریتەکانی هونەری ئەوێوە، نە ڕۆژاوا هونەرەکەیان دەخوێنێتەوە، نە چێژ و چەشەیەك بە هەوادارانی جوانی و ستاتیکا لە وڵات و زێدی خۆیان دەبەخشن. هونەرەکەیان وەك کۆپییەکی کاڵ و کرجی هونەری ڕۆژاوا خۆ دەنوێنێت، نە کڕیار و هەواداری ڕۆژاوایی و جیهان بە لای خۆیدا ڕادەکێشێت، نە لە کوردستانیش هەڕمێنێك پەیدا دەکات.

ئەم دۆخە پێویستی بە هەڵوەستە کردنە. هونەرێك هەڵگری سیمای کولتوور و شارستانیەت و میراتێکی خۆجێیی بێت، خەون و خەیاڵ و دیدگای خەڵکی خۆی بەرجەستە بکات، بە دڵنیاییەوە هەڵگری پەیام و کرۆکێکی پتەو دەبێت، لە ڕووی دارشتن و سیما و فیگەر و ڕەنگسازیشەوە، مۆرکی شوێنکاتی ئێستا و ڕابردووی ئەو شوێنە دەنوێنێت. پێچەوانەی ئەوە، هونەر وەك تەم و مژ و تراویلکە خۆی دەنوێنێت.





ئەزموونی توانا مەرجان (ڕۆڵەی بنەماڵەیەکی ناسراوی هونەر پەروەری شاری هەولێر و مامۆستای کۆلیژی هونەری جوانە لە زانکۆی سەلاحەدین) ئاماژەیەکی گەش و ئەرێنییە بۆ نوێنەرایەتی کردنی هونەری شێوەکاریی کوردستان. توانا، لە پیشە و هونەری خۆی گەیشتووە، کەرەستە و فیگەر و فەرهەنگی خۆی بێ ترس و تاسان، ڕوون و ڕەوان دیاری کردووە، ڕێچکەیەکی دروستی کار کردنی بۆ خۆی دیاری کردووە، بە گوێرەی ڕێچکەی هەڵبژاردەی خۆی، توانا بە چاوێکی جواندۆز و جواناس لە ژینگە و دەوروبەری خۆی ڕوانیوە. لە نێو ئەو ژینگەیەدا دەریایەك جوانیی بەدی کردووە، لە بەرهەمی ئەودا، فیگەرستانێکی تەژی لە ڕەنگ خۆی نمایش دەکات، ئەو ژینگەیە کە ناوماڵی کوردەواری چەق و ناوەندیەتی، کەرەستەی دەیان ساڵ کار کردن دەخاتە بەردەم هونەرمەندێك کە لە خۆی ڕاببینێت، بڕست و توانای نیگار و ڕەنگسازیی هەبێت، بۆ ئەوەی وردەکاریی گوتارێکی خۆماڵی (بە ناسنامەی کوردانە، وەك میراتیش کوردستانیانە) بە زمانی ستاتیکایەکی بەرز و بەرجەستە، گەلاڵە بکات. بەرهەمی ئەم دروست تێگەیشتنە لە پیشەی هونەر زنجیرەیەك تابلۆیە، کە میراتی نەتەوەیەك (بە تایبەتی نێو ماڵی کوردەواری بەر لە هێرش هێنانی تەکنەلۆژیای سەردەم) نمایش دەکات و دەخوێنێتەوە، کە لە نێو یادگە و ژیاندا میراتی پتر لە شەش هەزار ساڵ شارستانیەت و ئەزموونی مرۆڤی هەڵگرتووە.

# تووره‌ج ئەسڵانی خەڵاتی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «ڕێگای ئاوریشم»ی چینی بەدەست هێنا

مەنسوور جیهانی

**تووره‌ج ئەسڵانی بە فیلمی سینەمایی «بێ نیشتمان» سێیەمین بەرهەمی بڵندی سینەمایی خۆی، خەڵاتی دەرهێنەری نوێخواز و تەندیسی ڕێگای ئاوریشمی زێڕینی لە هەشتەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «ڕێگای ئاوریشم» لە وڵاتی چین بەدەست هێنا.**



فیلمی سینەمایی «بێ نیشتمان» لە نووسین و دەرهێنان و بەرهەمهێنانی سینەماکاری کورد توورج ئەسڵانی، بەرهەمی کۆمپانیای سینەمایی ماد مووڤی و هەروەها بەرهەمی هاوبەشی ڕەز هەڵکەوت ڕەشیدە لە هەرێمی کوردستان، لە نوێترین و سێیەمین بەشداریی نێودەوڵەتیی خۆیدا، لە بەشی پێشبڕکێی سەرەکیی هەشتەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی ڕێگای ئاوریشم، کە لە شاری فۆژۆ لە وڵاتی چین نمایشکرا، لە لایەن ئەندامانی لیژنەی دادوەرایییەوە خەڵاتی دەرهێنەری نوێخواز و هەروەها تەندیسی ڕێگەی ئاوریشمی زێڕین بە توورج ئەسڵانی، دەرهێنەری ئەم بەرهەمە کوردییە بەخشرا.

«توورج ئەسڵانی» لە پەیامێکی ڤیدیۆییدا بۆ ڕێوڕەسمی کۆتایی هەشتەمین خولی فێستیڤاڵەکە گوتی: «سڵاو و سوپاس بۆ ئەندامانی بەڕێزی لیژنەی دادوەرایی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی (ڕێگای ئاوریشم)ی وڵاتی چین، بۆ گرینگیدان بە فیلمی سینەمایی بێنیشتمان، ناونیشانی ئەم خەڵاتە (دەرهێنەری نوێخواز) جێگەی باوەڕی هونەرە لە سینەمادا و، هەروەها بۆ من هۆکاریکە کە درێژەپێدانی تێڕوانینی دژەباوم هەدەبێت».



## بارنیتا: کۆمەڵگە تێڕوانینێکی نەرێنیی بۆ هونەر هەیە

سەرەتای هەر هەنگاوێك لە بواری هونەریدا بە ڕۆڵێکی بچووك، یان لاوەکی دەست پێ دەکات، بەڵام زۆر جار بەشێك لە ئەکتەرە لاوەکان سەرەڕای ئەوەی لە سەرەتای قۆناغی هونەریدان، کەچی لەبەر هەندێك هۆکاری وەك جوانی و ستایشی هەندێك لە هونەرمەندە ناسراوەکان، هەر زو داوای ڕۆڵی سەرەکی دەکەن.

ئەستێرەی ناسراوی بۆلیۆد (بارتینی شۆپرا) یەکێکە لەو ئەکتەرانەی کە سەرەڕای ئەوەی سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەست نەهێناوە، بەتایبەتی لە فرۆشتنی پلیتەکان کە بگاتە ئاستی ئەستێرە، بەڵام لە چەند کارێکدا کە پێشکەشی کراون داوای ڕۆڵی سەرەکیی کردووە.

لەم بارەیەوە سەرچاوەیەکی نزیك لە شۆپرا ڕایگەیاند، کە تا ئێستا چەندین ڕۆڵی ڕەت کردووەتەوە، تەنیا لەبەر ئەوەی ڕۆڵی سەرەکیی پێ نەسپێردراوە، چونکە بەپێی سەرچاوەکە، شۆپرا خاوەن توانایەکی هونەریی زۆرە کە پاڵێوراو بێت بۆ بینینی ڕۆڵی سەرەکی، ئەو فیلمانەشی کە پێشتر بەشداریی تێدا کردوون، شایەدی ئەو ڕاستییەن.

لای خۆیەوە بارتینی شۆپرا دەڵێت: «ئێستا لە کۆمەڵگەکانی هاوشێوەی ئێمەدا تێڕوانینێکی نەرێنی بۆ هونەر هەیە و، پێموانییە ئەم تێڕوانینە بە ئاسانی بگۆڕێت، من نازانم ئەکتەرێك کە لە ڕۆڵەکەیدا زۆر سەرکەوتوو بووە، بۆچی هەمیشە پێی دەڵێن ڕۆڵی لاواز یان ناوەندی، لە کاتێکدا ئەگەر ئەوان نەبن، نە فیلمەکە سەرکەوت دەبێت و نە ئەستێرەکانیش دەردەکەون و ڕۆڵیان دەبێت، ئەوەی زۆر نیگەرانم دەکات،ئەوەیە کە لە دوای چەندین فیلم هەر بەو ئەکتەری لاوەکییە بانگیان دەکەن».

**سەرچاوە: بی بی سی**

## مێگان فۆکس:

# وەرگرتن و بیستنی بیروڕای هەڕەمەکیی خەڵک کارێکی زۆر زەحمەتە



تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئێستا بوونەتە هۆکارێك بۆ ئەوەی خەڵك بیروڕاکانی خۆیان دەرببڕن، بەتایبەتی هونەرمەندان و کەسایەتییە ناسراوەکان، تا بە باشترین هۆکاری دەزانن بۆ ئەوەی بە کورتترین وشە و لە کەمترین کاتدا پەیامەکانی خۆیان بە زۆرترین جەماوەر و هەوادارانی خۆیان ڕابگەیەنن، کەچی خانمە ئەکتەری ناسراو مێگان فۆکس بە ئاشکرا دەڵێت من زۆر دوورم لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

مێگان فۆکس دەربارەی هۆکاری دوورکەوتنەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەڵێت: «هۆکاری دوورکەوتنەوەم لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆر ڕقم لێیەتی، چونکە شێوازی وەرگرتن و بیستنی بیروڕای هەڕەمەکیی خەڵك کارێکی زۆر زەحمەتە»، هەروەها دەڵێت: «من زۆر گرنگی بە ڕای خەڵك نادەم، چونکە هەر کەسێك سەبارەت بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕای تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە پێویستە بتوانیت گرنگی بەو شتانە نەدەیت کە زیان بە هەستت دەگەیەنن و دەبنە هۆی ئەوەی کە متمانەبوونت بەخۆت لاواز ببێت».

ساڵی ٢٠١٣ مێگان بڕیاریدا کە ئەکاونتی تایبەتی خۆی لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر دابخات، هەرچەندە زیاتر لە (٢٥٠) هەزار کەس لە یەك هەفتەدا سەیری ئەکاوەنتەکەیان کردبوو، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی ئەوەی ئەکاوەنتەکەی دانەخات، لەوبارەشەوە گوتی: « پێنج ڕۆژ لە سەر تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر بووم، بەڵام نازانم سوودی چی بوو»، هەروەها دوای دوو ڕۆژ لە سەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك کە ٣٣ ملیۆن کەس چاودێریی دەکەن نووسیبووی: «من ناتوانم لەسەر شتێك بەردەوام بم کە ڕقم لێی بێت».

**سەرچاوە: گولولی**

## ناتاليا بۆ گوڵان :

# هونەرمەندە نەمرەکان کاریگەرییان لەسەر ئێمە هەبووە

هۆزان ناتاليا خانمە دەنگخۆشی کوردی ئەرمينيا، سەرەتا لە ئۆکراینا وەك گۆرانیبێژ دەرکەوت، دواتر بەهۆی بارودۆخێکی تايبەتەوە ناچار بوو روو لە ئەڵمانيا بکات، ئێستا نزيکەی بيست ساڵە لەو وڵاتە ژيان بەسەر دەبات، سەرەڕای بارودۆخی نەخوازراوی بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا، ناتاليا بەردەوام بووە لە کاری هونەری و بەرهەمی نوێی بلاوکردۆتەوە.



ناتاليا سەبارەت بە بەرهەمە نوييەکەی دەڵێ: دوای بڵاوکردنەوەی ئەلبومی يەکەمم کە بە ناوی (خەياڵ) بوو لە ساڵی ٢٠٠٣، لەو ماوەيەدا من بەردەوام بووم لە کاری هونەری، بۆيە بە پێويستم زانی ئەلبومێکی نوێ بڵاوبکەمەوە بە ناوی (ئەڤينا دلا) کە چەندين بەرهەمی جياجيا لە خۆ دەگرێت لە نێوان کاری نوێ و فۆلکلۆر.

هەروەها دەڵێ: هونەرمەندە نەمرەکان پياو و ئافرەتان کاریگەرییان لەسەر ئێمە هەبووە، چونکە بەردەوام گوێمان لە گۆرانييەکانيان دەگرت و بەردەوام دەمانگوتەوە و هۆکارێك بوون بۆ ئەوەی کاری هونەری ئەنجام بدەين.

ناتاليا دەربارەی گرنگی هونەر بۆ ميللەتی کورد دەڵێ: بە درێژايی مێژوو هەميشە ميللەتی کورد لەلايەن دوژمنانی دووچاری کوشتن و ئاوارەيی و دەربەدەری بووەتەوە و خاك و وڵات و کەلتوور و زمانی بەر هێرشی داگيرکەران کەوتووە، بۆيە پەنای بۆ هونەر بردووە بۆ پاراستنی کەلتوور و زمان و فەرهەنگی خۆی و توانيويەتی بيپارێزێت، ئەمەش ئەوە دەگەيەنێت کە گۆرانی وتن و هونەريش شۆڕشە، بەڵام شۆڕشە بە دەنگ و هونەر، ئەم کارە بۆ هونەرمەندانی وەکو ئێمە بە حوکمی ئەوەی لە دوورە وڵات دەژين تا رادەيەکی زۆر زەحمەت بوو، بەڵام لە هەمان زياتر هانی دەداين کە بەردەوام بين لەسەر ئەو خەباتە.

دەربارەی ئاستەنگەکانی بەردەم هونەرمەندانی ئافرەت ناتاليا دەڵێ: بۆ ئافرەتی کورد بە گشتی ژيان سەختە و بەردەوام رووبەڕووی ئاستەنگ و گرفت دەبێتەوە بۆ منيش ئاسان نەبوو، کاتێك رووم لە دەرەوەی وڵاتيش کرد ژيان ئاسان نەبوو و پێويستی بەوە بوو بژێوی ژيان پەيدا بکەم، لە هەمان کاتدا خۆشەويستيم بۆ هونەر وای لێکردم کە دەست لە کاری هونەری بەرنەدەم، ئەو دەرەفەتم بۆ هاتە پێش و تا ئێستاش بەردەوامم لە کاری هونەری، بەڵام پەيداکردنی بژێوی ژيان بۆ هونەرمەندێکی ئافرەتی کورد لە ئەورووپا کارێکی ئاسان نييە.

هێرۆ جەمال

یاریزانی تۆپی باڵەی یانەی ئەکاد:

# لە کوردستان تەنیا گرنگی بە تۆپی پێ ددرێت بۆیە باڵە پشتگوێ خراوە



ناحیەی تەقتەقی سەر بە قەزای کۆیە، یەکێکە لەو شارانەی کە لەسەر هەردوو ئاستی کچان و کوڕان، گرنگیی زۆر بە بواری وەرزش دەدات، کچە بەتواناکانی تیپی باڵەی یانەی تەقتەقیش یەکێکن لە یانە بەهێزەکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراق، ساڵانە لەگەڵ کردنەوەی خولەکانی باڵە، بەردەوام لە کێبڕکێدان بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و شەڕکردن لەسەر نازناوەکانی کوردستان و عێراق، هەروەها خاوەنی چەندین کچە یاریزانی بەتواناشن لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، کە ئێستا بەشێك لەم کچە یاریزانانە بۆ یانەی دیکە یاری دەکەن، هێرۆ جەمال یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکانی شارەکە و خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەکانی کۆیە و تەقتەق و برایەتی و ئەکاد لەسەر ئاستی کوردستان، هێرۆ کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٥ی ناحیەی تەقتەقە و پێشتریش بۆ یانەکانی (کۆیە و برایەتی و تەقتەق) یارییکردووە و، ئێستا یاریزانی یانەی ئەکادی قەزای عەنکاوەیە، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵدا ئەنجام دا.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** بەگشتی یاریی باڵە لە کوردستان چ ئاستێکدایە؟**

- بە بۆچوونی من ئێستا لە چاو ساڵانی پێشتر لە ئاستێك باشتردایە، چونکە ئێستا خولەکان لە کات و ساتی خۆیاندا دەکرێنەوە، بۆیە بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیوە.

*** وەك ئەوەی کە لە هەردوو خولدا بەشداربوویت، ئەم یارییە لەسەر ئاستی عێراق چۆن دەبینیت؟**

- بەهۆی ئەوەی کە هەموو ساڵێك پاڵەوانێتی دەکرێتەوە زۆر باشە، بەڵام بە یەك هەفتە کۆتایی دێت، بۆیە لەم دۆخەدا سوودی بۆ تیپەکان و یاریزانان نابێت بۆ ئەوەی ئاستی ڕاستەقینەی خۆی پێشکەش بکەن.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان بەرز بکرێتەوە؟**

- تەنیا بە کردنەوەی زیاتری خول و پاڵەوانێتیی ساڵانە ئاستی ئەم یارییە بەرز دەبێتەوە، نەك یەك پاڵەوانێتی.

*** بۆچی زۆر جار لە شارۆچکەی تەقتەقەوە گرێبەست لەگەڵ یانەی دیکەیت، هۆکاری چییە؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت ڕەفاعی بە ئەزموون لە ناو یانەکاندا کەمە، بۆیە من ساڵانێکی زۆرە لەم یارییەدا خزمەت دەکەم، هەرکات بچمە هەر یانەیەك جێگای خۆشحاڵیم بووە و، یانەکانیش بەهۆی ئەزموونەکەمە ئاسودە بوون.

*** ئایا وەرزشکردن لە شارێکی دیکە بۆ ئافرەت گرفت نییە؟**

- من خۆم گرفتم نییە، چونکە پێشتر باوکم بەردەوام هاوکارم بووە، ئێستاش هاوسەرەکەم هاوکاری باشە بۆمن، سوپاسیان دەکەم.

*** وەکو یاریزانانی باڵە کێشەو گرفتتان چییە؟**

- گرفتی سەرەکیی ئەم یارییە تەنیا ئەوەیە کە خول و پاڵەوانێتی وەکو پێویست ناکرێتەوە و، سوودی نابێت بۆ یاریزانان، کێشەیەکی تر ئەوەیە کە تەنیا دوو هەفتە پێش خولەکان یانەکان ئاگادار دەکرێنەوە ئەوەش زۆر زیان بە تیپەکان دەگەیەنێت.

*** بۆچی لە کوردستان ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە نەبینیوە؟**

- بە بۆچوونی من هۆکارەکان دیارن، کچان بە شێوەیەکی بەر بڵاو نایەنە نێو وەرزش، چونکە یاریزان زۆر خۆی هیلاك دەکات و هیچ سوودێکی ماددی نابینێت، لە کوردستان گرنگی بە تۆی پێی دەدەن، بۆیە یاری باڵە پشتگوێ خراوە.

*** هیواو ئاواتت وەکو کچە یاریزانێك چییە؟**

- سوپاس بۆخودا هەموو ئاواتەکانم هاتونەتە دی و لە باشترین یانەکان یاریم کردووە و ئەنجامی باشم هەبووە، ئەوەش بۆمن دەستێکی گەورەیە.

*** پەتای کۆرۆنا تا چەند کاریگەریی لەسەر وەرزش هەبووە؟**

- بەڵێ، بە هۆی وەستانی مەشقەکان و نەبوونی پاڵەوانێتی کاریگەری هەبووە، بەڵام ئێستا وەرزش هاتۆتەوە ئاستی خۆی.

*** بەرنامەت بۆ داهاتووی خۆت چییە؟**

- بۆ ئەوەی ئامادەبم بۆ پاڵەوانێتییەکان، بەردەوامم لە مەشق و ئامادەکارییەکانم بەردەوامم.

*** هەوڵت نەداوە لە شارۆچکەی تەق تەق قوتابخانەیەکی پێگەیاندنی یاریزانان بکەیتەوە؟**

- پێشتر لەگەڵ مامۆستایەك فێرگەمان هەبوو، بەڵام نەما، بۆیە لە ئێستادا پلانی ئەوەم نییە.

*** پەیامت چییە بۆ بەرپرسانی وەرزشیی؟**

-هیوادارم وەکو تۆپی پێ گرنگی بە یاریی باڵە بدرێت و ئاوڕێك لەم یارییە بدەنەوە.

*** لە هەڵبژاردەی عێراق داوا نەکراویت؟**

- تا ئێستا نەخێر، چونکە لە عێراقدا تا یاریزانی عەرەب هەبێت، کورد هەڵنابژێرن.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- دەست خۆشی بۆ گۆڤاری گوڵان کە بەردەوام و بەبێ جیاوازی خزمەتی سەرجەم وەرزشکارانی شارەکانی کوردستان دەکات، بە هیوای سەرکەوتن بۆ ئێوە.






# ئۆبامیانگ سزادرا

بەهۆی پابەندنەبوون بە ڕێنماییەکانی یانەکەیەوە، پییێر ئێمریک ئۆبامیانگ یاریزانی گابۆنی لە لایەن یانەی ئەرسیناڵەوە سزادرا.

یانەی ئەرسیناڵی ئینگلیزی لە بڵاوکراوەیەکی فەرمیدا، سزادانی ئۆبامیانگی ڕاگەیاند و هۆکاری سزادانەکەیشی بۆ هاندەرانی یانەکە و خودی یاریزانەکە ڕوونکردەوە.

لە بڵاوکراوەکە هاتووە: ئەرسیناڵ کاپتنی لە ئۆبامیانگ وەردەگرێتەوە.

لە بڵاوکراوەکەدا هاتووە: سزادانی یاریزانەکە بەهۆی هەڵسوکەوتە نابەجێ و پابەندنەبوونیەتی بە ڕێنمایی و یاساکانی یانەکەمانەوە.

یانەی ئەرسیناڵ لەبارەی سزادانی ئۆبامیانگەوە، نووسیویەتی: دوای ئەو سەرپێچییە هەفتەی ڕابردوو ئەنجامیدا، چیدی ئۆبامیانگ کاپتنی تیپەکەمان نابێت.

یانە لەندەنییەکە لە درێژەی بڵاوکراوەکەیدا، زیاتر دەڵێت: ئێمە چاوەڕێی ئەوە لە هەموو یاریزانەکانمان دەکەین، بە تایبەتیش کاپتنمان، کە بەپێی ئەو یاسا و پێوەرانە کاربکەن کە بۆ یانەکەمان داناون و لەسەریان ڕێککەوتووین.

ئۆبامیانگی ئەستێرەی گابۆنی جاری یەکەمی نییە سەرپێچی لە یاساکانی ئەرسیناڵ بکات، کە پێشتریش بە دوورخستنەوە لە بەشداریکردن لە یاری ساوسامپتۆن سزادرابوو، بەهۆی درەنگ گەیشتنی، کە تیپەکە دەیویست گەشت بکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی یانەی ساوسامپتۆن.

---

# نەیمار پێکانەکەی قورسە




مارکینیۆس، کاپتنی یانەی پاریس سانت جێرمانی فەرەنسی، لە لێدوانێکدا لە بارەی پێکانەکەی نەیمار داسیلڤای ئەستێرەی بەرازیلی یانەی پاریس، هاندەرانی ئەو یانەیەی تووشی شۆک کرد.

نەیمار داسیلڤا، کە تووشی پێکان بووە و ماوەیەکە دوورکەوتووەتەوە، سەرەتا پزیشکانی یانەی پاریس سانت جێرمان ڕایانگەیاند کە ئەو ئەستێرە بەرازیلییە پێویستی بە ٦ تاوەکو ٨ هەفتە هەیە بۆ گەڕانەوە، بەڵام وەک مارکینیۆس باسی دەکات، گەڕانەوەی نەیمار کاتێکی زۆرتری پێویستە.

مارکینیۆس لە دوای یاری یانەکەی بەرامبەر مۆناکۆ لە خولی فەرەنسا، کە بە دوو گۆڵی بێ بەرانبەر یارییەکەی بردووە، لە لێدوانێکدا باسی پێکانەکەی نەیماری کرد و گوتی: نەیمار زۆر بەجددی کاردەکات بۆ ئەوەی بۆ قۆناخەکانی یەکلاکەرەوە ئامادەبێت، ئەو خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی بەر لە دەستپێکردنی ڕکابەرییەکانی قۆناخی ١٦ی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بگەڕێتەوە و بەشداری لە یارییەکاندا بکات.

ئەم قسانەی کاپتنی یانەی پاریس بە مانای ئەوە دێن، کە نەیمار تاوەکو ناوەڕاستی مانگی دووی ساڵی داهاتوو دەگەڕێتەوە، بەو پێیەی یارییەکانی قۆناخی ١٦ی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا لە ١٥ی مانگی ٢ی ٢٠٢٢ دەستپێدەکەن.

مارکینیۆس زیاتر لە بارەی نەیمارەوە گوتی: چەند پشکنینێکی پزیشکیی نوێ بۆ نەیمار کراون و دەریانخستووە، کە یاریزانەکە پێویستی بە کاتێکی زیاتر لە پێشبینی کراو هەیە، بۆ ئەوەی لە ڕووی جەستەیی و هزرییەوە ئامادەبێت و لە قۆناخە هەستیارەکەدا بگەڕێتەوە.



# هالاند لە بەرشلۆنە نزیکە؟

بەپێی بەرنامەی ئێلچێرینگیتۆی ئیسپانی مینۆ رایۆلا بەڕێوەبەری کارەکانی ئێرلینگ هالاند هەوڵدەدات هێرشبەرە نەرویجیەکە لە گواستنەوەکانی زستانە رەوانەی یانەیەکی دیکە بکات. لە ماوەی رابردووش چەند سەرچاوەیەک ئاشکرایان کرد هالاند رەتیکردووەتەوە بچێتە ریزەکانی یۆڤانتۆس و مانچێستەر یۆنایتد.

مینۆ رایۆلاش ئاماژەی بەوە کردووە هالاند پەیوەندی بە یەکێک لە باشترین ١٥ یانەی ئەوروپا دەکات لە نێوانیاندا ریال مەدرید و بەرشلۆنە و مانچێستەر سیتی و بایرن میونیخ.

لە لایەکی دیکەیشەوە، رۆژنامەی موندۆ دیپۆرتیڤۆی کەتەلۆنیا هێمای بۆ ئەوە کردووە، کە مینۆ رایۆلا بە خوان لاپۆرتای راگەیاندووە، کە خەونی هالاند پۆشینی درێسی بەرشلۆنەیە.

هالاند گرێبەستەکەی لەگەڵ دۆرتمۆند لە هاوینیساڵی ٢٠٢٤ تەواو دەبێت، بەڵام ئاشکرا کراوە هالاند بەپێی خاڵێکی گرێبەستەکەی دەتوانێت لە کۆتایی ئەم وەرزە ریزی زەردەواڵەکان جێبهێڵێت.

ئێرلینگ هالاندی تەمەن ٢١ ساڵ لە گواستنەوەی زستانەی ساڵی ٢٠٢٠ لە یانەی سالزبێرگی نەمساوی بە بەهای ٢٠ ملیۆن یۆرۆ روویکردە بۆروسیا دۆرتمۆند، لەگەڵ یانەی زەردەواڵەکان لە کۆی ٧٣ یاری، ٧٤ گۆڵ و ٢٠ ئاسیستی کردووە.



## بەربژێرانی پێکهاتەی ٢٠٢١ ئاشکرا کران

یەکێتی تۆپی پێی جیهان ناوی ٢٣ یاریزانی بەربژێری بۆ پێکهاتەی ساڵی ٢٠٢١ بڵاوکردەوە، ٤ یاریزانی بەرشلۆنە بەربژێرن بۆ پێکهاتەی ساڵ.

فیفا لەسەر ماڵپەری خۆی یاریزانە بەربژێرەکانی بۆ پێکهاتەی ساڵ بڵاوکردەوە.

گۆڵپارێزەکان: (ئالیسۆن ـ لیڤەرپوول)، (دۆنارۆما ـ پاریس سانت جێرمان) و (مێندی ـ چێلسی)

بەرگریکاران: (داڤید ئالابا ـ ریال مەدرید)، (جۆردی ئالبا ـ بەرشلۆنە)، (ئالێکساندەر ئەرنۆڵد ـ لیڤەرپوول)، (بۆنۆچی ـ یۆڤانتۆس)، (دانی ئالڤێس ـ بەرشلۆنە)، (دیاز ـ مانچیستەر سیتی).

ناوەراستکاران: (بۆسکێتس ـ بەرشلۆنە)، (برۆنۆ فێرناندێز ـ مانچیستەر یۆنایتد)، (دی یۆنگ ـ بەرشلۆنە)، (جۆرجینهۆ ـ چێلسی) و (نگۆلۆ کانتی ـ چێلسی).

هێرشبەران: (کەریم بێنزێما ـ ریال مەدرید)، (هالاند ـ دۆرتمۆند)، (لیڤاندۆڤسکی ـ بایرن میونخ)، (لۆکاکۆ ـ چیلسی)، (کریستیانۆ ـ مانچیستەر یۆنایتد)، (نەیمار ـ پاریس سانت جێرمان)، (مباپێ ـ پاریس سانت جێرمان) و (لیۆنیل مێسی ـ پاریس سانت جێرمان).

بڕیارە لەسەرەتای ساڵی داهاتوو فیفا لە مەراسیمێکدا ئاهەنگی بەخشینی زە بێست ساز بکات، کە تێیدا باشترین پێکهاتەی ساڵ و باشترین یاریزانی ٢٠٢١ خەڵات دەکات.



# پێشمەرگەی هەولێر چاوەڕوانی ئەو قۆناغە دەکات

تیپی تۆپی پێی یانەی پێشمەرگەی هەولێر ئەم وەرزە ئاست و ئەنجامی وەکو پێویست نییە و، لە هەشت یاریی ڕابردووی خولەکە، تەنیا خاوەنی دوو سەرکەوتنە و دە خاڵی کۆکردۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا یانەکە هێشتا لە هەوڵەکانی بەردەوامە، بۆ ئەوەی بتوانێت یاری بۆ یاری ئاست و ئەنجامی باشتر بکات، یانەکە چاوەڕوانی ئەو چەند یارییە دەکەن کە ماوە لە قۆناغی یەکەم، بۆ ئەوەی تیپەکە ڕێك بخەنەوە،

لەم بارەشەوە نیهاد عادل جێگری سەرۆکی یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە ئێستادا چاوەڕێ دەکەین کە بزانین بۆ یارییەکانی داهاتوو، یان تەواوبوونی قۆناغی یەکەم ئەنجامەمان چۆن دەبێت، ئەو کات چی باش بێت بۆ یانەکە بڕیاری لەسەر دەدەین، بەڵام ئەگەر ئەنجامەکان باش



# پێشمەرگەی سلێمانی چاوی لە خولی نایابی عێراقە

تیپی تۆپی پێی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی، ئەمساڵ جیاواز لە ساڵانی پێشوو پشتی لە خولی کوردستان کرد و، ڕووی لە خولی عێراقی کرد، بۆیە هەر لە سەرەتای خولی پلە یەکی عێراقییەوە دەیەوێت هەنگاو بە هەنگاو خۆی لە خولە گەورەکە نزیك بکاتەوە و، تیپەکەش بکەنەوە بە تیپەکەی جارانی خولی نایابی عێراق، لەم بارەشەوە هەرێم کەلاری یاریدەدەری ڕاهێنەری یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بەردەوامین لە ئامادەکارییەکانمان بۆ خولی پلە یەکی عێراقی و» بەردەوامیشبن لە کێبڕکێ بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، دەمانەوێت ئەمساڵ بگەینە خولی پلە نایابی کوردستان»، وەکو گرفتی یانەکەش یاریدەدەری ڕاهێنەری یانەی پێشمەرگەی سلێمانی گوتی: لە ڕووی ئیداری و هونەرییەشەوە هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە، بەڵام چەند یاریزانێکمان تووشی پێکان هاتوون، ئەوە بووەتە گرفت، ئامانجمان ڕوونە و سەرخستنی تیپەکەیە بۆ ڕیزی یانە گەورەکان لە وەرزی نوێی خولی نایابی عێراقی، هەوڵی ئەوەش دەدەین کە ڕیزی ئەو یاریزانانە پڕ بکەینەوە کە تووشی گرفت بوون و بە هۆی پێکان دابڕاون، لە هەموو ڕوویەکەوە



# ئەرسەلان جەلال گەشبینە به ئاستی تیپەکەی

تیپی تۆپی پێی یانەی چەمچەماڵ دەیەوێت بە ئاست و ئەنجامی شایستەوە، بۆ ئەم وەرزە کێبڕکێی سەرجەم تیپە بەشداربووەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بکات، دەستەی کارگێڕیی یانەکەش متماتەی داوە بە ئەرسەلان تەها ڕاهێنەری پێشووی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی، بۆ ئەوەی تیپەکە بکاتە یەکێك لە تیپە بەهێزەکانی کوردستان، لەم بارەشەوە ئەرسەلان تەها ڕاهێنەری یانەکە لە بارەی ئاستی تیپەکە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بارودۆخی تیپەکەمان وردە وردە بەرەو باشتر دەڕوات، ئەوەش بە هەوڵ و ماندووبوونی هەموو لایەکە، لە ئێستادا گرفتی سەرەکیی ئێمە وەکو یانەی چەمچەماڵ پێکانی یاریزان و کارتە ڕەنگاوڕەنگەکانە لە یارییەکاندا کە تووشی گرفتمان دەکات»، سەبارەت بە گرفتی تیپەکەشیان ئەرسەلان تەها گوتی: «ئێمە بۆ گۆڕانکاری پێویستمان بە سێ یاریزان هەیە، بۆ ئەوەی کەموکووڕییەکانمان پڕ بکەینەوە، ئیدارەی یانەی چەمچەماڵ زۆر هاوکارمانن، بە ڕاستی مەیدانین، ئەوەش کارمان باشتر و ئاسانتر دەکات، ئەوان هاوکاری سەرەکین بۆ تێپەڕاندنی گرفتەکان، جگە لەوەش پاداشتی یاریزانان دەکەن لە کاتی سەرکەوتنەکاندا، لە شکستیشدا زۆر ئارام دەگرن، ئەوەش جێگای دەستخۆشییە و هۆکارێکی زۆر گرنگە بۆ سەرکەوتنی یاریزان و ڕاهێنەریش، ئێمەش وەکو دەستەی ڕاهێنەران هەرچی لە توانامان بێت بۆ سەرختنی تیپەکەمان و باشتر بوونی بارودۆخی یانەکە ئەنجامی دەدەین، بۆ ئەوەی بتوانین یانەی چەمچەماڵ لەباشترین ئاستدا بێت.»



نەبن هەندێك گۆڕانکاری دەکەین، دەمانەوێت ئاستی یانەی پێشمەرگە بەرز بکەینەوە، بۆیە هەرچی لە بەرژەوەندی تیپەکە بێت ئەنجامی دەدەین، بۆ ئەوەی یانەی پێشمەرگە بچێتە قۆناغێکی باشتر، یاریزانان و دەستەی ڕاهێنەرانیش هەموو هەوڵێکیان داوە بۆ ئەوەی تیپەکە بگاتە باشترین ئاست».



ئامادەین، لە هەشت یاریی ڕابردووش ئاستی باشمان پێشکەش کردووە»، هەرێم گوتیشی: «هەموو ئامادەکارییەکی تەواومان تێدایە کە هەمووومان بەیەکەوە بەردەوام بین لە بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، ئێستا یانەی پێشمەرگە تەنیا بیر لەوە دەکاتەوە کە بگاتەوە بە ڕیزی یانە گەورەکان، بۆ ئەوەی باشترین ئاست پێشکەش بکەین لەم یارییانەی کە ماومانە، ئێمەش هەموو هەوڵێکمان دەخەینە گەڕ، بۆ ئەوەی ئاستی شایستە پێشکەش بکەین».



# زیانە شاراوەکانی کێشانی ڤەیپ

کێشانی ڤەیپ Vapingچەندین جۆری هەیە، بریتییە لە ئامێرێك بۆ گەرمکردنی شلەیەکی کیمیایی، کە بە شیرەی e-juice، یان شلەی e-liquid ناسراوە. ئەم شلەیە لەوانەیە کە جگە لە نیکۆتین کە زیانە تەندروستییەکانی زانراون، ماددەی دیکە لەخۆبگرێت، کە زیان بە تەندروستی دەگەیەنن، بۆنموونە دای ئەسیتیل Diacetyl و فۆرمەلدیهاید Formaldehyde کە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی سییەکان و شێرپەنجەی سییەکان زیاد دەکەن، هەندێك شلەی دیکە ماددەی کیمیایی بۆ بەخشینی چێژ و بۆن لەخۆ دەگرن، کە تەنانەت ئەگەر نیکۆتینیشیان تێدا نەبێت، هێشتا کاریگەریی نێگەتیڤ دەکەنە سەر DNA ی ناو خانەکانی لەش و، خانەکانی ناوپۆشی بۆڕییەکانی خوێن. لە لێکۆڵینەوەکاندا هاتووە کە ئەو ماددە

## ئایا وەرگرتنی ژەمی سێیەمی ڤاکسینی فایزەر بۆ گۆڕاوی ئۆمیکرۆن کاریگەرە؟

کۆمپانیای فایزەر جەختی کردەووەتەوە کە وەرگرتنی ژەمی چالاککەرەوە Booster dose، یان ژەمی سێیەمی ڤاکسین کاریگەریی بۆ خۆپاراستن لە گۆڕاوی ئۆمیکرۆنی کۆڤید١٩ هەیە، ئاماژەی بەوەش کردووە کە ئەو ماددە دژەتەنانەی لە پاش وەرگرتنی ژەمی سێیەمی ڤاکسینی کۆڤیدی فایزەر دروست دەبن، گۆڕاوی ئۆمیکرۆنی ڤایرۆسی کۆرۆنا هاوسەنگ دەکەنەوە، هەروەها خانەکانی دژ بە نوکە ڕۆتینی جیاوازی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەرزدەکاتەوە، کە نوکە پرۆتینەکانی گۆڕاوی جۆری ئۆمیکرۆنیش دەگرێتەوە، ئەگەرچی بە پێی ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای فایزەر، وەرگرتنی دوو ژەمی ڤاکسین کاریگەرە بۆ خۆپاراستن لە گۆڕاوە بەهێزە کانی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بە گۆڕاوی ئۆمیکرۆیشەوە، بەڵام بە وەرگرتنی ژەمی سێیەم ئاستی خۆپاراستن باشتر دەبێت. کۆمپانیای فایزەر بایۆنتێك ئاماژەی بەوەش کردووە کە لە هەوڵی بەردەوام دان بۆ کارکردن لە سەر پەرەپێدانی ڤاکسینی کۆڤید، تا گەیشتن بە بەرزترین ئاستی خۆپاراستن لە گۆڕاوی ئۆمیکرۆنی ڤایرۆسی کۆرۆنا، هەروەها بەراورد بەو ڤاکسینەی کە ئێستا بەردەستە و لە سەرتاسەری جیهاندا سەرکەوتووانە بەکاردێت، بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بێت.





کیمیاییانەی چێژ و بۆنی دارچین و نەعناع دەبەخشن، زیانی جۆراوجۆر بە تەندروستی دەگەیەنن، هەروەها کانزاکانی قورقوشم، نیکل، کرۆم، هەروەها زەرنیخ Aesenic لە کۆیلەکانی ئامێری قەیپ کە شلەکە گەرم دەکەن، بەدی کراون، هەڵمژینی ئەم کانزایانە پەیوەندی بە نەخۆشییەکانی جگەر و سییەکانەوە هەیە، سەرەڕای گرفت لە سیستمی بەرگریی لەش و خانەکانی مێشک و ئەگەری تووشبوون بە چەندین جۆری شێرپەنجە.

# ئازاری جومگە لە وەرزی زستاندا




لەگەڵ هاتنی مانگی کانوونی یەکەم کە پلەی گەرمی بە بەردەوامی دادەبەزێت، چانسی ئازاری جومگەکانی ئەژنۆ و پشت لە گەلێك کەسدا لە هەموو تەمەنێکدا زیاد دەبێت، ئەمساڵ لەبەر پەتای کۆڤید١٩ لەگەڵ زیاد مانەوە لە ماڵ، چانسەکە بەرزترە، بە هەرحاڵ پزیشکانی جومگە چەند ڕێنماییەکیان خستووەتە ڕوو، بە مەبەستی خۆپاراستن، یان کەمکردنەوەی ئازاری جومگە لەم زستانەدا، کە بریتین لە: زیاد جووڵانەوە و ئەنجامدانی مەشقی وەرزشیی سووك، یان مامناوەندی، بەتایبەتی کە هەتاو بەدەرەوەیە و کەشوهەوا کەمێك گەرم دەبێت، بەڵام لە کەشوهەوای سارددا هەوڵ بدە کە لەماڵەوە مەشقی سووك ئەنجام بدەیت. لە کەشوهەوای سارددا، ماسوولکەکان گرژ دەبنەوە، گەیشتنی خۆراك بە کڕکڕاگەی جومگەکان Crtilage کەم دەبێتەوە، هەروەها کرداری گۆڕینی خۆراك بۆ وزە، یان میتابۆلیزم کزدەبێت، بۆیە زۆر پێویستە کە لە مانگەکانی زستاندا چالاکیی لەش بەردەوام بێت هاوکات لەگەڵ پەیڕەوکردنی چەند خاڵێکی وەکو: پۆشینی چەند چینێك جلی گەرم لە سەر یەکتر، بە مەبەستی پاراستنی گەرمیی لەش، کە هاندەرە بۆ چوونە دەرەوە و ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی، ڕێگرتن لە زیادبوونی کێشی لەش لە وەرزی زستاندا، بە کەمکردنەوەی بڕێك وزە (کالۆری) ڕۆژانە، ڕۆژانە خواردنەوەی بڕێکی باشی ئاو.

# تێستی کۆڤید١٩ لەماڵەوە






پسپۆڕانی زانکۆی جۆرج واشنتۆن/ئەمەریکا جەخت دەکەنەوە کە تێستە نوێیەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا هەر لە ماڵەوە بە کوالیتی بەرزەوە، لە ماوەی کەمتر لە یەك کاتژمێردا ئەنجام ڕادەگەینن، هەروەها ئاماژەیان بەوە کردووە کە دەتوانرێت تێستی کۆڤید١٩ هاوشێوەی پشکنینی ئاستی شەکری خوێن لە ماڵەوە بە ئاسانی ئەنجام بدرێت، ئاماژە بەوەش کراوە کە تێستی کۆڤید١٩ لە ماڵەوە لە ماوەی چەند مانگی داهاتوودا زۆر پێویست دەبێت، باوترین جۆرەکانی پشکنین لە ماڵەوە، بریتین لە: تێستی خێرای ئەنتی جینەکان Antigen test بە ناوی کویك ڤیو QuickVue، یان ئێلیوم Ellume، یان بایناکس ناو BinaxNOW کە سامپل، یان (مەسحە) لە ناوپۆشی لووت وەردەگیرێت و، تەنیا پاش١٥ خولەك ئەنجامەکە وەردەگیرێتەوە. تێستەکانی ئەنتی جین لەگەڵ تێستی گەردیلەیی (مۆلیکیولی) وەکو تێستی PCR یەك ناگرنەوە، چونکە تێستی باشترن بۆ دۆزینەوەی ڤایرۆس، ئێستا ئامێری تێستی مۆلیکیولیی PCR لە گەلێك وڵاتدا، لە دەرمانخانەکاندا بە نرخێکی هەرزان دەست دەکەوێت.



# زیانەکانی دواخستنی بەتاڵکردنەوەی میزڵدان



میزڵدان Bladder پێش ئەوەی بە تەواوی پڕ ببێت، توانای بەرگەگرتنی نیو لیتر (٥٠٠ میللیلیتر) میزی هەیە لە ئافرەتاندا و نزیکەی ٧٠٠ میللیلیتر لە پیاواندا، نزیکەی ٩-١٠ کاتژمێر پێویستە بۆ کۆبوونەوەی ئەم قەبارەیەی میز. بوونی میز بە قەبارەی ٢٠٠-٣٥٠ میللیتر لە میزڵداندا هەستی میزکردن دەداتە مێشك، هەرچەندە دەتوانرێت تا ماوەیەکی دیاریکراو دوابخرێت، بەڵام کە قەبارەکە زیاتر بوو و دواخستنی بەتاڵکردنەوەی میزڵدان هەر دواخرا، ئەوکات گرفتی تەندروستی لە کۆئەندامی میزەڕۆدا پەیدا دەکات. دواخستنی بەتاڵکردنەوەی میزڵدان بە تێپەڕبوونی کات دەبێتە ئەگەری لاوازبوونی ماسوولکەکانی دیواری میزڵدان و کشانی میزڵدان، کە ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازبوونی توانا بۆ کۆنترۆڵکردنی میز و بەتاڵکردنەوەی تەواوی میزڵدان، لە لایەکی دیکەوە هێشتنەوەی میز بۆ ماوەیەکی زۆر لە میزڵداندا، هاندەرە بۆ دروستبوونی هەوکردن لە ڕێڕەوەکانی میزەڕۆدا، هەروەها ئەگەری نەخۆشیی گورچیلەش زیاد دەکات و، لە هەندێك حاڵەتی کەمدا دەبێتە هۆی تەقین، یان دڕانی میزڵدان، کە لەوانەیە کوشندە بێت. زیانەکانی دیکەی دواخستنی میزکردن، بریتین لە: هەستکردن بە ئازار، یان ناڕەحەتی لە میزڵدان، یان تەنیشتەکاندا، گرفت لە ماسوولکەکانی زەمینەی حەوزدا Pelivic floor، لەگەڵ زیادبوونی ئەگەری دروستبوونی بەردی گورچیلە.

# تەمەنی گونجاو بۆ چاندنی قژ

باشترین تەمەن بۆ نەشتەرگەریی چاندنی قژ بریتییە لە ١٨-٦٥ ساڵ، بەڵام پسپۆڕان دەتوانن کە لە هەر تەمەنێکدا ئەنجامی بدەن، بە پشت بەستن بە تەندروستیی کەسەکە و پاش ئەنجامدانی کۆمەڵێك تێستی تایبەت. چاندنی قژ Hair transplantation لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بە بەنجی خۆجێیی ئەنجام دەدرێت، بە گواستنەوەی قژ بە ڕەگەوە لە بەشی پشتەوەی سەر بۆ شوێنی مەبەست لە پێستی سەردا، کە دوچاری ڕووتانەوە بووە، پاش نەشتەرگەریی چاندنی قژ بە ٢-٣ هەفتە، قژەکە هەڵدەوەرێت، ئینجا لە ماوەی چەند مانگێکدا قژی نوێ گەشەدەکات. لە ٦٠٪ی حاڵەتەکاندا گەشەی قژی نوێ لە ماوەی ٦-٩ مانگدا بە تەواوی جێگیر دەبێت. پاش چاندنی قژ، ئازار لە پێستی سەردا هەستی پێ دەکرێت، کە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك بەردەوام دەبێت، بەڵام لەوانەیە کە چەند ئالۆزییەك پاش نەشتەرگەریی چاندنی قژ ڕووبدەن، کە بریتین لە: خوێنبەربوون، هەوکردنی ڕەگی موو بە میکرۆب، کە لەوانەیە هەر لەگەڵ دەستپێکی گەشەکردنەوەی قژی چێندراودا ڕوو بدات، پەیدابوونی ئاسەوار Scar لە خاڵەکانی چاندنی قژدا، هەندێك جاریش هەڵوەرینی لەناکاوی Shock loss قژی چێندراو کە خۆشبەختانە حاڵەتێکی کاتییە.





# ئەلقەیەک بۆ کۆنترۆڵ کردنی مۆبایل

لەسەردەمی تەکنەلۆژیای نوێدا، هەر کاتژمێر و مەچەکبەندەکان نین زیرەك دەبن، بەڵکو ئەنگوستیلە و ئەلقەکانیش هۆشمەندن. ئێستا ئەڵقە هەر ئەوە نییە لەدەستی بووك و زاوا بکرێ و وەك بنەمای گرێبەستی هاوسەری دابندرێ.

ئەلقەی ArcX یەکێکە لەو ئەلقە زۆرەکانە کە تایبەتە بە وەرزش و لەشجوانی. ئەلقەکە لە پەنجەی شادمانی دەخرێت و بە پەنجەی گەورە و بەو دوگمەیەی کە لەسەر ئەلقەکە هەیە کۆنترۆڵی مۆبایلە زیرەکەکان دەکرێت.

دەکرێت ئەلقەکە لە پەنجە بکەی و مۆبایلەکە لە گیرفان یا کۆڵەپشتی دابنێی و هەر بەو ئەلقەیە کۆنترۆڵی مۆبایل بکەی.

باتریەیکەی هەتا ٢٠ رۆژ شەحنی دانابەزێت، بە تەڕبوون کێشەی بۆ نایەتە پێش.

# رۆبۆتێک بە ویستی

چ بەلایەنی ئەرێنی سەیر بکرێ و چ بە لایەنی نەرێنی، رۆبۆتەکان شوێنگرەوەی مرۆڤەکان لە داهاتوودا، هەر لە ئێستاوە لە جیهانی پێشکەوتوودا بەشێکی زۆری خزمەتگوزارییەکانی رۆژانە بە رۆبۆتەکان دەسپێردرێ. رۆبۆتەکان ئەو فەرمانانە ئەنجام دەدەن کە پێیان سپێردراوە. رۆبۆتی Ti-Beast جیاوازە لەوانە. بەهۆی پرۆگرامێك کە تێیدایە بەکارهێنەر دەتوانێ بە ویستی خۆی ئەرك و



# کەڤەری زیرەک بۆ مۆبایلە سمارتەکان

کەڤەر یان چوارچێوە و قەپێلکی موبایلەکان گرنگییەکی ئەوتۆیان نییە، زیاتر حاڵەتی جوانکاری و دیکۆری هەیە. بەڵام چوارچێوە و قەپێلکی Vmed شتێکی دیکەمان پێ دەڵێ. ئەو چوارچێوەیە بۆخۆشی سمارتە. ئەو ئەرکانە ئەنجام دەدات تەنانەت مۆبایلەکەش نایکات. وەك پێوانی گەرمی جەستە، لێدانی دڵ، رێژەی ئوکسیژینی خوێن، پێوانی زەختی خوێن، پێوانی هەناسەکان و گۆڕانی هەناسە، سترێس و ماندوویەتی. ئەوکاتە کەڤەرەکە کار دەکات بە کارهێنەر پەنجەی خۆی لەسەر دوو هەستەورەی پشتەوەی چوارچێوەکە دابنێ. کەڤەرەکە لە هەردوو جۆری مۆبایلی ئایفۆن و ئەندرۆید پەیوەند دەدرێ و لەسەر شاشەی مۆبایلەکان زانیارییەکان دەبینی.





# بەندێکی تایبەت بە کاتژمێری ئەپل



کاتژمێرە زیرەکەکانی ئەپل جگە لە تایبەتمەندییەکانی وەك هەر کاتژمێرێکی دیکە، بۆ نموونە چاودێری وردی تەندروستی بەکارهێنەرەکەی پێوانی لێدانی دڵ، ڕێژەی ئۆکسیژنی ناوخوێن، پێوانی هەنگاوەکانی ڕۆیشتوو، حاڵەتە وەرزشییەکان..تاد، کامێرای تایبەت بەخۆشی هەیە.
کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنی تەکنەلۆژیای نوێ، بەندێکی تایبەت بە کاتژمێرەکانی ئەپل بەرهەمهێناوە، کە ئەویش تایبەتمەندی خۆی هەیە، وەك بوونی دوو کامێرا، یەکی ٨ میگاپیکسلی و یەکی ٢ میگاپیکسلی. وێنە گرتن بە کوالیتی K4. میمۆرییەکی ٨ گیگابایتی. سیستەمی وای-فای و بلوتوس ٥.
Wristcam بەندێکی زیرەکە. لەگەڵ کاتژمێرەکەی خۆی پەیوەند دەدرێ. دەتوانرێ بەهۆی کامێراکەوە پەیوەندی ڤیدیۆیی دامەزرێنی.
بەندە سمارتەکە دوو ڕەنگی سپی و ڕەشی هەیە. لەگەڵ گشت کاتژمێرەکانی ئەپل دەگونجێت.

# خۆت دەستکاری بکە

فەرمانی نوێی بۆ دیاری بکا. هەتا دەتوانی جوڵە و ڕێگا ڕۆیشتنیشی بگۆڕدرێ.
ڕۆبۆتەکە تەنانەت بە دەسکی گەمەی PS4/ PS5یش کۆنترۆڵ دەکرێ. ڕۆبۆتەکە سپیکەرێك و کامێرایەکی تێدایە کە بەهۆیەوە دەوروبەر دەبینێ و بە دەنگ فەرمانەکان جێبەجێ دەکا. ڕۆبۆتەکە بچووکە کێشی تەنیا کیلۆ و نیوێکە.



# گوگل دە تایبەتمەندی نوێی ئەندرۆیدی دەناسێنێ

گوگل بەم دواییانە دە تایبەتمەندی نوێی ئەندرۆیدی ناساند، نیوەی ئەو تایبەتمەندییانە لەبارەی ئەندرۆید ئۆتۆیە. ئەمەی خوارەوە بەشێك لەو تایبەتمەندییانەن:
لە لاپەڕەی دەستپێکدا youtube mu- sic و google play book و هەروەها ئەپەکانی وەك google photos هەیە.
لە ئەندرۆید ١٢دا مۆبایلەکانی وەك گوگل پیکسل ٦ و گەلەکسی S21 دەکرێ وەك ریمۆت کۆنترۆڵی ئۆتۆمبیلی BMW سوودی لێوەربگیرێت.
نوتفیێکشنەکانی family bell بۆ چالاکی ماڵەوە.
دروستکردنی هەزاران ئیمۆجی نوێ لە کیبۆردی گوگلدا.
وەڵامدانەوەی زیرەك بۆ ئەندرۆید ئۆتۆ کە کە ئیزن بە یارمەتیدانی وەڵامدانەوە دەقییەکان دەدا لە پەیامە ئامادە کراوەکان بۆ وەڵامدانەوە سوود وەربگرێ.





## ماوسێکی تایبەت و سەرنج راکێش

مشکۆکە یان ماوس شاکلیلی فەرمانەکانی کۆمپیوتەرە، بەبێ ماوس بەکارهێنەر ناتوانێ زۆر ئەرك و فەرمان جێبەجێ بکات.

ماوسەکان بە زۆری شێوە و کارکردنیان وەك یەك دەچێ، بە هەندێك تایبەتمەندی لێکجیاوازە، بەڵام ماوسی Pero نە شێوازەکەی و نە شێوەی بەکارهێنانەکەی وەك ماوسێکی ئاسایی دەچێت. ماوسەکە وەك بازنە لە دەست دەکرێت و جوڵەی دەستی بەکارهێنەر وەك فەرمانەکان جێبەجێ دەکات، بۆ نموونە بەکارهێنەر دەستی بۆ لای راست بسوڕێنێ یان بۆ لای چەپ ماوسەکە بەو ئاراستەیە دەڕوات. دەکرێت بە ویستی بەکارهێنەر چەندین فەرمانی بۆ دابندرێن. لە خوارەوەی ماوسەکە تاج پادێك هەیە کە زەختی هەرکام لە پەنجەکان هەست پێدەکا، هەربۆیە دەتوانی چەندین فەرمانی بۆ دابندرێ.



## درۆنی هێلکەیی بۆ گواستنەوە و گەیاندن

ئەمڕۆکە مۆڵەتی رۆتۆرەکان یان بە واتایەکی دیکە کوادکۆپتەر کە بە درۆن ناسراون گەشەکردنێکی بەرچاویان بەخۆوە دیوە. بەرهەمهێنەرانی درۆنەکان بۆ ئەوەیکە لە مەیدانەکە دوانەکەون و بەرهەمی نوێ و ناوازە پێشکەش بکەن هەم تواناکانیان دەبەنە و سەر و هەم دیزاینەکەیان دەگۆڕن.

درۆنی هێلکەیی (Power Egg Drone) رێك وەك هێلکەی باڵندە دەچێت. داهێنانێکی نوێ بۆ ئەوەی تواناکانی زیاتر بن و لە گواستنەو گەیاندن کارئاسانی زیاتر بکەن.

بەشێك لەتواناکانی درۆنی هێلکەیی ئەمانەن: مەودای رۆیشتن ٥ کیلۆمەتر و دەتوانێت زیاتر لە یەك کاتژمێر لە هەوادادا بمێنێتەوە، کێشی درۆنەکە زیاتر لە دوو کیلۆیە. لە کۆتایی درۆنەکەدا کامێرایەکی ٣٦٠ پلەیی داندراوە کە بە کوالیتی 4K فیلم دەگرێت. بەجۆرێك دیزاین کراوە کە باڵەکانی کۆدەبنەوەو رێك دەبێتە شێوەی هێلکەیی. ریموت کۆنترۆڵێکی تایبەتی لەگەڵدایە کە ئاسانکارییەکی زۆر دەکا. لەگەڵ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس دەگونجێت. ئەرکی درۆنەکە گواستنەوەی کەلوپەلی پزیشکییە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بە خێرایی، وەك دەرزی و دەرمان و پێداویستی دیکە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت هۆکار چییە لە خۆڕا و لەناکاو کۆمپیوتەرەکەم ریستارت دەبێتەوەو شاشەکە شین دەبێت؟**

خوێنەری بەڕێز کێشەی شین بووی شاشە، کێشەیەکی جیدی کۆمپیوتەرە. گەلێك هۆکار هەن بۆ ئەوەی کە شاشەی شین بێت و ریستارت بێتەوە. کێشەی سەختە ئامراز، وەك بەباشی لەجێ خۆدانەبوونی رام، یا CPU یا پارچەکانی دیکە. کێشە گەرمداهاتن بەهۆی کارنەکردنی پانکەی کۆمپیوتەر، کێشەی لەدانانی بەرنامەی قورسدا کە کۆمپیوتەرەکە ناتوانی بیانکاتەوە. کێشەی بوونی ڤایرۆس.. بەهەرحاڵ کۆمپیوتەرەکەت دەبێ نیشانی شارەزایەکی ئەو بوارە بدەی.



# ڕاوتەرێکی تایبەت و ناوازە

کۆمپانیای ئەیسۆس کە لەریزی کۆمپانیا دێرینەکانی بەرهەمهێنانی دیجیتالی نوێ دێت، بەم دواییە نوێترین ڕاوتەری گەیمینگی خۆی بەناوی ROG Rapture GT-AX6000 خستەڕوو. ڕاوتەرەکە ئیزن بە گەیمەرەکان دەدا یارییەکی باشتر و بێ گرفتتر و خێراتر ئەنجام بدەن.

ئەو ئامێرە هێزی خۆی لە یەکەی لێکدانەوەی چوار ناوەکی وەردەگرێ. بەهۆی ئەو یەکەی لێکدانەوەیە دەکرێت کرداری ناو تۆڕ ١٨٪ خێراتر ئەنجام بدرێ.

لەگەڵ ئەوەیدا لە بواری سەختە ئامرازەوە بەهێزە دیزاینێکی زۆر ناوازە و سەرنج ڕاکێشیشی هەیە.

ڕاوتەری ROG Rapture GT-AX6000 دوو باندی WiFi6 کە بە خێرایی ٦٠٠٠ میگابایت لە چرکەیەکدایە. ڕاوتەرەکە لەگەڵ زۆربەی کۆنسۆلەکانی یاری دەگونجێت. هەروەها هەمان کرداری خێرایی بۆ کۆمپیوتەریش هەیە.





## ماڵپەڕێک لەبارەی تەکنەلۆژی سەردەم

گەلێك ماڵپەڕ هەن کە ڕۆژانە بە هەواڵ و ڕووداو بابەتی گرنگ لەسەر تەکنەلۆژیای سەردەم بەرۆژ دەبنەوە. یەکێك لەو ماڵپەڕە گرنگانە ماڵپەڕی thenextweb.com/ە. ماڵپەڕەکە مانگانە زیاتر لە حەوت ملیۆن کەس سەردانی دەکات. گەنجینەیەك بۆ ئەوانەی بەدوای تەکنەلۆژیای نوێوەن. ماڵپەڕەکە بۆ نەوەی داهاتوویە و بۆیە بەردەوام لە نوێبوونەوەدایە و بابەت و هەواڵ و ڕووداوی گرنگ لەبارەی نوێترین تەکنەلۆژیاکان بڵاودەکاتەوە، وەك یارییەکان، پرۆگرامەکان، خزمەتگوزارییەکانی وێب و ئەو بەرهەمە تەکنەلۆژیا نوێیانەی کە دەکەونە بازاڕەوە.

# پرۆگرامی دروستکردنی فیلمی فێرکاری

گەلێك پرۆگرام و سایت هەن بۆ فێرکاری و ڕاهێنان لە گشت بوارەکاندا. گرنگی فیلم یان سایتی فێرکاری لەوەدایە کە فێرخواز پێویست ناکا بچێتە شوێنێکی دیاریکراو بۆ فێربوون، بەڵکو هەر لەسەر مۆبایل یا کۆمپیوتەرەکە دەست بە فێربوون دەکا. هەروەها لە فیلمی فێرکاریدا سنوورێك نییە بۆ دووبارەبوونەوە و لە کوێ باش تێنەگەیشتی لەوێ چەند جار دووپاتەی بکەوە.




یەکێك لەو پرۆگرامانەی تایبەت بە فێرکاری پرۆگرامی iSpring Suiteیە. کۆمەڵێك لە ئامراز بۆ دیزاین و دروستکردنی فیلمی فێرکاری تێدایە کە یارمەتی بەکارهێنەران دەدا تا فیلم بە کوالیتی بەرز بۆ فێرگاری لە گشت بوارێکدا ئامادە بکەن.

پرۆگرامەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشێك بۆ بەرهەمهێنانی وانەی ئەلکترۆنی، بەشێك بۆ بەڕێوەبردنی تاقیکردنەوە، بەشێکیش بۆ نیشاندانی وانەکان بە تواناگەلێکی زۆرەوە. پرۆگرامەکە لەگەڵ پاوەرپۆینت دەگونجێت.



# کاتژمێری دەست وەک خشڵێکی جوانکاری بەکار بهێنە

هەرچەندە لە وەرزی زستاندا بە هۆی زۆرلەبەرکردنەوە، کە بەشێکی زۆری ئێکسسوارەکان دەکەونە ژێر پۆشاك، کەرەستەکانی جوانکاری و خشڵەکانیش زیاتر ون دەبن، تەنیا گوارە و کاتژمێرەکان نەبێت کە هەندێك جار بە دەرەوە دەبن، کاتژمێری دەستیش هەرچەندە شێوەیان گەورە بێت، بەڵام هەر دەکەونە ژێر سەردەستی قۆڵی جلوبەرگەکانەوە. مۆدەکانی کاجوال هەمیشە جەخت لە بوونی کاتژمێرەکان دەکەنەوە، بەهۆی ئەوەی کەسایەتیی پێوە دیارە، هەروەها کەرەستەیەکە بۆ جوانکاری و ڕازاندنەوەی دەست و مەچەك، مارکەی (پیاگێت – Piaget)، جوانترین ڕەنگ و شێوازی کاتژمێرەکانی دیاری کردووە، ئەویش بریتین لەوەی: پێویستە هەردوو بەشی قایش و سەری کاتژمێرەکان لە هەمان ڕەنگ و ستایل بن، واتە ئەگەر سەری کاتژمێرەکە لە ڕەنگی پەمەیی بێت، پێویستە ڕەنگی قایش و بەشەکانی دیکەش لە هەمان ڕەنگە بێت. مارکەی شۆمیت- (Chaumet) کاتژمێری گەورەی کرووەتە مۆدی باوی زستانە، تا لە ژێر سەردەستی جلەکانەوە دەربکەون. مارکەی بۆلگاری (Bolgari) ڕەنگە دیار و زەقەکانی لە کاتژمێرەکانیدا بەکارهێناوە، بەمەش مۆدێکی ڕازاوە و سەرنجڕاکێشی هەیە، ئەو جۆرە کاتژمێرە بۆ کاتی بۆنە و یادەکان گونجاوە.





# کاتی تووڕەبوون و هەڵچوون بە ئەتەکێت پارێزگاری لە جوانیت بکە

جوانیی خانمان لەوەدایە کە کەسایەتییەکی هێمن و لەسەرخۆیان هەبێت، ڕەنگە زۆر جار دوچاری کەشێکی وا ببنەوە، کە ببێتە هۆی تووڕەبوون و هەڵچوون، بەمەش هەر چەندە جلەکانت جوان بن، یان شێوە و ڕوخسارێکی گەشت هەبێت، بە تووڕە بوونێك جوانی و ناسکیت لەدەست دەدەیت، بۆیە تا دەتوانیت پێویستە ئارامی و لەسەرخۆییت پێوە دیار بێت، هەمیشە لەو کاتانەی تووشی کێشەیەك دەبیت، بۆ ماوەیەك هێمن بە، یان شوێنەکە بەجێ بهێڵە، یانیش گفتوگۆی توند مەکە لەو کاتەی دەزانیت بەرامبەرەکەت تووڕە و توندە، چونکە لەو کاتەدا ناگەیت بە هیچ ئەنجامێك، هەروەها لە کاتی گفتوگۆدا هەمیشە ئاستێکی دەنگت بپارێزە، چونکە بەرزکردنەوەی دەنگت کاریگەری لەسەر کەسایەتیت دەبێت، بۆیە بە هێمنی قسە و پەیامەکەت بە کەسی بەرامبەرت بگەیەنە. جوانیت واتە درەوشانەوە و گەشبینیت، کاتێك کەسێك هەڵەیەك بەرامبەرت دەکات، یان دەیەوێت تووشی کێشەیەکت بکات، کارێك دەکات تا وەڵامت هەبێت، یان تووشی توندی و تووڕە بوونت بکات، بەڵام کاتێك هێمن و لەسەرخۆ بوویت و هەڵچوونت پێوە دیار نەبوو، ئەو کاتە کەسەکە لە پیلانەکەی شکست دەهێنێت، تۆش جوانی و گەورەیی و ناسکیت بۆ دەمێنێتەوە، ئەویش لە داهاتوودا پەشیمان دەبێتەوە، بۆیە هەمیشە هێمن و نەرمونیان بە، تا بە ئەتەکێت کاتی تووڕەبوون و هەڵچوون پارێزگاری لە جوانیت بکەیت.



# دەستە جلی ڕەنگ ڕەش و سپی

ڕەنگی جلوبەرگ گرنگە بۆ ستایل و شێوازەکانی شیککردن، ڕەنگەکان کاریگەرییان لە دیاریکردنی جوانی و کەسایەتی و مۆدەکەدا هەیە، گۆڕانی هەر وەرزێك لەگەڵ خۆیدا مۆدی جلەکان لە ڕووی ڕەنگ و ستایل و شێوازەوە دەگۆڕێت، هەندێ ڕەنگ هەن کە لە هەموو وەرزەکاندا باون و شێوازێکی تایبەتی خۆیان هەیە، ڕەنگی ڕەش و سپی لە هەموو کات و شوێنێکدا ڕۆڵی خۆی هەیە. ڕەنگی جلەکەت لە وەرزی زستاندا پێویستە لە ڕەنگە مات و تۆخەکان بن، لە دوا نمایشی (ڕیزۆرت) دا کە بۆ ساڵی ٢٠٢٢ بۆ جارێکی دیکەش ئەو نمایشە ئەنجام دەدرێتەوە، جەخت لە ڕەنگی سپی و ڕەش کراوەتەوە، تا دەستەجل و سەر و بنی هاوڕەنگ و تێکەڵ بە یەکتر بکرێن، ڕەنگی ڕەش و سپی ئەگەرچی پێچەوانەی یەکترن، بەڵام مارکەی (فیلیپ لام) مۆدی جلی ڕەشی کردووەتە باوترین ڕەنگی جلەکانی، کە پێکهاتووە لە چاکێتیکی درێژی سپی، لەگەڵ تەنوورە و پانتۆڵی ڕەش، ئەمە مۆدێکی پڕ لە کەسایەتی و بەهێزە لە بەرچاودا، هەروەها مارکەی (تۆری بۆرش) تەنوورەی کراوەی لە ڕەنگی سپیی ڕازاوە بە خاڵی ڕەشی گەورە، کە بە هێڵکاریی ڕەنگی سپی و ڕەش شیك کراون، لەگەڵ پووتی کورت پەسەند کردووە، لای خۆشیەوە مارکەی ساشین ئەند بەیبی (Sachin&Babi) کراسە درێژەکانی لە ڕەنگی ڕەش و سپی بە کەتافییەی کراوە ئامادە کردووە، مارکەی فیلۆزفی دی لۆرێنز سیرافینی (di Lorenzo Sirafini) پانتۆڵی ڕەشی کلاسیك بە کەمەری کراوە و لەگەڵ چاکێتی سپی و ڕەش بە پشتێنێکی پانەوە تێکەڵ کردووە، هەروەها مارکەی نیلی لۆتان (Nili Lotan) پانتۆڵی کورتی ڕەش لەگەڵ قەمیسی لە هەمان ڕەنگ و چاکێتی سپی داهێناوە، کە مۆدێکی ناسك و نایاب دەبەخشێت و بۆ هەموو شوێنێك دەگونجێت.

## دریژترین مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان:

# کاتێک بە پەلەم بۆ کارێک زۆر جار سەرم بە دیوار و دەرگا و شوێنی نزم دەکەوێت



**باڵابەرزترین مرۆڤ لە کوردستان ناوی (ئەحمەد سائیر)ە، کاتێك دەچێتە شوێنە گشتییەکان بە چاوێکی سەیر و سەمەرەوە سەیری باڵای دەکەن، درێژییەکەی بووەتە کێشە بۆی، جگە لە کێشە و گرفت هەروەها ناوبانگیشی پەیدا کردووە، گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد، ئەویش وەڵامەکانی بریتیی بوون لە:**

*** لە کەیەوە هەستت بەوە کرد کە باڵات ناوەستێت و زیاد لە ئەندازە بەرز دەبێت ؟**

-لە تەمەنی ١٥ ساڵییەوە هەستم بە بەرزیی باڵام کرد، کاتێك لەگەڵ هاوڕێکانم دەبووم، ئەوان هەموو لە من کورتتر بوون، بەمەش زانیم شتێکی نائاسایی هەیە، هەروەها لە نێو هاوڕێکانی قوتابخانەشدا بە لۆقدرێژ بەناوبانگ بووم.

*** ئێستا باڵا و تەمەنت چەندە؟**

- ئێستا تەمەنم ٢٤ ساڵە و درێژیی باڵام (٢٠٧) سەنتیمەترە، واتە دوو مەتر و (٧) سەنتیمەتر، بەوەش تاکە کەسم ئەو درێژییەم هەبێت، تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان و عێراقیش لە خۆم درێژترم نەبیوە.

*** لە خێزانەکەتاندا کەس هەیە باڵای وەك تۆ بێت؟**

- ئەندامێکی دیکەی خێزانەکەم بەرزیی باڵای دەگاتە ١٩٠ سەنتیمەتر، بەڵام من لە هەموویان درێژترم، دایك و باوکیشم ئاساییین، تەنیا من بەم چەشنە و بەژنە گەیشتووم.

*** کاتێك لە نێو خەڵکدا بیت، هەست بە چی دەکەی؟**

- لە ڕوانگەی خۆمەوە وا هەست دەکەم کە من لە دونیا کورتەباڵاکاندا دەژیم، چونکە دەڕۆمە هەر شوێنێك، کەسێك نابینم وەك خۆم، یان لە باڵای خۆم نزیکتر بێت، هەموویان لە بەرچاوی من کورت دەردەکەون.

*** باڵابەرزیت لە ڕووی پێڵاو و جلوبەرگەوە هیچ کێشەی بۆ دروست کردوویت؟**

- بەڵێ، کێشەی زۆرم بۆ دروست دەبێت، جلوبەرگ، شوێنی دانیشتن، شوێنی نزم، ژمارەی پێڵاو کە زەحمەتترین شتە لە ژیانمدا، چونکە بە دەستم ناکەوێت، تا پێڵاوێك دەدۆزمەوە زۆر ماندوو دەبم.

*** بیرت لەوە نەکردۆتەوە کە لە یارییە وەرزشییەکاندا سوود لە بەرزیی باڵات وەربگریت؟**


- وەرزش لە کوردستان و عێراق سوودی نییە بۆ داهاتوو، ئەگینا باڵام بۆ تۆپی سەبەتە و باڵە گونجاوە و، دەتوانم خۆم لەو بوارەدا بدۆزمەوە، بەڵام بێ سوودە.

*** حەز دەکەی هاوسەرت باڵو وەك خۆت بێت یان کورتتر بێت؟**

- جارێ بیرم لە هاوسەرگیری نەکردووەتەوە، بێگومان حەز دەکەم کەسێك بێت لە هەست و بیرکردنەوە و بەژن و باڵاشدا لە خۆمەوە نزیك بێت.

*** هیچ جارێ بووە کە بە هۆی بەرزیی باڵاتەوە سەرت بەر دیوار و دەرگا و شوێنی نزم کەوتبێت؟**

- بەڵێ زۆر جار، بە تایبەت ئەو شوێنانەی کە نزمن، یان کاتی سواربوونی ئۆتۆمبێل، یان کاتێك بە پەلەم بۆ کارێك زۆر جار سەرم بە دیوار و دەرگا و شوێنی نزم دەکەوێت.








## جانتا بۆ هەڵگرتنی شووتی و کەرەستەی خڕ و بازنەیی


هەڵگرتنی هەندێ لە کەرەستەکان بێزارکەرن، کە بەهۆی شێوە و قەبارەکەیانەوە بە دەست هەڵناگیرێن، بە تایبەت ئەوانەی بازنەیی و خڕن، وەك: تۆپ، شووتی، سوراحی، کتری و، زۆر لەو کەرەستانە، بەڵام هەسارەی ژاپۆن چارەسەری بۆ ئەو گرفتە سەیرەش دۆزیوەتەوە، کە جۆرە جانتایەکی دروست کردووە تایبەتە بە هەڵگرتنی ئەو کەرستانەی کە بە دەست هەڵناگیرێن، یەکێك لەوانە شووتییە، هەرچەندە ئەم وەرزە کات و ساتی شووتی نییە، بەڵام جانتای شووتی لە شوێنە گشتییەکاندا دانراوە. ئەو جۆرە جانتایە لەلایەن ئەندازیارێکی دیزاینەر بە ناوی (یوسوکی کادۆی) لە کۆمپانیای Tsuchiya Kaban لە پێستی گوارکی ئیتاڵی دروست کراوە و، هەڵگرتنی هەر کەرەستەیەکیش لە ناویدا، نابێتە هۆی تێکچوون و دڕاندنی، بەم جانتایە دەتوانیت کەرەستە بازنەیی و خڕەکان بە سانایی هەڵبگریت و دەستیشت شل نەبێت.

## تاج محەل بۆ هاوسەرەکەی دروست دەکات

مامۆستایەك لە وڵاتی هیندستان وەك خۆشەویستی بۆ هاوسەرکەی، هەڵساوە بە دروستکردنی خانوویەك لە شێوەی مزگەوتی تاج محەلی هیندستان، خانووەکە بە بڕی ٢٦٠ هەزار دۆلار دروست کراوە، شاکار و دیمەنی خانووەکە بە لە ڕووی پێوانە و ڕووبەر و شێواز و دیکۆرەوە بە تەواوی لەسەر شێوازی تاج محەلی ڕاستەقینە دروست کراوە. مێژووی تاج مەحەل بۆ ساڵی ١٦٣٢ دەگەڕێتەوە کە لەلایەن ئیمپراتۆر شا جیهان وەك پرسەیەك بۆ مردنی هاوسەرەکەی دروستی کرد بوو، ئێستاش بووەتە شوێنێکی بەناوبانگ لە جیهاندا کە ساڵانە نزیکەی حەوت ملیۆن کەس سەردانی دەکەن.



# کاریکاتێر



باس لە کاریگەری ڤاکسینەکان دەکات، کە هەندێ جۆریان بێ سوودن و، وەك نەخۆشێك دەرکەون لە نەخۆشخانەدا چارەسەر وەربگرن.

# بنێشتە دیوار



ئەو دیوارە دەکەوێتە شاری (سیاتل)ی وڵاتی ئەمریکا، دروستبوونی ئەو دیوارە بەهۆی بوونی هۆڵێکی سینەما و شانۆ لە نزیك ئەو دیوارەوەیە، لەساڵی (١٩٩٣) کاتێك ئەو هۆڵە زۆر بەناوبانگ بووە بۆ نمایشی جۆراوجۆر، ئیدی خەڵك لە چاوەڕوانیی تیکیت و نۆرەگرتنیاندا بۆ چوونە ژوورەوە بنێشتەکانیان بەو دیوارە نووساندووە، ئێستاش بووەتە یەکێك لە بەناوبانگترین شوێنە سەیر و گەشتیارییەکانی ئەو شارە. دیوارەکە (٢١) مەتر درێژە و، بە هەزاران بنێشتی پێوە لکێندراوە، تەنانەت ئێستاش خۆشەویستان بنێشتی دەمیان بەیەکەوە دەنووسێنن و بەو دیوارەی وەدەکەن، بەو هیوایەی خۆشەویستییان بۆ هەمیشە بەردەوام بێت.


# نوکتە

کوڕێك بە خۆشەویستەکەی دەڵێت: دڵەکەم، گیانەکەم هێندەی گەرمیی هەناسەم تۆم خۆش دەوێت، تۆ لە زستانا کڵپەی ئاگریت دڵی مندا، لە هاویناندا پەڵە بەفری نیشتووی سەر ڕۆحمی، لە بەهاریشدا شنە بای فێنکی گیانی منیت

کچەکەش دەڵێت: سەرم لێ تێك چوو باسی خۆشەویستیم بۆ دەکەیت، یان هەواڵەکانی کەش و هەوا دەخوێنیتەوە.

# فیلم

## The Power of the Dog - هێزی سەگ




فیلمێکی دراما و ڕۆژئاوای کاوبۆییە، باس لە جووتیارێك دەکات، کە دوچاری کێشە و گرفت دەبێت، کاتێك هاوسەر و کوڕی براکەی خۆی سەردانیماڵەکەی دەکەن و دەمێننەوە، تووشی کارەساتێك دەبێت. فیلمەکە لە وڵاتی نیوزیلەندا وێنەی گیراوە، لە دەرهێنانی (جەین کامپیۆن)، لە نووسینی (ئێری ویگنەر)، ماوەی فیلمەکە دوو کاتژمێر و پێنج خولەکە، لە نواندنی کچە ئەکتەری ناودار (کریستین دێنست، بینیدێکت کیوبێرت، کۆدی سمیت، جەیسی بیلمونس)ە.

## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

پێویست ناکات هێندە بەلووت بەرزی لە دەستکەوتەکانت بڕوانیت، بەڵکو وا باشترە سەرنجت لەسەر هەنگاوەکانت بێت و وریای وشەکانت بیت، کە دەریان دەبڕیت، ئاگاداربە لەوەی وشەکانت بریندارکەر نەبن، وا باشترە ئەمڕۆ لەگەڵ خۆشەویستەکەت بیر لە بەستنی ژوانێکی ڕۆمانسی بکەیتەوە.

## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

هەوڵی زیاتر بۆ داهاتووت بدە، لەگەڵ کەسە نزیکەکانت کاتێکی خۆش بەسەر ببە کە ماوەیەکە لەیەکتر دابڕاون، ئەو هەڵانەی پێشتر ئەنجامت داون، بونەتە ئەزموونی ژیانت، هەربۆیە پێویست ناکات لە هەنگاوەکانتدا بترسیت، لەبیرت بێت ژیان بەرز و نزمیی تێدایە، لە هەنگامنان بەرەو ئایندە بێهیوا مەبە.

## جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

لەلایەنی پیشەییەوە هەندێك ڕێگری دێتە بەردەمت، وا پێویست دەکات نەوەستیت و هەمو هەوڵێکی خۆت بدەیت، ئەگەر سەرکەوتنت بەلاوە گرنگە پێویستە بە چاونەترسانە هەنگاوەکانت بنێیت، تەنانەت کەسە سەرکەوتووەکانیش زیاتر لە چەند جارێك هەوڵیان داوە، تا گەیشتون بە ئامانجەکانیان.

## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئەمڕۆ پێش ئەنجامدانی هەر کارێك گوێ لە ڕادیۆ بگرە، یان ڕۆژنامەیەك بخوێنەرەوە، بۆ ئەوەی ئاگاداری هەواڵەکانی ڕۆژ بیت، گوێگرتن لە میوزیك یارمەتیت دەدات تا کارەکانت باشتر ئەنجام بدەیت، هەوڵ بدە چێژ لە ڕۆژەکەت وەربگریت و بە ئەرێنی بیر بکەرەوە.

## شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ڕۆژێکی پڕ لە ماندوبوونت دەبێت و، وا پێویست دەکات ئەرکەکانت جێبەجێ بکەیت، لە کۆتایی ڕۆژەکەتدا هەوڵ بدە گوێ لە میوزیك بگریت، بۆ ئەوەی کەمێك بحەوێیتەوە، بیرۆکەی ئەوەت هەیە کە گۆڕانکاری لە ژیانتدا ئەنجام بدەیت و، دەتەوێت بگەیت بە لووتکە، پێویستە متمانە بە تواناکانت بکەیت.

## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

کەمێك هەست بە ماندوبون دەکەیت، وا باشترە گرنگی بەخۆت بدەیت، هیچ پیویست ناکات شەرم بکەیت لەوەی لە پێناو ئاسودەییتدا ڕۆژێك پشوو وەربگریت، هەوڵ بدە کەسانی دەوروبەرت لە خۆت ڕازی بکەیت و کێشەیان لەگەڵ دروست مەکە، هێندە غیرە لە خۆشەویستەکەت مەکە چونکە پەیوەندییەکەتان لەناو دەبات.

## یاسا

### مافی بەرگری- (حق الدفاع)



بەرگریکردن مافێکی ڕەوای هەموو کەسێکە بۆپاراستنی کەرامەت و ماڵ و کەسایەتیی خۆی، بۆیە یاسادانەرانی عێراقیش، ئەم لایەنەیان بە گرنگ وەرگرتوە و لە یادیان نەکردووە، بە مەبەستی بەدیهاتنی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانە، بۆیە لە یاسای سزاکانی عێراقی لە ماددەکانی (٤٢ تاکو ٤٦)دا باس لەم بابەتە کراوە، لە ماددەی ٤٢ی یاساکەدا هاتووە: ئەگەر بەرگریکار تاوانێك لە دژی ئەنجام بدرێت و مەترسی بۆسەر گیانی، یان سامانی هەبێت، لەو کاتەی کە تاوانی بەرامبەر دەکرێت، نەتوانێت پەنا بۆدەسەڵات ببات بۆ لابردنی ئەو مەترسییەی کە لە سەریەتی و، بەرگریکار هیچ ئامرازێکی دیکەی لە بەردەستدا نەبێت بۆ لابردنی ئەو مەترسیەی کە دوچاری بۆتەوە، بەرگریکردن لەم حاڵەتانەی سەرەوەدا بە تاوان هەژمار ناکرێت و، هەرکردارێکیش بە تاوان هەژمارنەکرێت سزای لەسەر نییە.



بۆ زانیاریت


## نۆبڵی کیمیاگەری

خەڵاتی نۆبڵ بۆ کیمیا بەخشرایە هەردوو خاتوون «جێنیفەر دۆدنا»ی ئەمریکی و «ئیمانوێل شارپانتیە»ی فەرەنسی، بۆ پەرەپێدانی ڕێگەیەکی جینیۆم کە بە CRISPR/Cas9 ناسراوە، بە هۆی تەکنیکەکەی ئەمانەوە زانایان دەتوانن DNA ئاژەڵ و ڕووەك و زیندەوەرە وردەکان بە وردییەکی زۆرەوە دەستکاری بکەن و، لە شێوازی کارکردنی شتە زیندوەکان وردبنەوە، وا لە ڕووەك و دانەوێڵەکان بکەن کە لە ژینگە سەختەکاندا زیاتر بەرگە بگرن، تەکنیکەیان ئێستا تاقیکردنەوەی لەسەر دەکرێت، بۆئەوەی لە چارەسەرە شێرپەنجەییەکاندا سودی لێ وەربگیرێت، بە ئامانجی ئەوەی بتوانرێت لە داهاتوودا لە نەخۆشییە بۆماوەییەکاندا زۆر بە سادەیی بسڕدرێنەوە، داهێنانی ئەم دوو خانمە تەکنەلۆجیایەی گۆڕینی کۆدی ژیان بە جۆرێکە کە سوودی بۆ مرۆڤایەتی بە گشتی هەیە.



## پەند و وتە

ئەلێکسی ماکسیۆڤیچ پیشکۆف، نووسەری ناوداری ڕووس کە بە ماکسیم گۆرکی ناسراوە، لە ساڵی ١٨٦٨ لە شاری نیژنی لە نۆڤۆگۆرۆد لە وڵاتی ڕووسیا لە دایکبووە، لە ساڵی ١٩٣٦ لە گۆرکی لە ڕووسیا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی مرۆڤبوون دەڵێت: کەسێکی چاك و بە بەزەیی و مرۆڤ بە، کەسانی دەوروبەرت خۆش بوێت، لەگەڵ بێ دەسەڵات و هەژاراندا خۆت بگونجێنە و نەرم بە، لەوانەش خۆشببە کە هەڵە و تاوان بەرامبەرت دەکەن، ئەو کاتە هەست بە مرۆڤبوونی خۆت دەکەیت.



## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا چەند کەسێك لە لای دیوارێکەوە وەستاون، وا دەردەکەوێت کە کەسێکیان بەشی خوارەوەی جەستەی نییە، واتە بەبێ قاچە، کەچی کەسەکەش ساغە، هەوڵ بدە ڕاست و دروستیی فێڵکاریی وێنەگرتنەکە بدۆزیتەوە.

**شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ئەگەر پێویستیان بوو هاوکاریی هاوڕێکانت بکە و، ئامادە باشیی خۆتیان بۆ دووپات بکەرەوە، بە بێ هۆ کەسانی دیکە لە خۆت دوور مەخەرەوە، خۆشەویستیی خۆت بۆ کەسانی دەوروبەرت دەرببڕە، ئەمڕۆ چانسی ئەوەت دەبێت کەسێك ببینیت و بیرۆکەی نوێت دەداتێ، کە دەتوانیت لە ژیانی ڕۆژانەتدا بەکاری بهێنیت.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

ئەمڕۆ ڕۆژێکی گونجاوە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکەت، ئێستا کاتی ئەوەیە پلان دابنێیت و جێبەجێیان بکەیت، ئەمە هەنگاوێکی باش دەبێت بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە ژیانتدا دروست بکەیت، لە لایەنی دەروونییەوە کەمێك هەست بە ماندوبون دەکەیت، بەڵام پشووەرگرتن لە کۆتایی ڕۆژەکەتدا ماندووبوونت ناهێڵێت.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

ئەم چەند ڕۆژە سەخت دەبێت بۆت، بەڵام کاتییە و تێدەپەڕێت، متمانەت بە خۆت هەبێت، لە چەند ڕۆژی داهاتوودا هەندێك کار ئەنجام دەدەیت، کە دەبێتە مایەی شانازیی خێزانەکەت، لە لایەنی سۆزداییەوە بەهۆی گرنگی نەدان بە بەرامبەرەکەت، کەمێك هەست بە تەنیایی دەکەیت.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

ئەمڕۆ سەرنجت لە سەر لایەنی تەندروستیت بێت، هەرگیز کۆڵ مەدە، تەنانەت ئەگەر بکەویت و شکستیش بهێنیت، لە پێناو بەهێزکردنی سیستمی بەرگری لەشت، ئەمڕۆ وا پێویست دەکات هەندێك پشوو وەربگریت، ئەگەر کاتی ئەوەت نەبو ئەوا هەوڵ بدە لەم هەفتەیەدا هەندێك کات بۆ خۆت تەرخان بکەیت.


**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**


دەتەوێت گۆڕانکاری لە ژیانتدا بکەیت و لە ڕۆتین دوور بکەویتەوە، ڕەنگە سەرەتا کەمێك هەست بە بێزاری بکەیت بەڵام دواتر بارودۆخەکە ئاسایی دەبێتەوە،ئەگەر ئێستا زۆرینەی کاتەکانت تە ماڵەوە بەسەر دەبەیت، وا باشترە گرنگی بە خێزانەکەت بدەیت و زیاتر پەیوەندیتان بەهێز بکەن.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

هەموو تواناکانی خۆتت بەکارهێناوە، بۆیە لۆمەی خۆت مەکە لە بەدەستنەهێنانی ئەو شتانەی کە هەوڵیان بۆ دەدەیت و بەدەستیان ناهێنیت، لەلایەنی پیشەییەوە ڕەنگە کەمێك ناکۆکی لە نێوان خۆت و هاوپیشەکانت ڕوو بدات، گرنگە بزانیت چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەیت، باشترە ڕۆژانە سەردانی کەسە نزیکەکانت بکەیت.


## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری
## (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulan-media.com

Gulan Weekly December 20, 2021 Issue,No.1298


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT,
Croporation Computerizing and Implementation of
Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626